
یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا
لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا
مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی
68
ساڵی شەشەم
شوباتی 2014
تاسەی دڵ
ڕۆژی خۆشەویستی!
گوفتارو ڕەفتارت یەکخە!
لەگەڵ هەردی شاعیردا
خەونەکانتان هەڵگرن..
تا دەیهێننە دی!
ئەو منداڵە بێ باوکانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی!


"ئامانجی
بێ پلان
لە خەونێك
زێتر نییە"
(انتوان دوسانت)
RASAN
Group



NO. 68

The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگنامەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی شەشەم - ژمارە 68 - شوباتی 2014

کارگێڕیو بازاڕسازی



5



7



9



15

خاوەنی ئیمتیاز

ئەنجازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

زاهیر زانا — بێگەرد فارس

محەممەد مێرگەیی — وەهاب حەسیب

محمد هاشم محمد — ئەسکەندەر ڕەحیم

گوڵان حەمە ئەمین

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەریو دیزاین

قەیدار ڕەحیم

پشتیوان عبدالرحمن

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی-

نهۆمی سێیەم- نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی پزیشکان -فولکەی مەلیك

مەحمود - نهۆمی زەمینی مۆتێل میلانۆ

٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥ - ٠٧٥٠١٩٥٣٢٣٠

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

خەونەکانتان هەڵگرن.. تا دەیهێننە دی!

هەرگیز دەست لە خەونەکانتان هەڵمەگرن، هەرگیز لێیان پەشیمان مەبنەوە، حەقیقەتەکانی ئەمڕۆ خەونەکانی دوێنێ بوون، بێگومان خەونەکانی ئەمڕۆش حەقیقەتەکانی سبەین!

مەهێڵن هیچ کەسێك، گاڵتە بە خەونەکانتان بکات، یان ببێتە بەربەست لە بەرامبەریدا! لە پێناوی هیچ کەسێکدا، یاخود لە ترسی هیچ کەسێك واز لە خەونەکانتان مەهێنن!

باوەڕی تەواوتان هەبێت بە خەونەکانتان.. ڕۆژێك دەبێت دێتە دیو دەبێتە واقیع، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێوە دەستیان لێ هەڵنەگرنو هەڵیانبگرنو بیانپارێزنو هەوڵبدەن بۆ بەدیهێنانی!

ئەو مرۆڤەی خەونی نییە، بوونی نییە!

گەورەیی مرۆڤەکان پەیوەستە بە گەورەیی خەونەکانیانەوە...

ئایا خەونێکت هەیەو دەتەوێت بەدی بهێنیت؟

ئایا سوری لەسەر بەدیهێنانی خەونەکەت؟

یا خەونەکەت بەلاوە گرنگە؟

ئەو خەونەی تۆ هیچ شوێنەوارێکی لەسەر ژیانو داهاتووی تۆ هەیە؟

دەتوانی خەونەکەت بپارێزیت؟

بۆتە خولیای هەمیشەییت؟

ئەگەر وەڵامەکەت «بەڵێ»یە، ئەوا گوێبیستی ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەبە؛

لە قۆناغی ناوەندیدا مامۆستایەك داوای لە قوتابییەکانی کرد دەقێکی دارشتن بنووسن کە گوزارش لە خەونەکانیان دەکات لە داهاتوودا...!

لە نێو قەتابییەکاندا قوتابیەکی هەژار هەبوو، کە هێندە دەست کورت بوو، پێداویستییەکانی قوتابخانەی بۆ دابین نەدەکرا.

بەڵام خەونی ئەو لە دارشتنەکەیدا گەورە بوو، ئەو خەونی بەوەوە دەبینی کە لە داهاتوودا ببێتە خاوەنی کێلگەیەکی گەورە کە تیایدا جۆرەکانی ئەسپو ماینو ئاژەڵە جۆراوجۆرەکانی تێدابنو ئەو کات پێشبرکێی ئەسپو سوارچاکی ڕێکدەخاتو شتی جۆراوجۆری تایبەت بە خەونەکەی ئەنجام دەدات!

مامۆستاش تەنها سفری بۆ دانا لە تاقیکردنەوەکەداو پێی گوت: تۆ ناتوانی پێداویستییەکانی قوتابخانەت دابین بکەیت، خەونی وەها گەورە دەبینیت!؟

قوتابیەکە دڵی شکا، بەڵام خەونەکەی نەشکا! دواتر مامۆستاکەی بەزەیی پێدا هاتەوەو حەزی نەکرد بکەوێتو پێی گوت:

دەتوانم تاقیکردنەوەکەت بۆ دووبارە بکەمەوە، بەڵام بەو مەرجەی خەونەکەت بگۆڕیت تا نمرەی بەرز بهێنیت!!

بەڵام قوتابیەکە گوتی: سوپاس مامۆستا گیان، تۆ نمرەکانی خۆت هەڵبگرەو بیانپارێزە، منیش خەونەکەی خۆم هەڵدەگرمو دەیانپارێزم.

(احتفظ انت بدرجتك، وانا سأحتفظ بحلمي!)

دوای چەند ساڵێك خەونەکەی هاتەدی، بوو بە خاوەنی گەورەترین کێلگەی ئەسپ لە کالیفۆرنیادا، هەموو خەونەکانی خۆی لە تەمەنی لاویدا هێنایەدیو بوو بە خاوەنی ناوبانگێکی گەورەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپو وڵاخی سواری!

کەواتە خەونەکانت هەڵگرەو بیانپارێزە، هەرگیز لە ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵوێستە سەختو دژوارەکاندا، خۆ بە دەستەوە مەدە!

خەونەکەت بپارێزە، لەگەڵیدا بژی وەکو حەقیقەت
تا ئەو ڕۆژەی بە ڕاستی بەرجەستە دەبێتو دەبێتە واقیع.



كارگێڕی بە گوفتار

ئەو کەسەی کردەوەکانی وەکو قسەکانی نەبوو
ئەوە تەنها سەرزەنشتی خۆی دەکات.

نیبن مەسعود

کوڕی دانا باوکی دڵخۆش دەکات
کوڕی نەزانیش دایکی خەمبار دەکات.

سەلمانی حەکیم

گوێڕایەڵی کەسانی سەرو خۆت بکە
کەسانی لە خوار خۆتەوە گوێڕایەڵت دەبن.

ئەبرویز

هیچ شتێك بە ئەندازەی داوێنپاکیو ڕەوشتی جوان
پلەو پایەی مرۆڤ بەرزناکاتەوە.

ئەدیسون

ئەو کەسەی کارەکەی خۆی خۆشدەوێت،
لە یاریکردن زیاتر چێژی لێدەبینێت.

پەندێکی ئینگلیزی

ئەگەر بیروڕاکان زۆربوون
کردەوەکان کەم دەبنەوە.

بیلیوس



پەلە مەكە
تا هەمیشە بەیەكەوە بین!

دەگێڕنەوە دایكانەو باوكانەی دووكۆتر پێكەوە هێلانەكەیان پڕ لە گەنمو جۆ كرد.

باوكانەكە بە دایكانەكەی گوت: ئەگەر لە دەشتو دەر شتێكمان پەیداكرد، ئەوا دەستكاری ئەم دانەوێڵەیە ناكەین، تا ئەو كاتەی زستان دێتو هیچ بە دەرەوە نامێنێت، ئەوسا ئەوە دەخۆین كە پاشەكەوتمان كردووە!

دایكانەكەش بەوە ڕازیبوو، گوتی: باشترین بۆچوونەو زۆرم پێخۆشە!

ئەو كاتەی كە دانەوێڵەكەیان پاشەكەوت كرد، دانەوێڵە تەڕو پاراو بوو، بەڵام كە هاوین هات گەنمو جۆ وشكبوونەوەو قەبارەیان بچوكبووەوە!

كۆترە باوكانەكە بۆ ماوەیەك هێلانەی بەجێهێشتو دوای ماوەیەكی زۆر گەڕایەوە هێلانەكەی خۆی، بەڵام كاتێك بینی وا دانەوێڵەكە كەمی كردووە، زۆر توڕەبوو، بە كۆترە دایكانەكەی گوت: ئێمە لەسەر ئەوە ڕێنەكەوتین كە تا زستانێ لەم دانەوێڵەیە نەخۆینو دەنووكی بۆ نەبەین، ئەی بۆچی تۆ لێت خواردووە؟

دایكانەكە زۆر پاڕایەوەو بەردەوام سوێندی بۆ دەخوارد كە ئەو هیچی لێ نەخواردووەو دەنووكی بۆ نەبردووە، بەڵام ئەو باوەڕی پێنەكردو بە دەنووك كەوتە گیانی تا كوشتی!!

پاش ئەوەی زستان هاتو بارانباریو هێلانە شێی هەڵهێنا، دووبارە گەنمو جۆ گەڕانەوە قەبارەی خۆیانو هێلانەكە پڕبووەوە لە دانەوێڵە!

كاتێك ئەمەی بینی، ڕاستی بۆ ڕوونبوەوەو زانی كە دایكانەكە ڕاستی دەكرد!

بەڵام پاش چی؟ پاش ئەوەی هاودەمی ژیانی لە دەستدا!؟

بە خەمباری لە هێلانەكەدا ڕاكشاو گوتی: من ئیدی دانەوێڵەم بۆ چییە؟ بێ تۆ ژیانم ناوێت، هێندە خەمو پەژارە دایگرت تا لە دواییدا لە مەراقدا ئەویش گیانی سپارد!

لەم چیرۆكەوە فێردەبین:

١- پەلەكردن لە كرداردا ڕووداوی جەرگبڕو لە گوفتاردا وتەی ئاگرینی لێ پەیدا دەبێت.

٢- بڕیاردان بەپەلەو بێ زانیاریو هەڵسەنگاندن، پەشیمانی لەدوایە.

٣- لە كاتی پەلەكردنو هەڵچووندا، زۆرجار ستەم لە بەرامبەر دەكەیتو لە داهاتوشدا ئەگەر هەڵەی خۆشت بۆ دەركەوت زۆرجار ناتوانی چارەسەری بكەیت!

٤- زۆرجار بە پەلەكردنی تۆ، گیانی مرۆڤێك، یان ژیانو گوزەرانی دەكەوێتە مەترسییەوە!

٥- پەلەكردن لە پرسە گرنگەكاندا، زۆرجار دەبێتە هۆی لە دەستدانی كەسانی زۆر گرنگ.

٦- با پەلە نەكەین، بە هێمنی لە هەڵەكان بكۆڵینەوە، تا خۆشەویستانی خۆمان نەكەینە قوربانی هەڵەكانی خۆمان، لە كاتێكدا وادەزانین سزای ئەوان دەدەین!

٧- بەردەوامبوونی خۆشەویستیو هاودەمی، ئارامیو لێبوردنو یەكتر قبوڵكردنی دەوێت، هاوڕێ دڵسۆزەكانمان بە ئاسانی نەبوون بە هاودەممان، تا ئێمەش بە ئاسانی لە دەستیان بدەین!!

تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

سەرکردەی لێهاتوو سەرکەوتوو..
ئەو کەسەیە کە خۆی لەسەرو
شوێنکەوتووەکانییەوە نابینێت. لەگەڵ
ئەوەشدا هەموو بەرپرسیارێتییەکان
دەخاتە ئەستۆی خۆی.

جولیس نورمونت

ئەگەر چەکوش تەنها ئامێری
دەستت بوو، ئەوا مامەڵە
لەگەڵ هەموو شتەکاندا وەکو
بزمار دەکەیت.

ابراهام ماسلو

سەرکردەکان لە دایك نابن، بەڵکو
بەکارکردنی بەردەوامو کۆڵنەدان دەگەن بەو
پلەوپایەیە، کەواتە ئەگەر ویستمان بگەین بە
پلەو پایەی سەرکردەکان، پێویستە ئەو کارانە
ئەنجام بدەین، کە ئەوان ئەنجامیان داوە..

فینس لومباردی

کاتێك داوای پلەو پایەیەك
دەکەیت، پێویستە لە ئاستی
بەرپرسیارێتیدا بیت..

نورمان شوارزکوف

دەبێت سەرکردە گوێ بۆ
داواکاریو پێویستییەکانی
شوێنکەوتووانی بگرێت.

ودرو ویلسن

من باوەڕم بە باردودۆخ نییە،
هەموو ئەو کەسانەی لەم ژیانەدا
پێشکەوتوون، ئەوانەن کە بەیانیان
لەخەو هەڵساون، بۆ گەڕان بە دوای
ئەو بارودۆخەدا کە پێوستیانە.

جورج برناردشو



زاراوەی کارگێڕی

وەهاب حەسیب محەممەد

ئیمتیاز(الإمتیاز): وشـەی ئیمتیاز بە مۆڵەتێکی تایبەت، یان ڕێگەپێدان بە بەکارهێنانی بەشـێك لە کەرتی گشتی، یان کەرتی تایبەت دەگوترێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ڕێگە پێدانەکە لەلایەن دەوڵەت، یان کۆمپانیایەکەوە دەبێت بەرامبەر بە بڕێکی دیاریکراو لەدراو، بڕە دیاریکراوەکە بەشـێوەی کرێی ساڵانە، یان ڕێژەیەکی دیاریکـراو لـە قازانج دەبێـت، هەروەها ئازادی بـە ڕێگە پێدراو بدرێت بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ سـوود لەو ئیمتیازە وەربگرێت، بە دەستکەوتی قازانجو لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکان، بە نموونە حکومـەت ئیمتیاز دەدات بە کۆمپانیایـەك بۆ گەڕانو دەرهێنانی نـەوت لە خاکەکەیدا، لێـرەدا دەوڵەت (خاوەن ئیمتیازەکە) مافی ئـەوەی هەیە چاودێری بەسـەر کۆمپانیاکەوە بکات لە بەندەکانی گرێبەستەکەدا (بە مەبەستی بەدیهێنانی بڕگەکانی گرێبەستەکەو تەواوکردنی گرێبەسـتەکە (لە بازرگانیدا، مافی ئیمتیاز ئاماژەیە بـۆ ڕێکەوتنێك لە نێـوان بازرگانی کۆفرۆشو تاك فرۆشـدا، بە شـێوەیەك بازرگانی کۆفرۆش ڕێگە دەدات بە بازرگانی تاك فرۆش هەڵسوکەوت بە بەرهەمەکانییەوە بکات بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنەی لـە نێوانیاندا هەیە، هەروەها ئیمتیاز بـە مافێك دەگوترێت کە دەوڵـەت، یان کۆمپانیایەك دەیدات بە کەسـێك کـە کارێك تەواو بکات کەڵکی گشـتی هەبێت، یان سروشـتی کارەکە کاری گشـتی بێـت، وەك کۆمپانیایـەك تەنها ڕێگـە بەبارهەڵگرەکانی بدات لە شەقامەکانی شارێکدا، یان هەرێمێکی دیاریکراودا کاربکەن.

فەرمان (أمر): لە زمانەوانیدا، فەرمان زیاد لە واتایەکی هەیە لەوانـە: داواکاری (وقضی الامر)، بە واتای خاوەن فەرمانیش دێت وەك: سەرکردەو زاناکان، ئەمر:- واتای پابەندبوونیش دەگەیەنێت، نموونـەی فەرمانێك قازی دەریدەکاتو ئەوانەی فەرمانەکەیان بۆ دەردەکرێت پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی فەرمانەکەبن..

وەك دەسـتەواژە، فەرمـان لـە کارگێڕیـدا بریتییـە لـە: داواکارییەك لەلایەن سـەرۆکەوە دەردەکرێتو بەردەست پێویستە پابەنـدی بێـت، یان فەرمانێکە ئاسـتێکی کارگێڕی بۆ ئاسـتێکی نزمتر دەریدەکات، فەرمان دەشـێت بە شێوەی زارەکی، نوسراو، ڕاشـکاوانەو شـاراوە بێـت، جێبەجێکردنی لە ئێسـتادا، یان لە داهاتوودا دەبێت، بە هەمان شێوە فەرمانی جێبەجێکاریش هەیە، هۆکارێکـی پەیوەندیکردنـە، دەرکردنـی فەرمان بە مەبەسـتی ئاڕاسـتەکردن، ڕێنمایـیو ئامۆژگارییە، کە پەیوەسـتە بە پلانو جێبەجێکردنی کارەوەو جێبەجێکردنی لەسەر هاوکاران پێویستە، چەنـد بنەمایەکی گرنگ هەیـە کە دەرکردنی فەرمانی لەسـەر ڕێکدەخرێت لەوانە:

١- پێویسـتە فەرمـان لـە ڕووی لۆژیـکو جێبەجێکردنەوە گونجـاو بێت، واتـە زیاد لە توانای ئەو کەسو لایەنانە نەبێت کە فەرمانەکەیان بۆ دەردەکرێت.

٢- دەبێت فەرمان ئاشکراو دیار بێت، واتە ماوەی ڕاڤەکردنی نەبێت.

٣- پێویسـاتە فەرمـان کورتو پوخت بێـت، واتە لەگەڵ ئەو دۆخەی بڕیارەکەی بۆ دەردەکرێت گونجاو بێت.

٤- ئـەو کـەسو لایەنـەی بڕیارەکـە دەردەکـەن، پێویسـتە خۆپارێزبن لە گەورەییو ڕەونەقی دەسەڵات، واتە شێوازو ناواخنی فەرمانەکە ئاسانکاریو خۆشەویستی تیادا بەدی بکرێت.

٥- باشتروایە فەرمانەکە شێوازی پێشنیار، یان ئاڕاستەکردنی پێـوە دیـار بێـت تـا باشـتر جێبەجێبکرێـت، بـە نموونە بە دەستەواژەی (بیرۆکەیەکی جوانە ئەگەر بەو شێوەیە کاربکەین...)، هەروەهـا بەکارهێنانی وشـەی (ئێمە) ئاماژەیەکی شـاراوەیە بۆ بەشدارپێکردنی هاوکاران.

٦- کارێکـی گونجاوە ئەگەر بەڕێوەبەر مەبەسـتی دەرکردنی فەرمانەکە بۆ هاوکارانی شیکار بکات.

ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی



500 بیرۆکەی قەشەنگ

بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێك...

٤٤٤- کەرەستەی تەوالێت:

کەرەستەی تەوالێت بۆ سەفەر ئەوەندە ببە لە ماوەی سەفەرەکەتدا بەکاریبهێنیت، لەوە کەمتر نا، تا پەکت نەکەوێ بۆ شامپۆ، یان سابون، لەوەش زیاتر نا، بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژی سەفەرەکەتدا هەمووی تەواو بێتو لە جانتاکەتدا جێگا بۆ ئەو شتانە پەیدا بێت کە تازە دەیانکرپیت.

٤٤٥- جلوبەرگ لە کاتی سەفەردا:

کاتێ جلو بەرگ بۆ سەفەر دەپێچیتەوە تێبینی ئەوەبکە کە هەموو شت گونجاو بێت لەگەڵ هەموو شت، ڕەنگێك، یان دوان هەڵبژێرە، چەند ئەو جلانە هەڵبژێریت کە ڕەنگی ڕەشو سپییان هەیە، هەڵبژاردنەکەت چاکترە، ئەمەش لەگەڵ هەموو ڕەنگەکانی تردا هەماهەنگنو لەگەڵ شەوو ڕۆژیشدا دەگونجێت، ڕەش بۆ مانگە ساردەکانو ڕەنگی سپیش لەگەڵ مانگو ناوچە گەرمەکاندا گونجاوە، ئەگەر ویستت ڕەنگێکی تریش بۆ یەدەك هەڵبژێرە.

٤٤٦- چوارگۆشە لە بازنە باشترە:

کاتێك جلوبەرگی سەفەر دەپێچیتەوە، کۆشش بکە لە ناو کارتۆنی چوارگۆشەدا دایانبنێیت، چونکە لەناو جانتادا چاکتر جێگایان دەبێتەوە بە پێچەوانەی بنکە بازنەییەوە کە شوێنێکی بۆشی زۆر لە جانتاکەدا بەفیرۆ دەدات، قوتوە خڕ(بازنەییەکان) لە ناو کارتۆنی بنکە چوارگۆشەدا دابنێو جانتاکەت بە تەواوی پڕبکەو ڕێگا مەدە هیچ شوێنێك بە چۆڵی بمێنێتەوە کارتۆنی چوارگۆشە تەرتیبکردنی لە بازنەییەکان ئاسانترە.

٤٤٧- پاكو ڕێكو پێك:

کۆشش بکە لە کاتی پێچانەوەی جانتاکانتا شوێنی بەتاڵ لە جانتاکەدا نەمێنێتەوە، گۆرەوییەکانت لەناو پێلاوەکانتا دابنێ، پیلاوەکانیش بخەرە بنی جانتاکەوە، بەمەش ئەگەری چرچ بوونی جلوبەرگەکانت کەمتر دەبێتەوە، پێلاوەکانیش بخەرە ناو کیسی نایلۆنەوە تا بەر جلەکانت نەکەوێت، چاکتریش وایە ئەو جلو بەرگانەی بۆ شۆردنت داناون بخرێتە کیسی نایلۆنەوە تا جانتاکە بە پاكو خاوێنیو ڕێكو پێکی بمێنێتەوە.

٤٤٨- گۆڕانکارییەکی خێرا:

ڕۆژێك پێش سەفەر جەخت لەسەر ئەوە بکەرەوە کە هێڵی مۆبایلەکەت رومینگ کردووەو پارەی پێویستت گۆڕیوەتەوە، کۆشش بکە پارەت بە بڕی جۆراوجۆر پێبێت وەك: ١٠$، ٢٠$، ٥$. ئەگەر ئەمەت بیرچوو پێش سەفەر، لەگەڵ گەیشتنت بە وڵاتی دووەم ئەنجامی بدە.

٤٤٩- یەك جانتا:

ئەگەر ترست لە جانتاکانت هەبوو، ئەوا هەموو پێداویستییەکانت لە یەك جانتادا ڕێکبخەو لە ژێر کورسییەکەتدا لە ناو فڕۆکەکەدا دایبنێ، ڕەنگە ئەو جانتایە جلوبەرگەکانتی تێدابێت، بۆیە لەگەڵ خۆت لە ناو فڕۆکەکەتدا دایبنێ نەوەك پێویستیە تایبەتەکانی خۆت لە دەست بدەیت، بەمە خۆت ڕزگار دەکەیت لە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی جانتاکەت لە کۆتایی گەشتەکەدا.

٤٥٠- هەموو شت بزربووە:

هەرچیت پێیە ئەژماریان بکە، لە جانتاو کەلوپەل، ئەگەر پاڵتۆ، یان کامێرایەکیش بێت (لە دەرەوەی جانتاکان)، لەگەڵ هەموو دابەزینو سەرکەوتنەوەیەکدا ئەم کارە ئەنجام بدە، تا دەگەیتە شوێنی خۆت.

٤٥١- سواربوونی تەکسی:

لە تەکسی، یان پاصی ناو شاردا شتەکانت لەناو تەکسییەکەدا دامەنێ، هەرچیت پێیە بە پشتێنەیەکی چەرم بیئاڵێنە بە قۆڵتا (جانتای کتێب، چەتر، وردە شتێك کە کڕیوتە) هەرچیشت مایەوە لەسەر ڕانت داینێ، بەمەش هیچت بیرناچێت.



بەڕێوەبردنی قەیران چییە؟

عەلی عەبدوڵا ئەحمەد

خەسڵەتو ئەرکەکانی:

بە پرۆسەی پێشبینیکردنو ڕێگەگرتن لە ڕوودانی قەیران، کاردانەوەو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیداو چاکسازی دوای ڕوودانی قەیران، پێی دەگوترێت بەڕێوەبردنی قەیران.

بەڕێوەبردن چییە؟

خاوەن ڕاو شارەزایەك، بەڕێوەبردن بە هونەری ئەنجامدانی کارەکان بە ڕێگەی کەسانی ترەوە وەسف دەکاتو جەخت لە سەر ڕۆڵو کاریگەری ئەو کەسانەو پەسەندکردنی ئامانجی گشتی لە لایەن ئەوانەوە کردۆتەوە.

گروپێکی دیکە بەڕێوەبردن لە چوارچێوەی ئەنجامدانو هەڵسان بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ئەرکی وەك پلاندانانو ڕێکخستنو هەماهەنگیو چاودێری سەیری دەکەن، هەندێکی دیکەش بەمشێوەیە پێناسەی دەکەن:- بەڕێوەبردن زانستو هونەری یەکخستنو هەماهەنگکردنو ڕابەرایەتیو کۆنترۆڵکردنی چالاکییە جەماوەرییەکانە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خوازراوانەی پلانی بۆ دانراوە.

کۆمەڵێکی تریش دەڵێن: بەڕێوەبردن بریتییە لە زیاترینو بەرزترین سوودوەرگرتنی داواکراوو پلان بۆ دانراو لە سەرچاوەکانی بەردەست وەك (هێزی کار، توانا مادییەکانو فیزیکییەکان)دا، لە ڕێگەی پابەندبوون بە بنەماکان، یان سیستەمی بەڕێوەبردندا (پلان، ڕێکخستنو هەماهەنگی، ڕێنماییکردن، ڕابەرایەتی کردنو ...چاودێریو کۆنترۆڵکردن)، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوو تایبەت.

قەیران چییە؟

لە ڕاستیدا قەیران لە دایکبووی فشارو گوشارێکی ڕەوانیو کۆمەڵایەتی گەورەو تایبەتە کە هۆکاری تێکشکانی نەخشەو خەونی ڕۆژانەو پێش بینییە ئاساییەکانی ژیانو کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. بە زیانە گیانیو داراییەکان، هەڕەشەکان، مەترسییەکان پێداویستی زۆرو تازە دێنێتە کایەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانرێ قەیران بەمشێوەیە پێناسە بکرێت:

ڕووداوێکە بە شێوەیەکی سروشتی، یاخود لە ڕێگەی مرۆڤ بە شێوەیەکی کتو پڕ، یان بە شێوەی کەڵەکەبوون بەسەر یەك پێکدێتو سەختیو ناخۆشییەك بخاتە بەردەم کۆمەڵگا، کە بۆ چارەسەرکردنو دۆزینەوەی ڕێگە چارەو نەهێشتنیو لابردنی لە سەر ڕێگەمان پێویستیمان بە کاری گرانو پێویستو بنەڕەتیو بنچینەیی ببێت.

بەشی یەکەم

کاریگەریو تایبەتمەندییەکانی قەیران:-

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ کاریگەریو تایبەتمەندییەکانی قەیران بەم بەشانەی خوارەوە دابەش بکرێت:-

ئاستی جیهانی: ئاستی (نیشتمانی - نەتەوەیی).

١- ڕووداوە سروشتییەکان دوو جۆرە:- أ- ڕووداوە لە ناکاوەکان (لافاو، بومەلەرزە، باو زریانی بەهێز، بورکان..)

ب- ڕووداوە درێژخایەنەکان: (ئێپیدێمی، وشکەساڵی، قاتی).

٢- ڕووداوە ناسروشتییەکان (دروستکراوی دەستی مرۆڤ - یاخود بە هۆی مرۆڤەوە):

جۆرەکانی ڕووداوو قەیرانەکان:

١- لەناکاو: ڕووداوەکانی بیناسازی، هاتووچۆ، تەقینەوەکان، ئاگرکەوتنەوە.

٢- درێژخایەن: پێکدادانو شەڕی ناوخۆو شڵەژانی کۆمەڵایەتیو جەنگ.

خەسڵەتەکانی قەیران:

١- بە گشتی قەیران پێشبینی ناکرێت (واتە ناتوانرێ پێشبینی بکەی کە کەیو لە کوێ ڕوو دەدات).

٢- قەیرانەکان کاریگەری وێرانکارییانەیان هەیەو ئەو خەڵکەی کە تاکو بەر لە قەیران پێویستیان بە یارمەتی نەبوو، هەر لەگەڵ ڕوودانی قەیراندا پێویستییان پێی دەبێت.

٣- قەیران ماناو بوونو کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە.

٤- لە دۆخێکی قەیراناویدا زۆربەی کات بڕیاردان لە ژێر هەلو مەرجێکی دژوارو لە کاتێکی دیاریکراوو بەرتەسکدا دەبێو زانیارییەکانی بڕیاردەرانو بەرپرسان لێی کەمو کوڕی زۆری تێدایەو تەواو نییە.

٥- کاتی لە بەردەست بۆ وەڵامدانەوە بەر لە گواستنەوەی بڕیارەکە سنووردار دەکرێتو ئەندامانی یەکەی بڕیاردانو لیژنە تایبەتییەکان دووچاری سەرسوڕمان دەکات.

٦- سنوورداربوونو کەمی کات، تێکەوتنی کتوپڕ، ئیسترێسو ناڕوونیو شێواوی لە زانیارییو بەربڵاوی داتاکان.

سەرچاوە: www.egtesadgar.com

دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت)سازیو (زانست)سازیی لە کوردستاندا



مامۆستا فازیل شەورۆ | بەشی سێیەم



ڕووە خراپەکانی وانەی تایبەت: لە ژمارەی پێشودا باسمان لە ڕووە خراپەکانـــی وانەی تایبەت کرد، لەســـەر خودی خوێندکارو خوێندنگـــەو خوێندکارانـــی پـــۆل، لـــەم ژمارەیەدا بـــاس لە ڕووە خراپەکانی وانەی تایبەت دەکەین، لەسەر خودی مامۆستای وانەی تایبەت:

کاریگەری لەسەر خودی مامۆستای دەرسی خسوسی:

لەم ژمارەیەدا قســـە لەسەر مامۆستای وانەی تایبەت دەکەین، بزانین ئەو چ جۆرە مووعاناتێکی هەیە، خۆ ئەویش هەروەك ئێمە ئادەمیزادەو هەموو دەوروبەر کاریگەیی خۆیان بەسەریەوە هەیە.

من لێرەدا، ئاماژە بە مووعاناتی مامۆســـتای کوردستان دەکەم (لە شـــوێنێکی تر دێمەوە ســـەر وڵاتانی دیکە)، لـــە بەرامبەر ئەو مزەو حەقدەســـتەی کە دەستی دەکەوێت، ئەو کۆمەڵێك قوربانیو خەسارەتیش دەدات:

ماندووبوونی مێشـــكو جەســـتە، لە ئاکامی وانە وتنەوەیەکی زۆرو بەردەوامو بێ پشوو حەسانەوە، ئازاری دەروونیو جەستەیی لێدەکەوێتـــەوە، لـــە پێـــش هەموویـــان، خوێندکارەکانـــی ئـــەو خوێندنگەیەی کە خۆی تێیدا مامۆســـتایە، زەرەرمەندی گەورەن، چونکـــە کاتێـــك مامۆســـتا دوای چەندین وانە وتنـــەوەی یەك لە دوای یەكو بە بێ پسانەوەی ڕۆژو شەو، دەچێتە پۆلەوە شەکەتو ماندووە، ناتوانێت بە گەرمو گوڕیو حەماسەتەوە دەرسەکە بڵێتەوە. هەمیشە خوێندکارەکان هەســـت بە جیاوازی نێوان مامۆستای بێ وانەی تایبەتو مامۆســـتای ماندووی وانەی تایبەت دەکەن. خودی مامۆســـتای وانەی تایبەت دەرك بەوە دەکات، هەرچەندە بەســـەر خۆشی نەهێنێت، دەروونی ئازاری دەدات.

وانە وتنەوە، چالاکییەکی هەمە لایەنەی (مێشـــكو جەستە)ی پڕ زەحمەتو ژانو برکە، ئەوانەی هەرگیز دەرسیان نەگووتۆتەوە دەرك بەمـــە ناکـــەن، ئەوە مامۆســـتایە کە بە درێژایـــی وانەکەی (مێشـــكو زهنی) بەبێ ڕاوەستان کار دەکات (لە کاتێکدا فیتەرێك دەتوانێ کارەکەی خۆی ئەنجام بدات، بەبێئەوەی بیری لێبکاتەوە، دەتوانـــێ لـــە کاتـــی توندکردنـــی بوورغییەکـــدا، گۆرانـــی بڵێتو بنێشـــتیش بجوێتو گوێ لە گۆرانی ڕاگرێو خۆشـــی بۆ بجوڵێنێو قســـانیش بکاتو...). لە هەر خولەکێکدا بیلبیلەی چاوی مامۆســـتا بە ڕێژەی ســـەدو بیســـت جار گەورەو بچـــووك دەبێتەوە. لە هەر ڕســـتەیەکی ئاخاوتنی دا، پتر لە سێ ســـەد ماسوولکەو دەمار کار دەکەن. ژێیەکانی گەرووی شەش هێندەی کەسانی ئاسایی ماندوون. بە درێژایی کاتی وانە وتنەوەی، ڕێژەی ترپەی دڵی زۆرترە لە هی ئاســـایی. جووڵەی زمانی لە جوڵەی زمانی هەموو پیشـــەوەرەکانی تر زێترە. ژانی قاچو پشـــتی بەقەد سەرتاشو شۆفێرەکانە. ڕێژەی ئـــەو تەپو تـــۆزەی ڕۆژانە دەچێتـــە ســـییەکانییەوە، بە قەد هی گەسکدەرێکی شەقامەکانە!

لێکۆڵینەوە زانستییەکانی تاقیگەکان، ئەوەیان سەلماندووە، کە مامۆســـتا ڕۆژانە هەر دەتوانێت ســـێ، یان چـــوار وانەی پووختو بەســـوودو کاریگەر بڵێتەوە، ئەویش لە کاتو شوێنێکدا، کە هەموو پێویســـتییەکانی پۆلو خوێندکارو مامۆستا ئامادەو تەیار کرابن-

كــە ئەمــەش لای ئێمەومانان زۆر كەم بەردەســت دەبێت، كەواتە دەرئەنجامی ئەم كارە، خراپی ڕەوشــی تەندروســتی مامۆســتایە، ئەوسا ئــەم خراپییە هەنووكەیی بێت، یان دوای چەند ســاڵێكی تر ســەری لێهەڵبداتەوە. لە ســەر شــێوەی نەخۆشی پشت ئێشەو شــەكرەو گورچیلەو تەوژمیخوێنو هەوكردنی سییەكانو ئاوسانی قاچو.. هتد.

ئــەو مامۆستایانەی وانــەی زۆریــان هەیەو تا درەنگانی شــەو سەرقاڵی وانە وتنەوەن، دووچاری گۆشەگیری خێزانیو خزمو دۆستو برادەران دەبن. بێ ئاگا لە منداڵەكانیانو خێزانو دۆستو كەسوكار، كاردانەوی نێگەتیڤی دوو لایەنەی هەیە لەسەر هەردوو لایەندا.

لــە زۆربــەی ماڵی خوێنــدكاردا، هەر دوو ســێ ڕۆژێ یەكەم، بەپیرەوەهاتــنو بە خێرهاتــنو چاوو قاوە حزوریــان هەیە، تا وانــەكان دوورودرێژ تر بنەوە، ئەوا گەرموگووڕی پێشــوازییەكە، بەرەو خوارەوە دادەبەزێ، مامۆستاكان خۆیان هەست بەوە دەكەن، بەڵام هەوڵدەدەن بە شتێكی ئاسایی وەرگرن.

هەنــدێ لە خوێندكارەكان، زۆر بەنازوفیزەوە، ئەمرو فەرمان بەســەر ســەری مامۆســتاكەیاندا دەكــەن، زۆر ئاســاییە كە یەك كاتژمێــر بەر لــە كاتی ژووانی وانەكە، پەیوەنــدی بكاتو كاتەكە بگۆڕێ. واتە زۆر جار مامۆستا هەست دەكات كە ئەو لەبەر دەستی خوێندكارەكەدایــەو زۆر ئازاد نییە لــە هەڵسوكەوتی دا. ئەویش ئازاری دەروونی هەیە.

هەســتكردن بە جــۆرە ئیحراجییەك، لە كاتــی دەرنەچوونی خوێندكارەكە، باری دەروونی مامۆســتا دەشــڵەژێنێو وا هەســت دەكات باوانــی خوێندكارەكە سەرزەنشــتی دەكەنو ڕەنجەكەی بە خەسار چووە، كە ئەم هەستكردنەیش شتێكی خۆش نییە.

ئەگەر لە لای ئێمەوماناندا، تەنیا بابەتە زانستییە قورسەكانی وەكــو فیزیكو كیمیــاو زیندەوەرزانو ماتماتیــكو هێندێ بابەتی وێژەیی وەك، ڕێزمانو ئەدەبو زمانەكان، مامۆســتای تایبەتی بۆ بگیرێ، ئەوا لە ڕۆژئاواو وڵاتە پێشكەوتووەكاندا، بەدەگمەن بوارێك لە زانســتو هونــەرو وەرزشو ژینگەدا دەدۆزیتەوە، مامۆســتای وانــەی تایبەتی خــۆی نەبێت. لە وانە زانســتیو ئەدەبییەكانەوە بیگــرە تــا دەگاتە چێشــتلێنانو منــداڵ خاوێنكردنەوەو شــیری مەمكــی دایكو بــاخ خزمەتكردنو دیكۆردی ناو ماڵو ئارایشــتو پەروەردەكردنی سەگو پشیلەو پاكراگرتنی ژینگەو چاككردنەوەی كۆمپیوتەرو دیزاینی پرۆگرامو جل دوورینو وانەی شەوی پەردەی بووكو زاواو وانەی هاوســەرگیریو مانگی هەنگوینیو مەلەوانیو ئەسپسواریو هەرچی جــۆرە وەرزش هەیە، مامۆســتای تایبەتی خۆی هەیە- بۆ نموونە مامۆستای تایبەتی غارغارانیو مامۆستای تایبەتی ڕمبازی، تەقلەلێدانو..... هتد.

- هەرچــی ئامێــری مۆزیك هەیە، مامۆســتای تایبەتی هەیە -وەك مامۆستای گیتارژەن، فلووتلێدەر، یان جازو دەفو دەهۆڵ.....، هەرچی ســەمای ئــەو دونیای هەیە، مامۆســتای خسوســی خۆی هەیە- تەنانەت كچە ئینگلیزەكان مامۆســتای سەمای ڕۆژهەڵاتین، وەك ســەمای عەرەبــی، یان توركی، یان فارســی، یان ســەماكانی وڵاتانــی بەرازیــلو پیــرۆو ئەرجەنتیــن...... هەموو پیشــەكان، مامۆستای خسوسیان هەیە، لە پەیكەرتاشیەوە بیگرە تا دارتاشیو ئاســنگەریو فیتەری، تەنانەت وانەی تایبەتی بۆ خاوەن پرســەو تازیەدارەكانیش هەیە، كە فێریان دەكەن چۆن دوای لە دەستدانی ئازیزێــك بتوانن ژیانی ئاســایی خۆیان بەســەربەرن. وەك گوتم زەحمەتە شــتێك هەبێ تۆ بتەوێت لە ڕێگای مامۆســتای تایبەت فێری بیت، مامۆستای نەبێ. ئەوەشتان لە بیر نەچێ لەو وڵاتانەدا گەسكلێدەری شــەقامەكانیش بروانامەو مەشقو ڕاهێنانیان هەیە. بۆیــە ناچارن كە دەرس لەو بــوارەدا بخوێنن كە دەیانەوێ بیكەن بە پیشەی خۆیان.

لەبەرئــەوەی ناوەرۆكــی بابەتەكــەم، وانــەی تایبەتــی خوێندكارەكانەو پەیوەســتە بە پــەروەردەو فێركردنەوە، لە مەڕ ئەم مەســەلەیە هەڵوەســتەیەك دەكەم، كە پووختــەی جیاوازیی ئەوانو ئێمەی تێدا دەستنیشان دەكەم:

لــە ڕۆژ ئــاواو وڵاتە پێشكەوتووەكانی وەكو ژاپــۆنو كۆریاو مالیزیادا، وانەی تایبەت لە چەند ڕەهەندێكی بچوكو تایبەتمەندو دیاریكراودا ڕۆڵی هەیە، ئەویش بەستراوەتەوە بە ئامانجی ئەو شتەی كە مەبەستیانە بەدەستیبێنن. واتە ئەوان وانەی تایبەت وەردەگرن تا شتێك بە كرداری فێربنو لە ژیانی زانستی، یان پیشەیی خۆیاندا پراكتیــزەی بكەن. بە دەگمــەن خوێندكارێك هەیە، لە ســەرەتای ســاڵەوە تا كۆتایی ساڵ وانەی تایبەت لە بابەتێكدا وەرگرێ. دایكو باوكی خوێندكار، چەند دەرســێك بۆ منداڵەكەی دەستەبەر دەكات، هەر بــۆ ئەوەی یارمەتــی وەربگرێ لە تێگەیشــتنی بەندێك، یان دوو بەنــد لە كتێبێكدا، یــان قەرەبووكردنەوەی ئــەو وانانەی لە بەر هۆیەك لە دەســتی چووە، یان تەنیا بۆ خۆ ئامادەكردنی یەك ئەزمــوون. بەڵام دابینكردنی چەند مامۆســتایەكو بۆ ســەرجەم بابەتەكانو بەدرێژایی ساڵ، زۆر زۆر دەگمەنە، (لە خوێندنگەیەكی ئامادەیی چوار ســەد قوتابی، لە شــاری دبلن- پایتەختی ئێرلەندا – دا لە ســاڵی ٢٠٠٩ تەنیا دوانزدە خوێندكار مامۆستای تایبەتیان، لــە بواری ماتماتیكو فیزیكو كیمیا، گرتبوو بۆ چەند هەفتەیەك. بەڵام زێتر لە دووســەدو پەنجا خوێندكار مامۆستای تایبەتیان بۆ فێربوونــی ئامێرەكانی مۆزیكو گەمەكانی وەرزشو ئەسپســواریو وێنەكێشــانو فۆتۆگرتــن..... گرتبوو.). بە كورتــی وانەی تایبەتی لە لای ئەوان، چالاكییەكــی كورتخایەنی ئامانج دیاریكراوەو دەبێ كاردانەوەی باشو ڕەچاولێكراویشی هەبێت.

لەبەرئــەوەی پەیوەندییــە كۆمەڵایەتییەكانــی خەڵكــی ڕۆژئــاوا، زۆر تێكهەڵكێــشو توندو توڵ نییــە، وەك لای خۆمان، باوانــی خوێنــدكار مامۆســتای تایبەت ناناســێ وەك لای خۆمان، تــا پەیوەندی پێوە بــكاتو بیهێنێتە ماڵەوە، بۆیە لە شــارەكاندا چەندەهــا نووســینگەی مامۆســتایانی وانــەی تایبــەت هەیــە (ناونیشانو پەیوەندییان لە ڕۆژنامەو ڕیكلامو ئینتەرنێتدا هەیە). ئــەم نووســینگەیە كــە پێیدەڵێــن: (Tuition Centre – or Agency)، وەك كۆمپانیایەكــی بچووكە مامۆســتای فرە بابەتی هەیە، كاتێــك تۆ پەیوەندییان پێوە دەكەی، ئەوان مامۆســتاكەت بــۆ هەڵدەبژێرنو فۆرم پڕدەكەیــتەوەدو مەرجەكانی واژۆ دەكەی. پارەی وانەكان پێشوەخت وەردەگیرێو ئەگەر پێش (٢٤) كاتژمێر ئاگاداریان نەكەیتەوە لە گۆڕینی كاتو مەوعیدی دیاریكراو، پارەی ئــەو كاتژمێرەت دەســوتێ. نرخی وانەكان بە شــێوەیەكی فەرمی داندراوە، هەرچەندە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێك جیاوازی هەیە، بەگشتی لــە وڵاتانی ڕۆژئــاوا یەك كاتژمێر لــە دەوری (٢٠-٢٥) دۆلارە، لە ئینگلتــەرا (٢٠-٢٥) پاونــدە، لــە ئەمەریــكا (٢٠-٢٥) دۆلارە، لە ئێرلەندا (٣٠-٤٠) یۆرۆیە. لە ژاپۆن (٣٠٠٠ یەنە) دەكاتە(٣٠) دۆلار. مامۆستای ناودارو باشیش نرخی گرانترە. گرانترین نرخی وانەی تایبــەت هی (Dr. Jim Suttie)، كە مامۆســتای یاری گۆڵفە لە ئەمەریكا، هەر سێ كاتژمێری بە (٦١٥) دۆلارە.

دانایی گەورەکان!

لە دێر زەماندا شارێك هەبوو، یاسایەکی یەکجار سەیرو نامۆیان هەبوو، بەپێی نەریتو یاسای شارەکە هەر هاوڵاتییەکی شارەکە تەمەنی بگەیشتایەتە شەست ساڵ، لە شار دوور دەخرایەوەو ڕێگە نەدەدرا لە ناوشارداو لە ماڵەکەی خۆیداو لەگەڵ نەوەکانی خۆیدا بمێنێتەوە.

خەڵکی زۆر نیگەران بوون بەو نەریتو یاسایەو بە دوورکەوتنەوەی دایكو باوکیان یەکجار پەرێشان بوون، بەڵام پادشای شار کەسێکی ستەمکارو دڵرەق بوو، کەس لە دانیشتووانی شار نەیدەتوانی سەرپێچی فەرمانەکەی بکات..

ڕۆژێك لە ڕۆژان لاوێکی خەڵکی ئەو شارە کە ناوی فەرید بوو، سەرچاوەو بژێوی ژیانی لە ڕێگەی کیشاوەرزییەوە دەستدەکەوتو ئەو جوتیارێکی لێهاتوو بوو، فەرید زۆر بەدڵخۆشی لەگەڵ دایکی ژیانی دەگوزەراند، ڕۆژێکیان فەرید بە دایکی گوت: دایە گیان هەفتەی ئاییندە بەرهەمی کشتوکاڵەکەمان پێدەگات، دەتوانین بیفرۆشینو کەمێك باروگوزەرانی ژیانمانی پێ خۆش بکەینو کەلوپەلی پێویست بکڕین.

دایکی وتی: کوڕی شیرینم، بەڵام من ناتوانم چیدی لەگەڵ تۆدا ژیان بگوزەرێنم.

کوڕەکەی بەسەرسامییەوە گوتی: بۆچی دایەگیان؟!

دایکی گوتی: من بەساڵاچووەو هەفتەی ئایندە تەمەنم دەگاتە (٦٠) ساڵ، دەبێت بە دەستی خۆت لێرەو لەم شارە دوورم بخەیتەوە..

فەرید گوتی: نەخێر دایە گیان من هەرگیز شتی واناکەم..

دایکی وتی: تۆ ناچاری ئەو کارە بکەیت، خۆئەگەر ئەو کارە نەکەیت پادشا بە خراپترین شێوە تۆڵەت لێدەسەنێتو سزات دەدات..

ڕۆژەکان تێپەڕین، کاتێك فەرید زانی ڕێگە چارەیەك نییە، دەستی دایکی گرتو لە شار دووری خستەوە، کاتێك لە شار دوورکەوتنەوەو کاتی ئەوە هات کە فەرید بۆ دواجار ماڵئاوایی لە دایکی بکاتو بە تەنها جێی بهێڵێت، هەرچەندی کرد نەیتوانی لە دایکی دووربکەوێتەوە، لەبەرئەوە بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە بە دایکی گوت: دایە گیان من هەرگیز ناتوانم تۆ جێبهێڵم، پێکەوە دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، لە درەنگانی شەودا دەچینە ماڵەوەو هەوڵدەدەین کەس ئێمە نەبینێت، تۆش لە ماڵ مەیەرە دەرەوە نەبادا هەواڵەکە بگاتەوە بە پادشا.. هەرچۆنێك بێت ئەمە باشترە وەك لەوەی تۆ لێرەدا تەنها جێبهێڵم.

پەیام

دایكو كورِ بە نهێنی گەڕانەوە بۆماڵەوەو نەیانهێشت كەس ئاگاداری پلانەكەیان بێت..

كات بە خێرایی گوزەری دەكرد، ڕۆژێكیان پادشا سەرجەم جوتیارانی شاری بانگهێشت كرد بۆ كۆشك، پێی گوتن: چەند شتێكم لە ئێوە دەوێت، هەر كەس نەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوە بەشێك لە داهاتەكەی لێدەسەنین.. پادشاش كەسێكی بێ بەزەیی‌و دڵڕەق بوو، نەیدەزانی سۆزو بەزەیی چییە.. لەبەرئەوە كەس نەیدەتوانی لە فەرمانی دەربچێت.

داوای كرد هەر یەك لەوان گوریسێكی لە خۆڵەمێش بۆ بهۆننەوە، پەیامەكەی پێڕاگەیاندن‌و وتی: ئێستا هەر كەس بڕواتەوە سەر كارەكەی خۆی‌و هەوڵی دروستكردنی گوریسەكە بدات، جوتیارەكان گەڕانەوە ماڵەكانیان، ئەگەرچی هەمووان دەیانزانی جێبەجێكردنی ئەو داوایە ئەستەمە، بەڵام چارەیەكی دیكەیان نەبوو!

فەریدیش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، كاتێك دایكی كوڕەكەی بینی خەم لە ڕووخساری دەبارێت، پرسی: شتێك بووە؟

فەرید داواكاری پادشای بۆ گێڕایەوە.. دایكی گوتی: ئاسانە من چارەسەری گونجاوم لایە، تۆ بڕۆ گوریسێك بهێنە، بیئاڵێنە لە بەردێكی لوسەوە، پاشان گەرمی بكە، تا گوریسەكە دەسوتێت، ئەو كات گوریسەكە بە بەردەكەوە دەبێت بە خۆڵەمێش، تۆش بەو شێوەیە گوریسەكە ببە بۆ جەنابی پاشا..

فەرید فەرمانەكەی دایكی جێبەجێكردو گوریسەكەی بە بەردەكەوە برد بۆ جەنابی پادشا، پادشا بەبینینی زۆر سەرسام بوو، پرسی: چۆن توانیت ئەو كارە سەختە ئەنجام بدەیت؟

فەریدیش ڕاستگۆیانە گوتی: جەنابی پادشا ئەوە حیكمەت‌و لێهاتوویی‌و دانایی دایكم بوو، هاوكاری كردم بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكەی تۆ.

ئەو كات پادشا زانی كە ئەو بڕیارە نامۆیەی شارەكەی بە دەركردنی ئەو مرۆڤانەی تەمەنیان دەگاتە شەست ساڵ، بڕیارێكی نالۆژیكی‌و هەڵەیە.

هەر لەو ساتەدا بڕیاریدا كە بە هەموو خەڵكی شار ڕابگەیەنن، كە كۆتایی بەو بڕیارە هاتووە، لێرە بە دواوە مرۆڤە بە ئەزموونەكان لە خۆمان دوورناخەینەوە، ئەوان گەنجینەیەكی بە نرخن، پێویستە ڕێزیان لێبگرین‌و سوودیان لێ ببینین، نەك دووریان بخەینەوەو ئازاریان بدەین.

قەرزی ئەمریکاو...
زیانی عێراق

ن: عادل عەبدول مەهدی
و: وەهاب حەسیب محەممەد



کاتێک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یاسای قەرزی واژۆ کرد، لە ساڵی ٢٠١٣و لە ماوەی یەك ڕۆژدا قەرزەکانی ئەمریکا (٣٢٨) ملیار دۆلاری چووە سەر، بەمشێوە قەرزەکانی ئەو وڵاتە گەیشتە (١٧،٠٧٥) تریلیۆن دۆلار... ئەم قەرزانە بەڕێژەی(٢،٦٠) ملیار دۆلار ڕۆژانە زیاد دەکات... ئەو ژمارانە ئاماژەن بۆ پاشەکشەی ئابووری ئەمریکا بە ناچاریو مەترسی پشت بەستنی بە قەرز، پاشەکشەی بەهای دراو، هاندانی هەناردەو پارەدارکردنی ئابووریو فورساییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوو. نرخی دۆلار لە ماوەی ساڵانی(١٧٩٢-١٩٣٣) جێگیر بوو، (١) لەسەر(٢٠) ئۆنصە ئاڵتوون بوو، بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٣- ٢٠١٣)دا دۆلار بەرامبەر بە ئاڵتون نزیکەی (٩٧٪) دابەزیووە، واتە ساڵانە بەرێژەی (١،٢١٪)، ئەمڕۆ (٦٧٦٥) دۆلار یەکسانە بە (١٠٠) دۆلاری (٨٠) ساڵ لەمەوبەر، ئێستا بە گشتی لە بازاڕەکانی جیهاندا یەك ئۆنصە زێڕ یەکسانە بە (١٣٥٢،٩)$، لە کاتێکدا ساڵی (٢٠٠٣) یەکسان بوو بە (٤١٦،٣) دۆلار، لە ماوەی دەیەیەکدا دۆلار سێ جار بەرامبەر بە زێڕ دابەزیووە، هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٨) دۆلار بەرامبەر بە دراوەکانی تر (٢٥٪) بەهای لە دەستداوە. واتە ساڵانە بە ڕێژەی (٣-٤٪)دا، لەم ماوەیەدا دۆلار بەرامبەر بە یۆرۆ (٤٥٪) بەهای لە دەستداوەو (١٨٪) بەرامبەر ئیوانی چینی.. بەم شێوەیە کارەساتێکی جیهانی هەڕەشە لە ئابووری ئەمریکا دەکات.. گەلێك زیاترە لە تەنگەژەی ئابووری ساڵانی سییەکان.

قەرزی ئەمریکا لەلایەن سندوقی پشتگیری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی (١٢٪) پشتگیری دەکرێت، لە (١١٪)ی قەرزەکان ئەمریکا یەدەکی فیدراڵی هاوکاری دەکات، هەروەها چین (١،٠٤) ترلیۆن دۆلاربە فەواڵەکانی گەنجینە "سندات خزینە" هاوکاری باری لاسەنگی ئابووری ئەمریکا دەکات، باقی وڵاتانی دنیا لە ڕێگای بانکی تایبەتو حکومیو سندوقەکانەوە پشتگیری قەرزەکانی ئەو زلهێزەی جیهان دەکەن، عێراق هەمیشە بەدەست قەرزەکانی ئەمریکاو پاشەکشەی دۆلارەوە ناڵاندوویەتی، لە بازاڕەکانی جیهاندا نەوت پەیوەستە بە دۆلارەوە، واتە دابەزینی نرخی دۆلار ساڵانە بە ڕێژەی (٥٪) یەکسانە بە (٧،٥) ملیار دۆلار زەرەر لە هەناردەکردنی نەوت، ئەو ڕێژەیە بە (١٥٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، چونکە ئێمە وڵاتێکی هاوردەین هاوردە ئاشکرا گراوەکانی وڵاتی عێراق بە گوێرەی ئاماری ئەوروپا لە پەنجا وڵاتەوەیە، ساڵی (٢٠١٢) بە نزیکەی (٥٠) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، بەرزبوونەوەی بەهای دراوی وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپا بەرامبەر بە دۆلار، واتە زەرەر بە ملیارەها دۆلاری تر.. ئەمە تەنها نموونەیەکەو هیچی تر، بەڵام جێماوەی زەرەری ئەو ئاڵوگۆڕە ناهاوسەنگە، لە شێوەی بنەمای ئابووریدا دەردەکەوێت کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئابووری عێراقو جیهانی سێیەم، هەندێك وارافەی دەکەن چۆن یارمەتی وڵاتانی باشوور دەدرێت؟ بەچ شێوەیەك ئەم یارمەتییانە لە پاڵ تەنگەژەی ئابووریو خۆشگوزەرانیدا وەك بەهایەك دەگەیەنرێت بە وڵاتە پێشکەوتووەکان؟ ئابووری عێراق بەشێکە لە ئابووری جیهان، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا باری داراییمان لەگەڵ تەنگەژە داراییەکەی ئەمریکاو جیهاندا توشی تەنگەژە هات، دابەزینو پاشەکشەی نرخی نەوت هەڕەشە بوو بۆ سەر سەرچاوەکانمان، تەنگەژەکە "تەنگەژەی ئابووری ئەمریکاو جیهانی سەرمایەداری" هەیەو قوڵتر دەبێتەوەو هەڕەشە لە هەمووان دەکات، عێراق یەکێکە لەوانە..

ئایا دروشمو پلانی ڕووکەشانەو سەرنەکەوتوو هەنگاوی خێران لە دەستپێکو هەڵسانەوەی پلانی ڕاستگۆیانە بە مەبەستی ئابوورییەکی ڕاستەقینە، تا ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت بەشێك لەو کاریگەرییانە "جێماوانە" کەمبکەینەوە، یان بەردەوام دەبین لەسەر ڕەفتاری نابەرپرسانەو عەبەسیانەمانو ... بەردەوام دەبین لە گریانو سکاڵا؟

خاوەنداریێتیو گوێ پێنەدان

زمانی جەستە

بەشی دوانزەیەم

خاوەنداریێتی:

هەنـدێ کات مـرۆڤ کە دەبێتە خاوەنی شـتێك، حەز دەكات بـە بەرامبەرەكەی بگەیەنێت، كە خاوەنی فلاَن شـتەو ئەو شـتە موڵكـی خۆیەتیو تایبەتە بە ئەو، چەند ئاماژەیەك هەن دەربڕی ئەم هەستەن:

١- دانانی قاچ لەسەر ئۆتۆمبێل:-

هەندێ كات شـۆفێری ئۆتۆمبێلەكان قاچیان لەسـەر پێشـی ئۆتۆمبێلەكەیـان دادەنێن، بە مەبەسـتی ئەوەی ئەوە بگەیەنن لە بەرامبەرەكەیان كە: ئەوان خاوەنی ئۆتۆمبێلەكەن.

٢- دانانی دەست لە شوێنێك:-

كاتێك كەسـێك دەسـتی كەسـێك دەگرێت، یان خـۆی نزیك دەكاتەوە لە كەسێك، بۆ نموونە زۆربەی ئافرەتان دەبینین كاتێك بـەلای ئافرەتانی تردا دەڕۆن یەكسـەر دەسـتی هاوسـەرەكەیان دەگرن، یان لە كاتی وەستاندا دەچێتە پاڵی، یان دەچێتە ژێر باڵی، ئەم شـێوازە لە كرداردا، دەربڕی ئەوەیە كە ئەو كەسـە دەیەوێت بە چواردەوری بگەیەنێت كە ئەم كەسـە هاوسـەری ئەوەو تەنها تایبەتە بە خودی خۆی.

٣- قاچ دانان لەسەر مێز:

لە هەندێ لە داموو دەزگاكاندا ڕەنگە هەندێجار ببینی، كەسانی بەرپرسو لێپرسـراوەكان قاچیان لەسـەر مێزەكـەی بەردەمیان دادەنێـن، ئەمـەش ئەوە دەسـەلمێنێت كـە خـۆی خاوەنی ئەو ڕووبەرەیەو بەوپەڕی ئازادییەوە لەو سنورەدا هەڵسوكەوت دەكات.

گوێ پێنەدان (گرنگی پێنەدان)

١- دەست خستنە سەر پشتی كورسی:

خۆلاركردنەوە بەسەر دەسكی كورسیداو دەستخستنە سەر پشتی كورسـی، بە یەكێك لە نیشانەو دیاردەكانی گوێنەدان بە بەرامبەر دادەنرێت، ئەم جۆرە دانیشتنە دەگمەنە لە كۆبونەوە فەرمییەكاندا بەدی بكرێتو گەر ئەم شـێوازە دانیشتنە لەو كاتانەدا پەیڕەوكرا كە كەسەكە بە تەنها بوو، یاخود لە كۆبونەوەی هاوڕێیانیدا، ئەوا دەكرێت ناوی بنرێت (دانیشتنی پشوو بەخشانە).

٢- دانیشتن لەسەر كورسی بە پێچەوانەوە:

دانیشـتن لەسەر كورسـییەك بە جۆرێك پشـتی كورسییەكە بەرامبـەر ڕووی كەسـی بەرامبـەرت بێـتو خۆشـت ڕووت لـە بەرامبەرت بێت، دەرخەری گرنگی پێنەدانو سڵ نەكردنەوەیە لە كەسی بەرامبەرو ڕەنگە دەرخەری هەبوونی ناكۆكی بێت لە نێوان ئامادەبووانیدا.

٣- خۆسەرقاڵكردن:

خۆ سەرقاڵكردن بە شتانێكەوە كە گرنگ نین، وەك (ڕێككردنی قژو سەردەسـتی قـۆڵ، یان كـەلو پەلەكانی چـواردەور، قەڵەم، كردنەوەی گیرفانو سەیركردنی سەقف، هتد).



کەمخەویی و هۆکارەکانی



کەمخەویی (Insomnia): ئەو بارەیە تووشبوو ناتوانێت بخەوێت، یان ناتوانێت ئەو بڕە بخەوێت کە پێویستە، یان چەند جارە پچڕانی خەوە لە ماوەی شەودا.

هۆکارەکانی کەمخەویی:

- نیگەرانی، یان پەستانی دەروونی: بلاّ دەروونی نابێتە هۆکاری کەمخەویی‌و بەس، بەڵکو کەمخەویی خودی پەستانی دەروونی زیاد دەکات، بە هۆی ئەوەی ئەو کەمخەوییە توشی دڵەڕاوکێمان دەکات، تۆ بڵێی بتوانم سبەینێ کارەکانم بە بێ خەواڵویی ئەنجام بدەم؟!

- نەخۆشی جەستە: وەك ئەو نەخۆشییانەی دەبنە هۆی ئازار لە سنگ، یان جومگەکان، یان سك ئێشەو سەر ئێشە، چارەسەری کەمخەویی لەم بارەدا بە چارەسەری نەخۆشییە بنچینەییەکە دەبێت.

- خواردنی ژەمێکی قورسی پێش نوستن: ئەمە دەبێتە هۆی قورسکردنی کرداری هەرس، مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی سەرقاڵ بکات، خواردن‌و خواردنەوە دەخوات، کەچی کەمخەویی دەکاتە دیاری خۆی! (بیار فلۆشێر دەڵێت: سێیەکی مرۆڤایەتی زوو دەمرن، بەهۆی ئەوەی خۆراکیان نییە بە ئەندازەی ئەوەی پێویستیانە، سێیەکی مرۆڤایەتیش زوو دەمرن، بە هۆی ئەوەی زیاتر دەخۆن لەوەی پێویستیانە)!

جگەرەکێشان: بە هۆی ئەو نیکۆتینەی لە توتندایە کە ماددەیەکی چالاککەری مێشکە، دەکرێت ببێتە هۆی کەمخەویی، زۆرێك لە زانا موسوڵمانەکان جگەرەکێشان قەدەغە دەکەن، بە هۆی ئەو زیانە گەورەیەی بە مرۆڤی دەگەیەنێت، وەك جەڵتەی دڵ، یان شێرپەنجەی سییەکان، یان هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییە خوێنییەکان.

- خواردنە کهولییەکان‌و ماددە بێهۆشکەرەکان: خواردنەوە کهولییەکان پشێوییەکی زۆر دەنێتەوە لە نوستنداو خەوو خەیاڵی بێزارکەر، بەکارهێنەری خواردنەوە کهولییەکان چەند جارێك بێدار دەکاتەوە... ئەوە بەکارهێنەری ماددە بێهۆشکەرەکان، هەر گەلەك ماڵوێرانترن لەم لایەنەوە!

- خواردنەوەی چاو قاوە بە کاتێکی کەم لە پێش نوستن: خواردنەوەی چاو قاوە دوای کاتژمێر (٧ی ئێوارە) دەبێتە هۆی کەمخەوی لە لای زۆرینەی خەڵکی نەك هەمووی، کاریگەری کافائین لە قاوەدا، یان چادا بۆ ماوەی (١٢-٢٠)کاژێر دەمێنێتەوە.

- ژاوەژاو: هەندێ کەس لە ژاوە ژاودا خەویان لێناکەوێت.

- شەو بێداران: ئەوانەی لە شەودا کاردەکەن وەك فڕۆکەوانان، ئێشکگران، پزیشکان...

- دەرمانە خەوهێنەرەکان: بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەرمانانە پشێویی لە جۆرێتی نوستندا دروستدەکەن‌و دەبنە هۆی باوێشکدان‌و خەواڵویی لە ڕۆژدا.

- ئەنجام نەدانی چالاکی جەستەیی: کەمخەوی گەلەك باوە لە لای ئەو کەسانەی جموجۆڵیان کەمە، وەك ئەوانەی لە ئۆفیسەکاندا کاردەکەن.

لەبەرئەمەیە ئیسلامیش هانمان دەدات، بۆ ئەنجامدانی چالاکییە جەستەییەکان، هەروەك پەیامبەری خودا (درودی خودای بەسەردا بڕژێت) دەفەرموێت: (هەرکەس لە ماڵی خۆی دەستنوێژ بشوات، پاشان بە هەنگاوەکانی ڕێگا بگرێتە بەر بەرەو ماڵێك لە ماڵەکانی خودا، بۆ ئەنجامدانی یەکێك لە نوێژەکان، ئەوا هەنگاوێکی تاوانێك دەسڕێتەوەو هەنگاوەکەی تری پلەیەك بەرزی دەکاتەوە لەلای خودا).

پێشەوا عومەریش (ڕەزامەندی خودای لەسەر) دەفەرموێت: (منداڵەکانتان فێری مەلەوانی‌و تیر هاوێژی‌و ئەسپ سواری بکەن).

لە ژمارەی داهاتوودا بە ویستی خودا باس لە چارەسەری کەمخەویی دەکەین.

ن: د.حسان شمسی پاشا

و: یەحیا محەممەد عەلی



میلاتۆنین..
هۆڕمۆنی
بەختەوەری!

چی دەربارەی هۆڕمۆنی بەختەوەری دەزانی؟

میلاتۆنین **Melatonin** هۆڕمۆنێکە تەنها لە کاتی خەودا دەردەدرێت، بە شێوەیەکی بایلۆجی لەناو لەشی مرۆڤدا ڕێکخراوە، بە جۆرێك لە ڕۆژدا دەرنادرێت ئەگەر بشخەویت، واتە تەنها کاتی خەوتن لە شەودا دەردەدرێت، دەتوانین بە دوو ڕێگە ئەو هۆڕمۆنەمان دەستبکەوێت، ئەوانیش:

یەکەم: ڕێگەی سروشتی "زوو خەوتن لە شەودا».

دووەم: ڕێگەی دەستکرد " بەکارهێنانی دەرمان».

بێگومان ڕێگە سروشتییەکە باشترو سەلامەتترو گرەنتیشی زیاترە، بەڵام ڕێگەی دووەم بەو کەسانە دەدرێت کە سکاڵای ئەوە دەکەن بە هۆی کێشەی کەم خەوییەوە دەناڵێنن، بێگومان ئەم ڕێگەیە تەندروست نییەو زیانی هەیە.

شێوازو ڕێگەی کارکردنی هۆڕمۆنی میلاتۆنین:

شەو کاتێك مرۆڤ چاوەکانی لێك دەنێت لە تاریکاییداو خەوی لێدەکەوێت، ئەو هۆڕمۆنە سەیرە لە (غودەی نخامی) کە لە ژێر سەردایە دەردەدرێت بۆ ئەوەی لە لەشدا ئاسودەییو لە هۆشدا خاوێنیو لە دەروونیدا دڵنیایی بچێنێت، هەروەها دەمارەکان ئارام دەکاتەوەو ماوەی گەنجێتی زیاتر دەهێڵێتەوە، بە هۆی تەندروستییە باشەکەیەوە، سەرەڕای ئەوەش پێست ڕوونو جوان ڕادەگرێت، هەر لەبەر ئەوەیە هەرکەسێك هۆڕمۆنی میلاتۆنین بچێژێ هەرگیز هەست بە دڵتەنگی ناکات.

لەکوێ ئەو هۆڕمۆنە دەدۆزینەوە؟

مۆز دەوڵەمەندترین خواردنە بەو هۆڕمۆنە، شکۆلاتە، شۆفان، زەنجەفیل، تەماتە.

ئەو هەنگاوانەی بە هۆیەوە هۆڕمۆنی **Melatonin** دەستدەکەوێ:

یەکەم: شەوانە زوو خەوتن، باشترین خەوی تەندروست (لە نێوان کاتژمێر هەشت بۆ چوار)دایە.

دووەم: بە شێوەیەکی ڕێكو پێك وەرزش بکە.

سێیەم: هەوڵبدە زوو نانی ئێواران بخۆیت، هەروەها دەبێت خواردنی ئێوارە سوك بێت.

چوارەم: سیستەمو ڕێکخستن، ژیان لە ژینگەیەکی ڕێکنەخراودا مرۆڤ ماندوو دەکات مێشکی پەرتو ئاڵۆز دەکات، ئیتر هەست بە دڵتەنگی نائاسودەیی دەکات.

تاقیکردنەوەیەکی کردارییانە ئەنجام بدە، بۆئەوەی هەست بەبەختەوەری بکەیت:

یەکەم: زوو بخەوە.

دووەم: ئەو خواردنانەی باسکران بەکاریان بهێنە لە خواردنەکەتدا.

سێیەم: ئەگەر ماوەی پانزە خولەکیش بێت بە پێ هاتوچۆ بکە.

چوارەم: تۆ مرۆڤێکی بەختەوەری.

ئیسلامو بەختەوەری:

خوای گەورە لە قورئاندا باس لە گرنگی خەو لە شەودا دەکاتو دەفەرموێ (وجعلنا الليل لباسا وجعلنا النهار معاشا)(٩-١٠) سورە النبأ.

هەروەها خواردنی ئێوارانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) شیرو نانی جۆ بووە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پێویستی کەمکردنەوەو سووککردنی خواردنی ئێواران، هەروەها خواردنی میوە بە تایبەتی ئەوانەی هۆڕمۆنی میلاتۆنینیان تێدایە کارێکی باشە، چونکە میوە خێراتر دەمژرێتو سوودێکی زۆری هەیە.

هیوام بەختەوەرییە بۆ هەمووان..

سەرچاوە: سایتی قدوس

و: بێگەرد فارس

کات

کات.. بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت کە بە هۆی گرنگییەکەیەوە خەڵکی زۆری لەسەر دەدوێن جا لە گۆڤارەکاندا بێت، یان کتێبو نامیلکەو سایتە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ ئەم باسکردنە زۆرەیدا ڕەنگە هێشتاش کەسانێك هەبن لە مانا ڕاستییەکەی کات نەگەیشتبن!!!

گەر ڕامانێکی خێرا بە ڕابردووماندا بکەین دەبینین هەموو ئەو یادگارییە خۆشو ناخۆشانەی کە تۆمارمانکردوون کاتگەلێك بوونو بەسەرچوون، هەرکاتە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بەرهەمی چاك، یاخود خراپ بێنێتە بەرهەم. بە بڕوای زۆر کەس کات وەك پارە وایە!! زۆر ڕاستە بەڵام ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا دروستدەکات، ئەوەیە پارە پاشەکەوت دەکرێتو قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵام ئەم یاسایە بەسەر کاتدا جێبەجێ ناکرێت.

ئاگاداربە ئەو کاتەی ئێستا ئەم گۆڤارەی پێ دەخوێنیتەوە، گەر سبەینێی بەسەردا بێت، ئەوا دەبێتە ڕابردوو!!

هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تێپەڕبوون ڕابردوویان بۆ ئێمە تۆمارکردووەو هەموو ئەو سبەینێیانەشی چاوەڕێی دەکەین، بۆمان داهاتووە، بەڵام نازانین ئاخۆ چەند سبەینێمان ماوە!! تۆ بڵێی جارێکی تر، چاوەکانمان بە ڕووناکی خۆر ئاشنا بێتەوە؟؟ یاخود بێ ئاگا پێڵوی چاومان ماڵئاوا لە خۆر دەکاتو دەڵێت چیتر ناتبینمەوە؟

(حەسەنی بەصری) وتەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێت: (کاتێك ڕۆژ دێتو ڕووناکییەکەی لە ئاسۆوە دەردەکەوێت، وەك ئەوە وایە پێمان بڵێت: ئەی گرۆی ئادەمی، من دروستکراوێکی نوێی پەروەردگارتانم، لە سەر کردارەکانی هەر یەکێکتان شایەتم، کەوابوو سودم لێ ببینن، چونکە هەر کە ڕۆیشتم چیتر ناگەڕێمەوە).

(هنری أوستن دوبسن) دەڵێت: (کات بەجێمان دەهێڵێت؟! نەخێر، زۆر ببورە کات هەر دەمێنێت، ئەوە ئێمەین کە بەجێی دەهێڵین)!

ئەو قەوانە سواوەی بۆ کات لێدەدرێت!

سەرم سوڕدەمێنێ لەوەی مرۆڤ چۆن لە ڕووی دێت داوای شتێك بکات، لە کاتێکدا ئێستا لەبەردەستدایە، بەڵام نازانێت چۆن بەکاریبهێنێت!!

سەیرە! کەسانێك هەن نازانن ئەو کاتەی لەبەر دەستیاندایە چۆن بەڕێوەی ببەن، کەچی داوای کاتی زیاتر دەکەن، ئەم وتانە زۆر کات لەم جۆرە کەسانە دەبیسترێن:

هیچ کاتم نییە، نازانم چۆن فریا بکەوم؟ پێویستم بە مۆڵەتێکی چەند ڕۆژەیە!!

پەتایەکی باو لە ناو خەڵکیدا دروستبووە، گوایە سەردەم گۆڕاوەو بەرەکەتی کات نەماوە، جاران خەڵکی کاتی زۆری لەبەردەستدا بوو!

دەپرسم ئایا ئەو هاوکێشەیە ڕاستە؟!

شەوو ڕۆژی کۆن= شەوو ڕۆژی نوێ = ٢٤ کاتژمێر.

ڕەنگە بڵێیت ئاخر لە کۆندا ئەم سەرقاڵییەی ئێستا نەبووە، ئێستا کۆمپیوتەر هەیەو ئینتەرنێتو جۆرەها مۆبایلو... کارکردنی زیاتر، منیش بەم هاوکێشەیەی خوارەوە وەڵامت دەدەمەوە.

ئاسانکاری بۆ کاروباری خەڵکی کۆن < ئاسانکاری بۆ کاروباری سەردەمی نوێ!

ئایا وانییە!! جاران بۆ دەستکەوتنی هەواڵێك، ڕەنگە چەندین کیلۆمەترت ببڕیایە، ئێستا بە چەند خولەکێك کۆتایی پێ دێنیت، جاران دەستکەوتنی زانست ڕەنگە چەند ڕۆژو مانگی بویستایە، ئێستا ڕەنگە بە چەند کلیکێك زانستەکەت بۆ بێتە بەردەست، جاران بۆ شۆردنی جلوبەرگ، ئافرەتان چەندین کاتژمێریان دەویست، ئێستا بێ ئاگایی کەسەکە دەشۆردرێتو چەند خولەکێکی کەم نەبێت بۆ هەڵواسینی هیچی ناوێت... هتد. ئێستا گەیشتین بەوەی هەموو ئەم تەکنەلۆجیایانە بۆ ئاسانکاری ئێمە هاتوون، نەك بە پێچەوانەوە.

کەوابوو کێشەکە لە چی دایە؟

دکتۆر (ابراهیم فەقێ) ڕاهێنەرو وتاربێژی جیهانی دەڵێت:

(دەربازبوونمان لەو وتە خەیاڵیانەی وەك بیانوو هێنانەوەیەك دەیانڵێین: نمونە: کاتی تەواوم نییە...)، یەکەم وێستگەی دەربازبوونمانە، لەوێوە بەرەو ژیانێکی نوێی ڕێکخراوو سود بینین لە کات هەنگاو دەنێین).

بە تەواوی ڕوون بووەوە کە کێشەکە هیچ پەیوەندی بە کاتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوەیە نازانین چۆن کات بەڕێوە ببەین.

هەرلەبەر ئەمەیە زانا (سمارك) دەڵێت: (کاتی زیادەت لەبەردەستدا دەبێت، بەڵام بەو مەرجەی بتوانیت چۆن بەکاری دەهێنیت).

گەر ویستت ئاستی سەرکەوتنی کەسێك بپێویت، لێی وردبەرەوەو بزانە کاتەکانی بە چ شتێکەوە بەسەردەبات، دڵنیابە بوونت لەگەڵ کەسە سەرکەوتووەکاندا سەرکەوتنت پێدەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ کەسی شکستخواردوودا دۆڕان، یاخود کەوتنی ماوە درێژت پێدەبەخشێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین: (گەردوون دەچەرخێ!)

ئاگاداربە، چەرخی گەردونت نەبێت بە چەرخی ژیانو ئاگر لە دەروونت بەربدات...)


و: کیژان فەرەج



ن: د. عبدالکریم بکار
و: ئاسیا صەلاح

تایبەتمەندیی کەسێتی

٥ مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەتان بۆ کوڕو کچە لاوەکانە



خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن لە زۆر لایەندا، بۆیە هەر یەك لە ئێمە پێویستی بە تایبەتمەندییەك هەیە کە پەیوەست بێت بە بەزەییو سادەیی، یان پەیوەست بێت بە لێهاتوویی‌و نایابی، یاخود پەیوەست بێت بە بەخشندەیی‌و چاکەکاری، یان بە دەربڕین‌و شێوازی قسەکردن... تایبەتمەندیی کەسێتی شتێکە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە سەدان کەسی ئاسایی کە تێکەڵیان دەبێت، بەڵام مەبەست لە تایبەتمەندبوون ئەو جیاوازییە نییە کە گوزارشت لە خۆبەرزکردنەوە دەکات، بەڵکو مەبەست لەو تایبەتمەندبوونەیە کە گوزارشت لە زەوقێکی بەرزو بەزەیی‌و بەخشندەیی‌و نیازپاکی‌و باشی نواندن دەکات، کە ئەمەش ئەو کەسە دەکاتە پێشەوایەك کە نەوە نوێکان لێوەی فێر دەبن، ژیانی مەنگ خواردووی پێ گوڵاوپرژێن دەبێ.. لێرەدا هەندێك لە کچو کوڕەکانم دەپرسن: مەبەست لە تایبەتمەندیی کەسێتی چییە؟ ئایا لە توانای هەموو یەکێك لە ئێمەدایە کە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەبێت؟!

وەڵام: بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ئەمەش چەند نموونەیەکی ڕوونکراوە:

- خاوەن فرۆشگا بازرگانییەکان بەردەوام فریوی هەموو یەکێك لە کڕیارەکانیان دەدا بۆ کڕین لە فرۆشگاکانی خۆیان، کە ئەم فریودانەش زیاتر بەرچاودەکەوێت لە ڕۆژانی سستی‌و کەم بازاڕیدا، بەڵام هەندێك لەو کەسانەی کە خاوەن ئەم تایبەتمەندییەن، هەر کەسێك کە لە بەیانیدا دەهاتە لایان بۆ بازاڕکردن پێیان ڕادەگەیاند: من ئەمڕۆ شتێکم فرۆشتووە بەڵام دراوسێ دووکانەکەم هێشتا هیچی نەفرۆشتووە، بچۆ لای ئەو بیکڕە!

- هەموو خەڵکی لە تۆمارکەری تەلەفۆنەکانیاندا چەند دەستەواژەیەکی لەم چەشنە بەکاردەهێنن، (تکایە ناوی خۆت‌و ژمارەی تەلەفۆن‌و پێویستییەکەت بنووسە)، بەڵام کەسێك کە خاوەنی تایبەتمەندییەو زۆر کارامەیە لەسەر تەلەفۆنەکەی لە جیاتی "پێویستییەکەت پێم ": "پێویستییەکەم پێت"ی تۆمار کردووە وەك ڕێزلێنانێك بۆ کەسی پەیوەندیکار!

- لە جیهانی سێیەمدا زۆرینەی خەڵکی پابەند نابن بەو بەڵێنانەی کە دەیدەن، دەبینیت کەسێکمان دەڵێت: کاتژمێر هەشت لای تۆ دەبم، لەوانەیە نەیەت تا دوای کاتژمێر نۆ، ڕەنگە هەر لە بیری چووبێتەوەو هەر نەیەت بە دەم بەڵێنەکەیەوە، بەڵام کەسانێکی زۆر کەم هەن کە بە شێوەیەکی زۆر ورد پابەند دەبن بە مەوعیدەکانیان بە ڕادەیەك کە دەتوانیت کاتژمێرەکەت لەسەر مەوعیدەکانیان ڕێك بخەیت، تەنانەت ئەو کەسەی کاتژمێریشی پێ نییە دەڵێت : " ئێستا کاتژمێر حەوتە، چونکە فلان کەس کاتژمێر حەوت لە ماڵ دێتە دەرەوە! "

ئەم وتانە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟ ئەمانە دەگەیەنێت:

١- تایبەتمەندیی کەسێتی واتە بەرزکردنەوەی خاوەنەکەی، نەتەوەکەمان پێویستییەکی زۆری بە بەهرەمەندان هەیە، بۆیە هەوڵبدە یەکێك بیت لەوان.

٢- تایبەتمەندیی کەسێتی زیاتر لەوەیە کە مەزەندە بکرێت، کاتێك ڕاستگۆیی‌و گرنگیدان لە ئارادا دەبێت، بە ویستی خودای مەزن هەموو یەکێك لە ئێمە لە توانایدایە تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەبێت.

٣- نەتەوە بەرەو پێش دەچێت بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خاوەنی تایبەتمەندیی کەسێتین، بۆیە لە بەرەوپێشخەرانی نەتەوەکەتان بن.

٤- ڕەنگە کچەکانم بە تواناتربن لە داهێنانی تایبەتمەندیی کەسێتیی دا، هیوادارین لە ئاست ئەو گومانە باشەدا بن.

پەیامی شکست گۆڕانکاریو داهێنانە

ئاکام عومەر

جێی سەرسامیم بوو کاتێك زانیم ناوەندیی (ئۆکسفۆردی کچان) لە بەریتانیا قوتابییەکانیان ناچار بە دەرنەچوون دەکەن، بەتایبەت لە وانەی بیرکاریدا، ئەم کارەشیان لە پێناو ئەوەدایە کە قوتابییەکانیان هەستی میسالی (نموونەگەرایی) بوون، تێکەڵ بە ژیانیان نەبێتو هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە (تەمەنی ١١ ساڵی) فێری چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شکست ببن، بەردەوام بەدەستهێنانی نمرەی تەواو لە وانەکانیاندا، بە جۆرێك ڕایاننەهێنێت کە هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی شکست لە ژیانیاندا تووشی بێئومێدیو داڕمان ببن... تەنانەت "هیپر هات بوری" بەڕێوەبەری قوتابخەکە پێیوایە ئەگەر قوتابییەکان فێری مامەڵەکردنی سەرکەوتووانە لەگەڵ شکستدا نەبن، ترسیان لە شکستهێنان، خوو و نەریتێکی ئەوتۆیان تێدا دەخوڵقێنێت کە ئیرادەی هەنگاو هەڵگرتنیان بۆ ئەو کارانە نەبێت کە خۆیان پێیان خۆشەو کەمترین ئەگەری شکستیان تێدایە.

هەریەکە لە سەرکەوتنو شکست لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجەکانن، لە جوانترین پێناسەدا بۆ شکست وتراوە: "شکست چەند هەنگاوێکی پێش گەیشتنە بە سەرکەوتن". مانگ بەو هەموو جوانییەی هەیەتیو بووەتە هەوێنی شیعری شاعیران، تەنها ڕوویەکی لە ئێمەوە دیارەو ڕووەکەی دیکەی بەردەوام تاریکە، بەڵام هەردوو ڕووەکەی هەر مانگە. ئێمە زۆرینەی خوێندنەوەو ئەو وانەو خولانەی بەشداریان تێدادەکەین تەرخانمانکردوون بۆ لێکۆڵینەوەو زانینی چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنەکانمان هەر کەمنو هەندێجار بێئومێدو دڵسارد دەبینو ناگەینە تەواوی ئامانجە خواستراوەکانمان، دروست وەك ئەوە کە لە ژیاندا تەرکیزی زیاتری مرۆڤەکان لەسەر دەوڵەمەندیو چۆنیەتی دەوڵەمەندبوونە، وەلێ ڕێژەی هەژاری هەر لە دەوڵەمەندی زۆرترە، بەپێی ئەم لۆژیکە، پێویستە قسەی زیاتر لەسەر شکست بکەینو شێوازی مامەڵەو بەرەنگاربوونەوەی ڕوون بکەینەوەو تێڕوانینمان بەرامبەر بە شکستەکان لە نەنگیو کۆتایی ڕێگاوە بۆ بەرچاوڕوونیو ناسینی ڕێگا بگۆڕین.

هیچ سەرکەوتنێکی ئەزەلیو ئەبەدی بوونی نییە، سەرکەوتووی بەردەوام کەسێکە ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی شکست بێتو بتوانێت شکستەکان بکاتە وێستگەی گوڕوتینو وزەی نوێ لە کەوتنەکان وەربگرێت، ئەمە سەرەکیترین جیاوازی نێوان مرۆڤێکی سادەو کەسێکی سەرکەوتووە. نەخشەی ڕووی یاری شەترەنج پێکهاتەی چوارگۆشەیین، بە دوو ڕەنگی جیاواز، وەك یاریزانێك هەڵەیە بڵێین: ئێمە تەنها لەسەر یەك ڕەنگی چوارگۆشەکان یاری دەکەین، بەڵکو یاریزانی زیرەك بە ئەزموونی خۆی لە پاڵ ئەو کەرەستانەی لە یارییەکەدا لەبەردەستیدان، مامەڵەی دروست لەگەڵ تەواوی خانەکان دەکاتو هەموویان لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاردێنێت.

لە زانستی (دینامیکیە التکییف العصبی) یاسایەك هەیە دەڵێت: "لەپشت هەر ڕووداوێکەوە پەیامێك هەیە". گرنگە لەدوای هەر



شکستێك لە پەیامی پشتی بگەڕێینو چەندین (بۆچی؟) لەسەری بکەین، ڕەنگە دواجار چەندین وەڵامو هزری نوێمان دەستبکەوێت کە لە نەبوونی شکستدا دەستماننەکەوتایە، هاوڕێیەکی ئازیزم هەمیشە دەیگوت: "بیرکردنەوەی ئێستام بەرهەمی هەڵەکانی ڕابردوومە"، واتە هەڵەو شکستو کەوتنەکانمان باشترین مامۆستامانن لە ژیاندا، ئامۆژگەلی بەوەفاو دڵسۆزن بۆمان، ئەوانە بە زمانی حاڵ داوای سەرکەوتنی نوێمان لێدەکەن، دەمانهەژێنن تا گۆڕانکاری لە هۆکارەکانو بیرکردنەوەو مامەڵەمان بکەینو شێوازو هۆکاری نوێ بۆ سەرکەوتن دابهێنین.

تۆ بڵێی پەیامی سەرکەوتنەکانمان چی بن؟ بێگومان سەرکەوتن لە کارێك، پیشەیەك، ڕۆیشتن بە ڕێگایەکدا، شتێکیان پێ نییە جگە لەوەی پێمان بڵێن لەسەر هەمان ڕەوتو شێواز بەردەوامبەو بەهەمان ڕێگادا بڕۆ، ئەمە لەناوەڕۆکدا کارێکی باشو گەورەیە، بەڵام بەدەر نییە لە سروشو پەیامێکی نێگەتیف، ئەویش مانەوەو دەفگرتنە بە جۆرێك لە شێوازو ڕیتمی کارو جوڵەوە. بەڵام پەیامی شکست بریتییە لە گوڕانکاری لە ڕیتمو ستراتیژی کارو ژیان، ئەمەش پەیامێکە هاوتەریبە بە سروشتی بونیادی مرۆڤو سوننەتە گەردوونییەکان.

لێرەدا بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شکستدا چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١- بەپێی جۆری پێناسەمان بۆ شکست شێوازی مامەڵەکردنیشمان لەگەڵیدا دەگۆڕێت. بۆیە گرنگە تێڕوانینێکی دروستمان بۆ شکست هەبێتو وەك مەرگی هەوڵەکانمان لێی نەڕوانینو بە سەرەتای هێزو خۆکۆکردنەوە بۆ سەرکەوتنی دواتری بزانین.

٢- گرفت لە خودی شکستدا نییە، بەڵکو لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئێمەدایە لەگەڵ شکستەکە، بۆیە پێویستە دەستکاری بیرکردنەوەی خۆمان بکەینو زیرەکی سۆزداریمان بەهێزتر بکەین.

٣- دیاریکردنی هۆکارەکانی خوڵقاندنی شکستەکە وادەکات مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکەین، هەندێجار پەنامان بۆ چەند ڕێگایەکی چارەسەر بردووە، بەڵام بێسوود بوون لەبەرئەوەی هاوتەریبی هۆکارە خوڵقێنەرەکانی شکستەکە نەبوون.

٤- لە هەرکارێکدا ڕوویەکی ئەرێنی هەیە، هەمیشە لەو بەشەی گرفتو شکستەکان بڕوانە تا بتوانیت (محنە) بکەیتە (منحە).

٥- چاك بزانین کە چێژو خۆشی سەرکەوتن لە هەبوونی شکستەکانەوە پتر دەبێت.

هیوادارم بە ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ نشوستو گرفتەکاندا بکەینو بزانین کە ئەمانە هاتوون پەیامیان پێیەو ئامادەی مامەڵەکردنی دروست بینو بزانین کەسی مەردو دەگمەنو بە تواناو سەرکەوتوو، لە تەنگانەو کاتە سەختەکاندا دەردەکەوێت.

سوتانی کەشتییەکان

ن. جیمس میللر
و. لە عربییەوە:- پشتیوان مبارك کریم

زۆر کەس وادەزانن کە هەتا ڕێگا چارەسەرەکانی بەردەمیان زۆرتر بێت باشترە، وەك لەوەی کەمتر بێت، بەڵام (تیۆری یارییەکان)، (النظریة المباراة) پێچەوانەی ئەمە دەبینێت. واباشترە بۆ پێگەی تۆ لە یارییەکەدا لە بەرامبەر لایەنەکەی تردا ئەو ڕێگا چارانەی کە هەیە لە بەردەمتدا، کەمی بکەیتەوە.

دەگێڕنەوە کە یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکان کە ناوی (کورتیز) بوو، وەکو داگیرکار دابەزییە سەر کەناراوەکانی مەکسیك، بەپەلە دانیشتوانی نیشتەجێی ناوچەکە لە هۆزەکانی (ئەزتەك) هاتن بەرەو ڕوویان بۆئەوەی لەگەڵیدا بجەنگنو ڕووبەڕووی ببنەوە، ناچاری بکەن بە گەڕانەوە بۆلای کەشتییەکان بڕوات، ناوچەکەیان جێبهێڵێت، بەڵام (کۆرتیز) بە فێڵێکی زیرەکانە هەڵسا بە سووتانی هەموو کەشتییەکان، کە دەیتوانی سوپاکەی لە مەکسیك دووربخاتەوە، بەمەش پەیامێکی نارد بۆ هۆزەکانی (ئەزتەك) کە بە هیچ جۆرێك نیازی ڕۆیشتنو گەڕانەوەی نییە، لە هەمانکاتدا هەمان پەیامێکیشی دا بە گوێی سوپاکەیدا کە بڕیاری گەڕانەوە، یاخود هەڵهاتنو پاشەکشەی نییە.

بەم ڕێگایە (کۆرتیز) ڕێگاچارەکان کە لەبەر دەستیدا بوو کەمیکردەوە، بەوەی کە ڕێگاچارەی هەڵهاتنو ڕۆیشتنی دوورخستەوە، ئەم فێڵە سەرکەوت لە ملکەچ پێکردنی هۆزەکانی (ئەزتەك) بۆ کۆرتیز، توانی دەستبگرێت بەسەر مەکسیکدا، کۆرتیز شەڕەکەی بردەوە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو ڕێگا چارانەی لەبەردەستیدا بوو لە جیاتی زیادکردنی.

ئەگەر سەرکەوتیت لە باوەڕپێکردنی لایەنەکەی تر بەوەی کە تۆ سوریت لەسەر تاقە ڕێگایەك، جگە لەوەش هیچی ترت لا نییە، ئەوا ئەو هەوڵدەدات کە ئاڕاستەت نەکات بەرەو ئەو ڕێگا چارەیە.

سەرکەوتن لە یارییەکاندا دەوەستێتە سەر توانای هەرلایەنێك لە باوەڕپێهێنانی لایەنەکەی تر، بەوەی کە ئەو تاقە ڕێگایە بەکاردەهێنێت کە لایەنەکەی تر لێی دەترسێت.

سەرچاوە:- الخلاصات کتب المدیر ورجل الاعمال، (النظریة المباریات فی الادارة والمفاوضات) رئیس تحریر: نسیم الصمادی



لە تورەبونەکەت تێبگە، بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەریدا..

(ئەوەی زیاتر نەرمونیانە، زیاتر سەرکەوتووە)..

کاتێک تەنها چەند هەڵبژاردنێکی سادەمان لەبەردەستدایە، بێزار دەبین لە خۆمانو دەوروبەریشمان، مرۆڤ ٣٠٠٠ هەزار جۆر هەستوشعوری جیاوازی هەیە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی لە چەند دانەیەکی کەمی ئەو هەستوشعورەدا دەژین.

خەڵکی پەنا بۆ ژمارەیەکی کەم لەو کارو کردارو ئاکارانە دەبەن کە وادەکەن هەستوشعورێکی باشتریان بۆ دروست ببێت، لە نمونەی ئەو شتە کەمانەش:

- سەیرکردنی تەلەفزیۆن. -جگەرە کێشان. -لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە خێرایی. -هاوارو ڤیژەو شتی تر.

بەڵام ژیرەکان ئەوانەن کە لیستێکی گەورەیان لە هەڵبژاردنو ڕێگەی دروستکردنی هەستوشعورێکی باشتر بۆ خۆیان دروستکردووە، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند کارێکی باشی وەك:

- ڕۆیشتن. -وەرزش. -پێکەنینو زەردەخەنە. -گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێیەك. -ئەنجامدانی پەیوەندی خزمایەتی. -بەڕۆژوو بوون.

- خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز. -خوێندنەوەی کتێب. -شت کڕین. -مەلەوانی. -یادی خودا. -ئەنجامدانی کارێك. -یارمەتیدانی کەسێك.

- سەردانکردنی نەخۆش. -بەخشین. -بەخشینی خوێن. -چەندین شتی تر.

بەختەوەر ئەو کەسەیە بڕوانێتە دنیاو چەندین هەڵبژاردنو ڕێگەی تێدا ببینێت نەك تەنها یەك ڕێگەو یەك هەڵبژاردن.

(بۆخودی خۆت لە بۆسەدابە)

دەگێڕنەوە کابرایەك هەمیشە خەریکی خواردنەوەی مەی بووە، لە کاتی سەرخۆشییەکەیدا دەستی دەوەشاندو جنێوی دەداو شتی دەشکاندو دەگەیشتە پلەی هەرە نزمەکان، کوڕەکەشی بیری کردەوە ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆئەوەی بتوانێت هاوکاری باوکی بکاتو لەم نەهامەتییە ڕزگاری بکات، ڕێگەیەکی بەبیردا هاتو ئەنجامیدا، کامێرایەکی هێناو لەو کاتەدا کە باوکی گەیشتە ئەو حاڵە بێزراوە ناشایستەیە وێنەی گرتو تۆماری کرد، پاشان کاسێتەکەی پێشکەشی باوکی کرد تاکو بیبینێت، دوای ئەوەی لەگەڵ باوکی دانیشتنو کاسێتەکەی بینیو ئەوەی بینی کە ئەو لەو کاتانەدا کە سەرخۆشە دەچێتە چ حاڵێکەوە، لە خراپیو نەشیاویو سوکی، تەوبەی کردو پەشیمان بووەوەو بە یەکجاری وازی لە مەی هێنا.

کاتێك تورە دەبین هەست بەخۆمان ناکەین، جنێو دەدەین، دەنگمان بەرزدەکەینەوە، ئەزێتی دەوروبەرمان دەدەین.

بیرۆکەیەکی جوانم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەرکاتێك تورەبوی لە کاغەزێکدا بینوسە، لە فلان تورە بوم، لەبەرئەوەی سڵاوی لێ نەکردم، لە خێزانم تورەبوم لەبەرئەوەی لە کاتی خۆیدا خواردنی ئامادە نەکرد، لە کوڕەکەم تورەبووم لەبەرئەوەی لە تاقیکردنەوەکانیدا دەرنەچوو، بەمجۆرە لە هەر شتێك تورەبووی بینوسەو بۆ ماوەی مانگێك لەسەر ئەمە بەردەوام بە، دەبینی ڕۆژانە تورەبوونەکانت کەم دەبێتەوە لەبەرئەوەی ئاگات لێیەتی، یەکەم زانستیش زانینی نەزانییە، یەکەم گۆڕانکاریش لە زانینی کێشەکەوەیە.

خەلیل فەراهیدی دەڵێت: خەڵك چوار جۆرن:

- کەسێك دەزانێو دەشزانێ کە دەزانێ، ئەوە زانایەو شوێنی بکەون.
- کەسێك دەزانێو نازانێ کە دەزانێ، ئەوە خەوتووەو بەئاگای بهێننەوە.
- کەسێك نازانێو دەزانێ کە نازانێ، ئەوە شوێنکەوتەیەو ڕێگەی پێشان بدەن.
- کەسێك نازانێو ناشزانێ کە نازانێ، ئەوە نەزانەو خۆتانی لێ بەدوور بگرن.

ن: عەبدوڵا عوسمان
و: خالید محەممەد



بەشی چوارەم

و: زاهیری شێخ ڕەزا



شایەدێکی ژیر

ئەم بە سەرهاتە لە مەرسیلیا ڕوویداوە، (کە دووەم گەورە شاری فەرەنسایە لە دوای پایتەختەکەی کە پاریسە)، لە سەردەمێکدا کە مافیاکان دەستیان بە سەر شارەکەدا گرتبوو، یاساو پۆلیس هەر بە ناو هەبوون، توانیبوویان هەموو شتێکی شارەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەمەش لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا بوو، یەکێ لە گەورەی مافیاکان هەستا بە کوشتنی یەکێ لە نەیارەکانی، بەڵام دوای ئەو کوشتنە دەسگیرکرا، لە کاتی دادگاییەکەیدا تەنها کەسێك هەبوو شایەتی بدات لە دژی، دادوەرێك دادگاییەکەی بەڕێوە دەبرد کە ئێوارەی ڕۆژی پێشوو بڕێکی زۆر بەرتیلی وەرگرتبوو لە پێناو ئەوەی لە بەرژەوەندی گەورەی مافیاکاندا بڕیار بداتو پیاوکوژەکە بە بێ تاوانی لە دادگا بێتە دەرەوە.

هۆڵی دادگا پڕببوو لە خەڵك، چاوەڕوانی ئەنجامەکەیان دەکرد، لە ناو هۆڵی دادگادا دادوەر بە شێوەیەکی توندو بە دەنگێکی بەرز وتی: پێم بڵێ بە وردی چی ڕوویداوە؟

شایەتەکە بە شێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆ وتی: من دانیشتبووم لە کۆگاکەدا کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو، بەڕێز (فیران) خاوەنی فرۆشگاکە لە دەرەوەی کۆگاکە بوو، لەو ساتەدا گوێم لە دەنگی تەقەی فیشەکێك بوو، لەم کاتەدا بەهەڵەداوان ڕام کردە دەرەوە، بینیم بەڕێز (فیران) لە سەر زەوییەکە کەوتووەو خوێن لە برینەکەی دەچۆڕێ، تەختی ناوچەوانی بە فیشەکێك پێکرابوو، بەڕێز (دیبوا) بەرامبەری وەستا بوو، دەمانچەیەکیش لە دەستیا بوو کە دووکەڵ لە لوولەکەیەوە دەهاتە دەرەوە.

دادوەر بە شێوەیەکی توڕەو بە دەنگێکی ترسناك وتی: ئایا بە چاوی خۆت بینیت کە فیشەکی بە سەری بەڕێز (فیران)دەوە نا؟؟

شایەتەکە بە سادەیی وەڵامی دایەوە: نەخێر بەڵام شێوەی ڕووخساری ئەوەی دەردەخست کە ئەو بەڕێز فیرانی کوشتوە، ساتێ منی بینی بە تیلەی چاو سەیرێکی ڕقاویانەی کردم، دەمانچەکەی کردەوە ناو کیفەکەی، لە سەرخۆ شوێنەکەی بە جێهێشت، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە من ئازایەتی ئەوەم هەبێت شایەتی لە دژی بدەم لە دادگاو لە بەردەم دادوەر.

دووبارە دادوەرەکە پرسیارەکەی بە توندی لێکردەوە: ئایا بینیت لە کاتی فیشەك تەقاندنەکەدا؟؟

شایەتەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: بەڵکو گوێم لە دەنگی فیشەکەکان بوو.......

دادوەر قسەکانی پێ بڕیو وتی: ئەمانەی تۆ باسیان دەکەیت بەڵگەی تەواو نین بۆ سەلماندنی تاوانەکە، چونکە تۆ بە چاوی خۆت نەتبینیوە، دوای ئەوە بە چەکوشە دارەکەی کێشای بە مێزەکەداو وتی: بڕۆ دانیشە.

شایەتەکە ڕۆیشت دابنیشێت، ڕووخساری توڕەیی لێ دەباری، لە مێزی شایەتیدان هاتە خوارەوەو پشتی لە دادوەر کردو بە دەنگێکی بەرز وتی: کە هۆڵەکە هەموو گوێبیستی بوون: ئای لەم دادوەرە بێ عەقڵە هەر لە بەراز دەچێ لە بیرکردنەوەو لە ڕووخساریشدا.

دادوەر لە شوێنی خۆی هاواری کرد بە توڕەییەوە وتی: تۆ چۆن دەتوانی سوکایەتی بە دادگاو لیژنەی دادوەری بکەیتو جنێویان پێ بدەی من بڕیار دەدەم کە تۆ............


شایەتەکە ئاوڕی دایەوەو قسەکانی بە دادوەرەکە بڕیو وتی: بەڕێز دادوەر ئایا تۆ چاوت لە دەمی من بوو کە جنێوم پێدای؟؟

دادوەر بە توڕەییەوە هاواری کرد: گوێم لێبوو، هەموو ئامادەبوانیش گوێبیستی بوون.....

شایەتەکە دووبارە وتەکانی بە دادوەرەکە بڕیو بە پێکەنینەوەو بە زمانێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی: ئەمانەی تۆ باسیان دەکەیت، بەڵگەی تەواو نین بۆ سەلماندنی تاوانەکە، چونکە تۆ بە چاوی خۆت نەتبینیوە.

دادوەرەکە شڵەژاو ڕووخساری سورهەڵگەڕا، ناو هۆڵەکە بوو بە دەنگە دەنگو پێکەنین، هەموو بۆیان دەرکەوت کە جەنابی دادوەر چاك تێکەوتووەو بە قسەی خۆیەوە بووە، دادوەر کەوتە حاڵەتێکی نەخوازراوەوە کە هەرەشە لە سەر شکۆو پلەو پایەو داهاتووی دروست ببوو، هیچ دەرفەتێکی نەبوو تەنها ئەوە نەبێت مل بۆ ڕای گشتی کەچ بکاتو بڕیاری لە سێدارەدانی گەورەی مافیاکان دەربکات، ئەوە یەکەمین بڕیاری لە سێدارەدان بوو کە بەسەر کەسێکی گەورەی مافیادا جێبەجێ بکرێت.

سەرچاوە: (النهر الجاري حكم وروائع من واقع الحياة)لە نوسینی محمد بن عبدالله بن محمد الفريح.



باڵووڵو چارەسەری کێشە دادوەرییەکان

حەکیم جگە لەوەی کەسێکی بیرتیژو زیرەکو لێهاتوو بە ئەزموون بووە، لە هەمان کاتدا لە چارەسەری کێشەدادوەرییەکانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بە جۆرێك کە زۆرێك لەو کێشانەی دادگای ئەو کات بڕیاری گونجاوی لەبارەوە نەداوە، حەکیم توانیویەتی لە ساتێکی کەمدا بە سادەترین شێوەو بە جۆرێك کە هەمووان بە بڕیارەکەی ڕازیبنو بە شێوەیەك دادوەرو دادگاشی سەرسام کردووەو نەیان توانیوە توانج لەو بڕیارە بدەن کە باڵۆلی حەکیم بۆ چارەسەری کێشەکان بڕیاری لەسەرداوە..

ئەو کاتەی کە دادوەرەکانو فەرمانڕەواکان دەستەوسان دەبوونو دۆش دادەمان لە بەردەم کێشەکاندا، حەکیم بە بیری تیژو زیرەکانەی خۆی، هاتۆتە مەیدانو لە چاوترکانێکدا کێشەکەی بۆ چارەسەر کردوون..

لە چیرۆکی ئەمجارەی باڵۆلی حەکیمدا باس لە چارەسەری کێشەیەکی دادوەری دەکەین کە حەکیم زیرەکانە توانیویەتی چارەسەری بکات..

لە سەردەمی حەکیمدا پیاوێکی بەساڵاچوو ماڵئاوایی لە ژیان کرد، ئەم پیاوە خاوەنی دوو کوڕ بوو، کوڕەکانی بە کۆچی دوایی باوکیان زۆر نیگەرانو خەمباربوون، بەڵام ئەوە سوننەتی ژیانەو هیچ کەسو دەسەڵاتێك ناتوانێت بەرگری لە کۆچی ئەزیزانو خۆشەویستانی بکات، ژیانیش هەروابووە ئەوە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە کە پاش ماوەیەك هەموو ئەو کەسانەی دونیا جێدەهێڵن، کەسوکاریان لە بیریان دەچنەوە، بە ئەندازەیەك کە ڕەنگە تەنانەت لە یادیان نەبێت نزایەکی خێریان بۆ بکەن.. ئەم دوو کوڕەش هەروەکو هەموو کەسانی دیکە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر کۆچی دوایی باوکیاندا، بڕیاریاندا ئەو ماڵەی لە باوکیانەوە بۆیان جێماوە، وەکو میراتی لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، باوکیان تەنها (٥) سەر مەڕی لە پاش خۆی جێهێشتبوو، کاتێك وەسیەتەکەی باوکیان خوێندەوە نوسرابوو نیوەی مەڕەکانی بۆ کوڕە گەورەکەیو سێیەکی مەڕەکانیشی بۆ کوڕە بچووکەکەی، ئەوان بە بیستنو خوێندنەوەی ئەم وەسییەتە تووشی شۆکبوونو دەستەوسان بوون لە ئاست دابەشکردنی میراتییەکە، نەیاندەزانی چۆنو بە چ شێوەیەك میراتییەکەیان دابەش بکەن، بڕیاریاندا بۆ ئەو مەبەستە بڕۆنە لای قازی شارو داوای چارەسەرێکی گونجاوی لێ بکەن، کاتێك کێشەکەیان بۆ قازی باسکرد، قازی دەستیکرد بە پێکەنینو گوتی: ئەوە زۆر ئاسانە، ئێستا زۆر دادپەروەرانە مەڕەکانتان لە نێواندا بەش دەکەم، (٣) مەڕ بۆ کوڕە گەورەکەو تەنها مەڕێك بۆ کوڕە بچووکەکە، وتیان ئەی مەڕەکەی تر، قازی گوتی: مەڕەکەی تر بۆ من جێبهێڵن، لە بری ماندووبوونو سەرقاڵ بوونم بە کێشەکەتانەوە..

هیچ کام لە کوڕەکان قەناعەتیان بە بڕیارەکەی قازی شار نەبوو، لەو ساتەدا کە ئەوان دۆش دامابوونو نەیاندەزانی چی بکەن، باڵۆلی حەکیم وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی کە بۆ هەموو شوێنێکی شارەکە دەچوو بە مەبەستی هاوکاریو یارمەتیدانو چارەسەرکردنی گرفتی هاوڵاتیانی شارەکە، گەیشتە دادگاو بینی کە دوو برا بە خەمباری دانیشتوون، کاتێك ئەوانی بینی، پرسی کە کێشەیان چییە؟

ئەوانیش چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە، حەکیم گوتی: خەمبار مەبن ئەوە زۆر ئاسانە، فەرمانی کرد تا مەڕێکی لە مەڕەکانی خۆی بۆ بهێنن، کاتێك مەڕەکەیان بۆ هێنا، مەڕەکەی خستە پاڵ پێنج مەڕەکەی دوو کوڕەکەو گوتی: ئێستا ژمارەی مەڕەکان شەش دانەن، بە کوڕە گەورەکەی گوت: بەپێی وەسیەتەکەی باوکت تۆ نیوەی میراتەکە وەردەگری، بڕۆ نیوەی مەڕەکان ببە بۆ خۆت، کە دەکاتە سێ مەڕ، بە کوڕە بچووکەکەشی گوت: تۆش بە پێی وەسیەتەکەی باوکت سێیەکی میراتییەکە وەردەگری، بڕۆ سێیەکی مەڕەکان ببە بۆ خۆت، واتە لە هەر سێ مەڕ یەك مەڕت بەردەکەوێت، لە کۆی شەش مەڕ دوو مەڕت بەردەکەوێت، ئەو مەڕەش کە دەمێنێتەوە، مەڕەکەی خۆشی بردەوە..

هەردووکیان بە بڕیارەکەی حەکیم زۆر ڕازیبوونو سەرسام بوون بە لێهاتووییو حیکمەتو دانایی باڵۆل.



لە ڕێگەی پژمەكانتەوە بە كەسایەتیت ئاشنابە!

یەكەم: پژمەی حەماسی:-

پژمەیەكی گەورەو بەهێزو لێوان لێوە لە زیندیوویێتی، بەشێوەی (ئاپشووو) دەریدەبڕێت، تایبەتمەندێتی ئەم كەسایەتیە، واتە خاوەنی پژمەی حەماسی:

١- خاوەنی سیفەتی سەركردەیەو كەسێكی سەرنجڕاكێشە، كەسێكی كاریگەرەو خاوەنی بیرۆكەی جوانو گەورەو ناوازەیە.

٢- زۆربەی جار كەسێكە چارەسەری زۆرێك لە گرفتەكانی لادەست دەكەوێت، بە تایبەت لەو ناوچەیەی كە تێیدا دەژی.

٣- سەرچاوەی بیرۆكەی جوانو ئیلهامە بۆ كەسانی دەوروبەری.

٤- لەو جۆرە كەسانەیە كە پەیوەندییەكانی لە سەربنەمای ڕێزی بەرامبەرە، واتە هەر كەسێك بە ئەندازەی خۆی ڕێزی لێدەگرێت.

٥- كەسێكی كراوەو كۆمەڵایەتییە، لێوان لێوە لە گەشبینیو هەڵسوكەوتی سادەو خۆبەكەمزانە.

٦- پیتەكان زۆر بە جوانی دەردەبڕێتو بە توانایە لە قسەكردندا.

دووەم: پژمەی پەسەندو گونجاو:-

ئەو پژمەیەیە كە خاوەنەكەی تا لە توانایدا بێت هەوڵدەدات، دەنگی نزم بكاتەوە، تا بە هێواشی پژمەكەی دەربچێت، دەربڕینەكەی بەمشێوەیە(تتسسس) تایبەتمەندی خاوەنی ئەمجۆرە پژمەیە:

١- كەسێكی بەبەزەییەو ژیان لەگەڵیدا خۆشە.

٢- حەز بە ژاوەژاوو دەنگەدەنگو ڕووناكی ناكات.

٣- كەسێكی بە وەفایە بۆ دۆستو ناسیاوەكانی، لە ڕۆیشتنو قسەكردندا ئارامو لەسەرخۆیە.

٤- حەز بە هەراسانكردنی بەرامبەر ناكاتو لە هیچ ناكۆكییەكدا نابێتە لایەنگری كەس.

٥- گوێگرێكی باشەو بەپێی توانا حەز بە هاوكاریكردنی كەسانی چواردەوری دەكات.

٦- كەسێكە دەتوانیت بەوپەڕی متمانەوە پشتی پێ ببەستی.

سێیەم: پژمە بە وریاییەوە:-

ئەو پژمەیەیە كە خاوەنەكەی لە كاتی پژمیندا دەمی بە دەستەكانی، یان بە كلێنێكس دادەپۆشێت.. شێوەی دەربڕینەكەی (ئاتششش)، تایبەتمەندی خاوەنی ئەم جۆرە پژمەیە:

١- خاوەنەكەی لە هەموو كاروبارەكانیدا چێژ لە ڕێزداریو هاوسەنگی دەبینێت.

٢- وردو وریایەو قوڵ بیردەكاتەوە.

٣- ئەگەر ویستی قسەیەك بكات، قسەكەی دەپێوێتو پێش ئەوەی قسەكەی لە دەم بێتە دەرەوە بیر لە ئەنجامەكەی دەكاتەوە.

٤- ئەو هەڵانە دەگرێت كە بەسەر خەڵكیدا تێدەپەڕنو دركی پێناكەن.

٥- خاوەنی بیرۆكەی گەورەو بنیاتنەرە، بەڵام هەڵێك نادۆزێتەوە تا بیرۆكەكانی تێدا دەرببڕێت.

٦- حەز دەكات بە تێڕامانو سەرنجی وردەوە كتێب بخوێنێتەوە.

چوارەم: پژمەی ترسناك:-

ئەو پژمەیەیە كە دەنگێكی بەهێزی لێوە دێت، كورد وتەنی: دەڵێی تۆپ ئەتەقێنێت، بەمشێوەیە دەریدەبڕێت: (ئاااااتششششووووو) ئەوەندە پژمەكەپی بەهێزە كە حەزناكەیت لە تەنیشتییەوە دابنیشیت، تایبەتمەندییەكانی خاوەنی ئەم پژمەیە:

١- كەسێكە بە خێرایی حوكم دەداتو بڕیاری یەكلاكەرەوە دەردەكات، واتە لە بڕیارەكانی پەشیمان نابێتەوە.

٢- حەزدەكات خەڵكی شوێنی بكەون.


٣- چێژ لە لێهاتوییو كارئاسانی دەبینێت..

٤- ڕقی لە ئیستغلالكردنی بەرامبەرە..

تۆ لە كام جۆرەی؟؟

بکوژی بێدەنگ!

د. ابراهیم فەقێ | و: چیا عەبدوڵا



لە ژمارەی ڕابردوودا باسمان لە جۆرەکانی وتوێژی خودی کرد، گەیشتنیە شێوەی دووەم لە جۆری سێهەم: تەعبیرکردن بەڕاشکاویو قسەکردن بە ئاشکرا:

شێوەی دووەم: وتووێژێکی لێنەهاتووانە:

ڕەنگە لە ڕێگەی وتووێژێکەوە بێت کە ئاماژە بە لێنەهاتوویی ئەو کەسە بکات، بۆ نموونە: لە ڕێگەدا بووم بۆ ئوتێلێك بە مەبەستی وتاردان، دوو کەسم بینی پێکەوە دەدووان، یەکەمیان وتی: من ترسێکی زۆر گەورەم هەیە لە قسەکردن بەرامبەر جەماوەر، نازانم خەڵك چۆن دەتوانێت ئەوە بکات، لە بەرامبەر خەڵك دەوەستێتو خەڵك پێت پێ دەکەنێت، دووەمیشیان وتی: ڕاست دەکەیت، من هەرگیز بەرامبەر جەماوەر نادوێم، ئێستا بابزانین چی ڕوویدا: یەکەمیان چەند شتێکی نەرێنی بەرامبەر بە خۆی گوتو خۆی خستە بۆسەیەکەوە کە خۆی بۆ خۆی دروستکرد، بەوەشەوە نەوەستا کە خۆی بەبێ توانا دەربخات، بەڵکو پشتگیری هاوڕێکەشی کرد کە ئەویش هەست بە هەمان شت بکات.

بەرنامەڕێژی خودی لەم جۆرە ئاماژەی نەرێنی لەخۆ دەگرێت، هەروەها قبولکردنی دەستەواژەی نەرێنی بەرامبەر زۆر مەترسیدارەو دەبێتە هۆکاری دروستکردنی هەستی نەرێنیو ڕووخێنەر، کە توانای نواندنی تۆ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کەم دەکاتەوە، دەکرێت ڕۆژانە تێپەڕبێت بە هەموو شێوەکانی وتووێژی خودی، لە ڕێگای بەرنامەڕێژی، یان دیسان بەرنامەڕێژکردنی عەقڵمان بە چەند ئاماژەیەکی زۆر نەرێنی، بەو شێوەیە جێگیر دەبێتو گەشە دەکات لە قوڵایی عەقڵی ناوەکیمانداو دەبێتە خوو لەلامان، بۆ ئەم مەبەستەش، زانای ئەڵمانی (گۆتە) دەڵێت: (خراپترینو زەرەرمەندترین شەڕ کە تووشی مرۆڤ بێت، گومانی خراپە بەرامبەر بە خۆی).

خۆشبەختانە منو تۆو هەموو مرۆڤێکی تر دەتوانین دەسەڵاتداربین بەسەر وتووێژی خودیدا، دەسەڵاتداربین بەسەر ئەوەی کە بەرنامەڕێژییەکی نەرێنی بگۆڕینو لە شوێنیدا بەرنامەڕێژییەکی ئەرێنی دابنێین، کە هێزی زیاترمان بداتێ، هۆکارەکەشی سادەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمەین تەحەکوم دەکەین بەسەر فیکرەکانماندا، ئێمەین خاوەنی عەقڵمانین لەسەر ئەوەش دەتوانین بیگۆڕین بەپێی ویستمان.

(ئارمست هۆلمند) لە پەرتوکی (بیردۆزی بناغەی زانستی عەقڵ) دەڵێت: (بیرم تەحەکوم دەکات بەسەر ئەزموونمدا، دەتوانم بیرم ئاڕاستە بکەم)، لە پەرتوکی (گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی) (ماریان ولمیسن) دەڵێت: (هەموو چرکەساتێك دەتوانین ڕابردوومانو ئایندەمان بگۆڕین، ئەویش لە ڕێی گەڕانەوەی بەرنامەڕێژی ئێستامان)، لە زانستی (NLP) مەبدەئێك هەیە دەڵێت: (من لێپرسراوم لە عەقڵم، کەواتە من لێپرسراوم لە ئەنجامی کارەکانم).

مافی خۆتەو دەتوانی بەو شێوەیە بیربکەیتەوە کە خۆت دەتەوێتو حەزت پێیەتی، هیچ کەس ناتوانێت بیرو ژیریت ئاڕاستە بکات، بیرکردنەوەکانت تەنها لە ژێر دەسەڵاتی خۆتدایە، ئاڕاستەکردنی وتووێژی خودی بە بارێکی ڕاستدا، زۆر بەسانایی دەتوانێت کە شتی زۆر سەیر ئەنجام بداتو ژیانت ئاوەژوو بکات بە ئاڕاستەی سەرکەوتنو بەختەوەری، لە پەرتوکی (دەست پێشخەربەو بیبەرەوە)، (جان کان فیلدو مارك منسن هانسن) دەڵێن: (ئێمە هەموومان لە یەك ئاستداین، چونکە خاوەنی (١٨) ملیۆن خانەی عەقڵین کە تەنها ئاڕاستەکردنیان پێویستە). پێش ئەوەی نەخشەی گۆڕانکاریت پێبدەم کە بتوانێت هەر دەنگێکی نەرێنی ناوەکیت بگۆڕێت بۆ دەنگی ئەرێنیو کاریگەر.. لە ژمارەی داهاتوودا بە ویستی خودا باس لە شێوازی کاری عەقڵی هۆشیار (بەئاگا) (العقل الواعی)و عەقڵی ناهۆشیار (بێ ئاگا) (العقل اللاواعی) دەکەین.

بەشی پێنجەم



چاکە ون نابێت!

ئا: ئەسکەندەر ڕەحیم

لە ساڵی ١٩٢٠، سەندیکای پزیشکانی بەریتانیا، ئاهەنگێکی بۆ کۆمەڵێك لە پزیشکە تازەدەرچووەکان ساز کرد. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بوو، سەرۆکی سەندیکای پزیشکان، وتارێکی پێشکەش کردو تێیدا چەند ڕێنماییو ئامۆژگارییەکی پێویستی ئاڕاستەی تازەدەرچووەکان کردو بەسەرهاتێکی خۆشی بەمشێوەیە بۆ گێڕانەوە: نیوەشەوێکی پڕ تۆفو ڕەهێڵەو باوبۆران بوو، خاتوونێکی بەساڵاچوو، لە دەرگای ماڵی دامو گوتی: دکتۆرگیان، گرفتارم فریام کەوە، منداڵەکەم زۆر نەخۆشە، باری تەندرووستیی منداڵەکەم پڕمەترسییە، تکات لێ دەکەم چیت لەدەست دێت بۆی، درێغی مەکەو منداڵەکەم ڕزگار بکە.. منیش بێئەوەی گوێ بە ڕەهێڵەو زریانو سەرمای سەختو بارانی بەخوڕ بدەم، دەستوبرد خۆم ئامادە کردو کەوتینە ڕێ، خانووی خاتوونەکەش لە دەوروبەری لەندەن بوو، پاش گەشتێکی دژوار، گەیشتینە ماڵەکەی، سەرنجم دا، ئەو خاتوونە لە ژوورێکی تەنگو تەسکدا دەژیا، منداڵەکەشی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا کووشمەڵەی کردبوو، لە تاوی ئێشو ئازار، پێچی دەخواردو ناڵەو نرکەی دەهات، پاش ئەوەی ئەرکی خۆم بەجێهێنا، دایکی ئەو منداڵە واتە خاتوونەکە، توورەکەیەکی بچکۆلە کە دیاربوو پارەی تێدابوو پێیدام، بەڵام من ڕەتم کردەوە ئەو توورەکەیە وەربگرمو بە داوای لێبووردنەوە بۆم گێڕایەوەو پێم گوت: هیچ کرێیەك لەبری ئەم کارەم وەرناگرمو ئەرکی مرۆڤانەی خۆم جێبەجێکردووە.. جگەلەوەش پێم لەو منداڵە نەخۆشە دانەبڕیو چەند جاری دیکە سەردانم کردەوە، تا خودا شیفای داو بە تەواوی چاك بووەوە، سەرۆکی سەندیکای پزیشکان، درێژەی بە فەرمایشتەکانی داو گوتی: ئا ئەمەیە پیشەی پزیشکێتی؛ باشترین پیشەیە، بۆ نزیکبوونەوە لە خودا... چونکە تۆی پزیشك دەبیتە هۆکاری چاکبوونەوەی نەخۆشەکانو گێڕانەوەی ئاسوودەیی بۆ دڵەکانو ئارامی بۆ نێو ماڵەکان.. سەرۆکی سەندیکا هێندەی نەمابوو، قسەکانی تەواو بکات، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەجێی خۆی هەستاو بەرەو سەکۆی وتاردانەکە ڕۆیشتو لەوێ گوتی: بەڕێز جەنابی سەرۆکی سەندیکا، ڕێم بدە دەستت ماچ بکەم، بیست ساڵە من سەروسۆراغی تۆ دەکەمو بە شوێن تۆدا دەگەڕێم.

من ئەو منداڵەم کە ئێستە لە وتارەکەتدا باست کرد!! پاشان لەبەردەم ئامادەبوواندا گوتی: ئێستا زۆر خۆشحاڵم! دەبا ئێستە دایکم لە دوا هەواریدا بحەوێتەوەو دڵخۆش بێت؛ چونکە تەنها ڕاسپاردەی ئەو، بۆ من ئەوەبوو، کە تۆ بدۆزمەوەو پاداشتی ئەو چاکەیەت بدەمەوە کە تۆ لە کاتی هەژاریو نەداریی ئێمەدا، لەگەڵ ئێمەدا کردووتەو ژیانت ڕزگار کردوم.

ئەو منداڵە هەژارەی ئەو دەمە، ببووە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا "دەیڤد لۆید جۆرج" بوو. کە لە گەرمەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لە "١٩١٦ - ١٩٢٢" سەرۆکایەتی وەزیرانی وڵاتەکەی لەئەستۆ گرتو سەرکردایەتی وڵاتەکەی کردو توانی ئەڵمانیاییەکان ببەزێنێتو بەسەریاندا سەربکەوێت. ئەوەشمان لەبیر نەچێت: چی بچێنین، گەرچی پێیشی بچێت، هەر دەیدروونەوە!



دڵکەش عوسمان

با دڵمان بە وێنەی بەفربێت

لەگەڵ هاتنی سەرەتایەکی نوێو دەستپێکردنی وەرزی زستانداو کۆتایی هاتنی وەرینی گەڵاکانی پاییز، هەورەڕەشەکان هێواش هێواش ئاسمانییان دادەپۆشیو مژدەی بارینی بەفریان دەهێنا، بەڵێ لەگەڵ بارینی یەکەم دڵۆپە بەفری زستانی ئەو ساڵەدا، چاوم بڕییە جوانی بەفرەکەو لێم دەڕوانی، هەستم دەکرد دڵم ئاسودە دەبێت، سەرنجم دا، منداڵە جوانەکەش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، لە بەفرەکە ورد دەبووەوە، چونکە یەکەم جاری بوو دیمەنێکی وەهاجوان ببینێت، سەیری بەفرەکەی دەکردو وتی: بابە گیان: ئەوە چییە؟ باوکیشی سەیری کوڕەکەی کردو وتی: کوڕی شیرینم ئەوە دڵی سپی پاکی هەورە ڕەشەکانە دێتە خوار، منداڵە جوانەکەش وتی: ئەی بابە هەوری ڕەش چۆن دڵی سپییە؟ باوکی وتی: ڕۆڵەی شیرینم ئەگەر ئەو هەورە ڕەشە نەبێت، ئەوا ناتوانێت دڵێکی سپیو پاکی هەبێت، سەیرکە کوڕە جوانەکەم، چەندە دیمەنێکی سپیو سەرنجڕاکێشی هەیە، بەڵام منداڵەکە سەری سوڕمابوو کە هەتا دێت دنیا جوانتر دەبێتو سپیتردەبێت! پاش ماوەیەك هەورەکان سپی بوونەوەو دنیا بەتەواوی ڕوون بووەوە، منداڵەکە هاواری کردو وتی: بابە.. بابە! هەورە ڕەشەکان ڕۆیشتن، بەڵام دڵە سپییەکانیان بۆ ئێمە جێهێشت! باوکی وتی: کوڕم خوای گەورە لەو هەورە ڕەشانە ئەو بەفرە سپیو پاکەی بۆ ناردوین، کە میهرو بەزەیی خودای گەورەیە، بۆیە کوڕم بزانە کە مرۆڤەکانیش بەم جۆرە دەژین، هەندێك کەس هەن کە دڵیان وەك بەفر پاكو سپییە، لە دوای خۆیان جوانترینو بەنرخترین شتمان بۆ جێدێڵن، وەك بەفرەکە جوانەو حەزیان پێدەکەین، هەندێکیش هەن هەرچەندە خۆیان جوانن، بەڵام شتانێك جێناهێڵن کە سوودمان پێبگەیەننو حەزیان پێبکەین!!

لێرەوە تێدەگەین کە خودای گەورە دڵێکی پاکی پێبەخشیوین، لەبەرئەوە ئێمەی مرۆڤ هەر چۆن بینو ڕووخسارمان هەر ڕەنگو شێوەیەك بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو دڵە پاکەی خودا پێی بەخشیووین، بیپارێزینو هەرگیز نەهێڵین ڕەش ببێت، دەبێت هەوڵ بدەین تا دڵەکانمان وەکو بەفر سپی بێت، سوود بە کەسانی تر ببەخشێتو دڵی کەسانی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ڕۆیشتە هەرشوێنێك دڵۆپێك سپیو پاکێتی جێبهێڵێت، بە جوانیو گەشبینیو خۆشەویستییەوە سەیری هەمووشتێك بکات.

مانای خۆشەویستی!

دەگێڕنەوە کە مامۆستایەکو قوتابییەکی پێکەوە گەشت دەکەن، لـە گەشـتەکەیاندا قوتابییەکە لەگەڵ یەکێك لە گەشـتیارەکاندا دەبێتە هاوڕێو دەیبات بۆ خزمەت مامۆسـتاکەیو دەڵێت: «ئەمە هاوڕێـی تازەی منەو لەگەڵ هاوسـەرە دووگیانەکەیو دوو منداڵی هاوسەفەرمانن لەم گەشتەدا».. ئەم هاوڕێیەم شانەیەکی دەسکردی جـوانو سـەیری هەیە کـە زۆر حەزم لێکـردووە، نرخێکی زۆرم بۆ کڕینی پێشـنیارکردووە، بەڵام ئەو قبوڵی ناکاتو شـانەکەم پێ نافرۆشـێتو دەڵێت: یادگاری کەسـێکی ئازیزێتـیو دەیەوێت بۆ هەمیشـە لای خۆی بمێنێتەوە.. داوات لێدەکەم کە لەگەڵیدا قسە بکەیت تا پێشنیارەکەم قبوڵ بکاتو شانەکەم پێ بفرۆشێت."

مامۆسـتاکەی بە زەردەخەنەیەکەوە وتـی: "کاتێك کە دەڵێت یادگارییـە، واتە دڵی لایەتـیو هۆگرێتی، کەواتە شـتێك کە دڵی کەسێکی تری لە سەر بێت، بە کەڵکی تۆ نایەت..

لەبەرئەوە لە خۆڕایی دۆستە تازەکەت ئەزیەت مەدە".


چەنـد ڕۆژێـك تێپەڕی، کاروانی گەشـتەکە گەیشـتنە نزیك شـارێك، قوتابییەکە چوو بۆ شارەکەو بە دوو هەنارەوە گەڕایەوە، کاتێـك کە کاروانەکە کەوتە ڕێو لە شـارەکە دوورکەوتنەوە، لاوە خـاوەن شـانەکە لەگەڵ هاوسـەرو دوو منداڵەکـەی چوو بۆ لای قوتابییەکەو پێی گوت : «هاوڕێ.. هاوسەرەکەم حەزی لە هەنارە، تەنها تۆ لە شـار هەنارت کڕیوە، ئەگـەر هەنارێکت پێماوە پێمان بفرۆشـە؟» قوتابییەکە بە لاسارییەوە وتـی: "تەنها دوو هەنارم کڕیوە، کە خۆم زۆر حەزم لێیەتی، بەڵام ئەگەر تۆ شـانەکەم پێ بدەی ئامادەم بە خۆڕایی یەکێك لە هەنارەکانت پێ بدەم." پیاوەکە تاوێك دوودڵ بوو، ناچار شـانەکەی پێ داو هەنارەکەی وەرگرتو بردی بۆ هاوسەرەکەی، لەو کاتەدا دوو منداڵە بچوکەکەی بە سەر شـانو ملی دایکیـان کەوتنو داوای هەنارەکەیان کرد، دایکیشـیان چەند دانە هەنارێکی خواردو ئەوی تری بە تەواوی بە منداڵەکانی داو بە هاوسـەرەکەی کە بە سـەر سـوڕمانەوە لێی دەڕوانی گوت: ئێستا کە باش بیر دەکەمەوە دەبینم کە زۆر حەزم لە هەنار نییە، وادیارە منداڵەکان زیاتر لە من حەزیان لێیە.

مامۆستاکەش دوای بینینی ئەم گفتوگۆو سەوداو مامەڵەیە ڕووی لـە قوتابییەکەی کـردو وتی: «بە من بڵێ کە مانای خۆشەویسـتی چییە؟» قوتابییەکەی بە لە خۆ بایی بوونێکەوە وتی: "واتە ئەوەی کە مرۆڤ شـتێکی خۆشـبوێیو بە شـتێك کە زیاتر خۆشـی دەوێ بیگۆڕێتـەوە! وەك ئـەوەی کە مـن هەنارەکەم حەز لێبـوو، بەڵام شـانەکەم زیاتر لا خۆشەویسـت بوو، بۆیە هەنارەکەم بە شـانەکە گۆڕییەوە! مامۆسـتاکەی وتی: بەڵام پێ دەچێت ئەو لاوە خێزاندارە لە تۆ زیاتر لە مانای خۆشەویسـتی تێگەیشتبێت، چونکە نیشانی دا خۆشەویستی واتە ئەوەی کە مرۆڤ لە بەر کەسێك کە خۆشی دەوێت، لە شتێك کە بە خۆشەویستی دەزانێت دەست هەڵگرێت، "قوتابییەکە وتی:"ئەو ئازیزەی کە باسی دەکەیت هاوسەرەکەی بوو کە پێی گوت حەز لە هەنار ناکات!؟" مامۆسـتاکەی بـە دەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: "ئەو ئافرەتە باشـتر لە هەر دووکتان خۆشەویسـتی مانا کرد، ئەو بە کردارو ڕەفتاری خۆی وتی: کە خۆشەویستی واتە ئەوەی کە مرۆڤ لە بەر ئەوانەی کە خۆشـی دەوێن، دەست بە ڕووی شتێکەوە بنێت کە خولیایەتیو بە ئەوانی بدات تا شادیان بکات!"

قوتابییەکە کە بەسەرسـوڕمانەوە لە مامۆسـتاکەی دەڕوانیو وتـی: دەتەوێ چی بڵێیت؟ مامۆسـتاکەی نیو نیگایەکی لە ئاسـۆ کـردو وتی: هیـچ، تەنهـا مانای عەشـقو خۆشویسـتنم گوت!" قوتابییەکـە ڕوانینێکی ماناداری لە شـانەو هەنـاری دووەم کردو بە دەم پێکەنینەوە وتی: دەڵێیت منیش حەزم لەم شـانەو هەنارە نەماوە، چاکتروایە شـانەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنمەوە، هەناری دووەمیشی بە زۆر پێ بدەم تا شانەکە قبوڵ بکات!" قوتابییەکە ئەمەی گوتو بەرەو لای خاوەن شـانەکە ڕۆیشـت. مامۆسـتاکەی سـەیرێکی قوتابییەکەی کردو لە ژێر لێوەوە وتی: "من سەرسـامم لەم خۆشەویسـتیە، کەوا هـەر ڕۆژێك کـە تێدەپەڕێت مانایەکی نوێتری بۆ پەیدا دەبێت."



درەخشان بەهادین



بیڵ کلینتون

بەرزان ئەبوبەکر

ئەو کاتەی باوکێك ماڵاوایی لە ژیان دەکاتو منداڵەکانی تەنیا جێدەهێڵێت، هەمووان ئەسرین هەڵدەوەرێنینو ئاخ هەڵدەکێشینو لەناخـــەوە بەزەییمان بە منداڵەکانیدا دێتـــەوە، ئێمە بێ ئاگاین لەوەی کە خودا کەس تەنیا جێناهێڵێت، ئەگەر بە وردی چاوێك بە لاپەڕەکانی مێژوودا بخشێنین، دەبینین کە زۆرێك لەو منداڵانە بوونەتە کەســـانی ناودارو بە ئەزمـــوونو کاریگەرو لێهاتوو.. لەم گۆشـــە نوێیەدا باس لە چیرۆکی ئەو منداڵە بێ باوکانە دەکەین کە توانیویانە ببنە کەسانی سەرکردەو ناودارو داهێنەر..

لـــە یەکێـــك لـــە قوتابخانـــە ئەمریکییەکاندا مامۆســـتا لە قوتابییەکانی پرسی: کاتێك گەورەبوون دەتانەوێت ببن بەچی؟

هـــەر یەك لە قوتابییەکان پیشـــەیەکیان بۆخۆیان هەڵبژارد، قوتابییـــەك گوتـــی: پزیشـــك، یەکێکی دی ئەندازیار، مامۆســـتا، پارێـــزەر، ...هتد، تەنها یـــەك قوتابی نەبێت وتی: دەمەوێت ببم بـــە ســـەرۆکی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا! ئەم وەڵامە قاقـــای پێکەنینـــی لە نێو پۆلەکـــەدا دروســـتکرد، تەنانەت ئەو هەواڵە گەیشـــتە کەسو کاری منداڵەکەو دراوســـێکانیو دەرەوەی قوتابخانەش، هەمووان بە وەڵامی ئەو خوێندکارە قاقایان لێدەدا، تەنانەت هەندێکیان ئامۆژگارییان کرد کە بیر لە شـــتی واقیعی بکاتەوەو ئەوەندە بەرز نەفڕێت!

ئایـــا ئەو منداڵە ئاواتەکەی هاتە دی؟! بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئاواتەکەی هاتەدی، ئەو منداڵە (بیڵ کلینتون) بوو..

(بیڵ کلینتون) لە ١٩٤٦/٨/١٩ لە دایکبووە، لە دایکێکی بێوەژن لە شاری هوپ، ناوی خۆی (ولیام جفرسون بلایث الثالث)، باوکی بە ڕووداوی هاتووچۆ کاتێك ویستویەتی لە شیکاغۆوە بگەڕێتەوە بۆ هوپ، گیانی لە دەســـتداوە، ئەو ڕووداوەش ســـێ مانگ بەر لە لەدایکبوونـــی (بیـــڵ کلینتون) بووە، دوای کۆچـــی دوایی باوکی، لەگەڵ دایکیو باپیری لە ماڵی باپیریدا ژیان دەگوزەرێنن، دایکی پەرســـتار بووە، باپیریشی بەقاڵ بووەو شەوانەش لە کارگەیەکی دارتاشی پاسەوان بووە.

دواتر دایکی شـــوی کردۆتـــەوە بە (روجر کلینتـــون)، ئەمە ئـــەو ناوەیە کە نازناوەکەی هەڵگرتووە، واتە نازناوی کلنتونی لە هاوســـەری دایکییەوە (روجر کلینتـــون) هەڵگرتووە، بیڵ کلنتون لـــەو باوکەیەوە دوو براو خوشـــکێکی هەیە، لە مـــاوەی ژیانیدا گەیشتووە بە یەکێك لە براکانی، کە ناوی (لیون ریتزنثالر) بەڵام چاوی بە خوشكو براکەی تری نەکەوتووە.

قۆناغی ناوەندی لە ســـاڵی (١٩٥٨ - ١٩٥٩) لە (هت ســـیریکز) دەســـتپێکردووە. یەکێك بووە لەو کەســـانەی کـــە دژی جیاکاری ڕەگـــەزی بووە، هەرچەندە لە خێزانێکی سیاســـەتمەدار نەبووە، کاتێـــك کارەســـاتی (لتل روك) ڕوویدا، بـــە چوونە ژوورەوەی نۆ خوێندکاری ڕەش پێســـت بۆ ناوەندی (لتل روك)، خەڵکی بوونە

32
بڕیار
ژمارە 68 - شوباتی 2014

دوو بەشەوە، بەشێکیان ڕێگرییان دەکرد لە قوتابییە ڕەش پێستەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن، بۆ ناو قوتابخانەی سپی پێستەکان، بەشەکەی دیکەیان پشتگیریان لێ دەکردن.. بیل کلینتون یەکێك بوو لەو کەسانەی کە پشتگیری لێدەکردن.

بە نیسبەت ئەوەوە خوێندنی ئامادەیی قۆناغێکی گەورە بوو، (بیل کلینتون) حەزی بە کاری قوتابخانەو تێکەڵاوی هاوڕێکانی دەکردو لە تیپی مۆسیقای (دی مولی) بەشداری دەکرد.. قوتابخانەکانی (هت سیریکز) خوێندکارە ڕەش پێستەکانیان وەرنەدەگرت، ئەوانیش بە ناچاری دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانەی (لانکستین).

دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی (بیل کلینتون) لە زانکۆی (جورج تاون) درێژەی بە خوێندنی دا، لەو زانکۆیەدا یەکێك بوو لە خوێندکارە چالاكو ناودارەکان، بەشداری کاروباری خوێندکارانی ڕامیاریو سەندیکای دەکردو کاری خۆبەخشانەی ئەنجام دەدا.. هەروەها لە هەمان کاتی خوێندنیدا هاوکاری لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لای سیناتۆر فلبرایت دەکرد.

خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو کرد، لە زانکۆدا پێشبڕکێی خوێندکارە سەرکردەکانی دەکرد، خاوەنی بیرۆکەی جوانو قەشەنگ بوو، پاشان بۆ خوێندنی یاسا پەیوەندی بە زانکۆی (ییل)ەوە کرد.

لە ساڵی (١٩٧٣) بووە مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی (ارکنسو).. ئەو کات تەمەنی تەنها (٢٧) ساڵ بوو، پەیوەندی بە کاری سیاسییەوە کرد لەگەڵ پارتی دیموکرات، هەر لەو ساڵەدا کاندید بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس.. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە ساڵی (١٩٧٦) خۆی کاندید کرد بۆ پێشبڕکێی بەدەستهێنانی پلەی داواکاری گشتی، توانی بە زۆرینەی دەنگ بە ڕێژەی لە ٥٥٪ ی دەنگەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨خۆی کاندید کرد بۆ حاکمی ویلایەتی ئارکنسو، لەو هەڵبژاردنەشدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو بووە حاکمی ویلایەتەکە، ئەو کات تەمەنی تەنها ٣٢ ساڵ بوو، ماوەی دوو ساڵ ئەو پۆستەی بەڕێوەبرد، ئەو کات لەسەردەمی (جیمی کارتر) بوو، دوای دووساڵ واتە لە ساڵی (١٩٨٠) جارێکی تر هەوڵی دا خۆی کاندید بکاتەوە بۆ حاکمی ویلایەتی ئارکنسو، بەڵام ئەمجارەیان شکستی هێنا.

جارێکی دیکە لە ساڵی (١٩٨٢) بۆ هەمان پۆستی حاکمی شاری ناوبراو خۆی کاندید کردەوە، ئەمجارەیان سەرکەوتنی بەدەستهێناو بۆ جاری دووەم بووەوە بە حاکمی شاری ئارکنسو. کلینتون تا ساڵی (١٩٩٢) لە پۆستەکەیدا مایەوە، واتە ئەو کاتەی خۆی کاندید کرد بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا، پروپاگەندەی بەرنامەی هەڵبژاردنی بریتی بوو لە چاککردنو بەرەوپێشبردنی بواری خوێندن، زیادکردی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان، دابەزاندنی باجو دەرامەت، هەروەها داهاتی باج بە یەکسانیو دادپەوەرانە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکات..لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو بووە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها بۆ جاری دووەم لە ساڵی (١٩٩٦) خۆی کاندیدکردەوەو دووبارە سەرکەوتنی بەدەستهێنا.. کلینتون لە ماوەی دەسەڵاتیدا هەوڵی دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بری گرنگیدان بە سیاسەتی دەرەوەیان گرنگی بدات بە سیاسەتی نێوخۆیی. هەروەها کلینتون ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی (١٩٩١) لە شەڕی ساردی نێوان ئەمریکاو ڕووسیا.. بە کۆتایی هاتنی ساڵی (١٩٩٢) ئەمریکاییەکان بە هۆی دابەزینی بەرهەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.. لە دوودڵیو نیگەرانیدا بوون، هەروەها دیاردەی پێکدادانی ڕەگەزی، تاوانو هەژاری باڵی بەسەر ئەمریکادا کێشابوو، کلینتون لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا، بەکەمکردنەوەی ئەو دیاردانەو پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی تایبەت لە میزانیەی ئەمریکا، هەروەها ڕەخساندنی هەلی خوێندنو بوژاندنەوەی بواری ئابوری لە پێناوی چینی مامناوەندو هەژاری ئەمریکاییەکان.

هەرچەندە کۆنگرێسی ئەمریکی زۆرینەیان سەربە پارتی کۆماری بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کلینتون هاوڕابوو لەگەڵیاندا. توانی تا ساڵی ٢٠٠٢ چارەسەری کورتهێنانی بودجەی ئەمریکا بکات..

سەرەڕای ئەوەش حکومەتی ئەمریکی توانی لە ساڵی ١٩٩٨ (٧٠) ملیار دۆلار پاشەکەوت بکات، کە لە ساڵی ١٩٦٩ بەدواوە هیچ کام لە حکومەتەکانی ئەمریکا نەیانتوانی بوو، دەستکەوتی لەو شێوەیە بەدەست بهێنن، هەروەها توانی (٥) ملیۆن هەلی کار بۆ بێکاران بڕەخسێنێت.

لە (١٦) تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩٣) کلینتون واژۆی گێڕانەوەی سەربەستی ئاینی لە وڵاتەکەیدا کرد، کە مەبەست لێی پاراستنی بیروڕوای جیاوازو سەربەستی ئاینی بوو لە سەرانسەری وڵاتدا.. وەکو قوتابخانەکانو شوێنی کارکردن.. هەروەها بڕیارێکی دەرکرد بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای باڵا، کە لە ساڵی (١٩٩٠) دەرچووبوو، دەسەڵاتی زیاتری دا بۆ ڕێکخستنی سەربەستیو دەربڕینی بیروڕای ئاینی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..

هەروەها کلینتون کاری کرد بۆ چاکسازی لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتیو تەندروستیدا، بۆئەوەی هاوکاری ملیۆنان هاوڵاتی ئەمریکایی بکات، کە داهاتێکی کەمیان هەیە، باجیش دەدەن بە حکومەت، بەڵام توانای خزمەتگوزاری تەندروستیو چاودێری کۆمەڵایەتیان نییە، ئەو کات نزیکەی (٦٠) ملیۆن هاوڵاتی ئەمریکایی خاوەنی بیمەی تەندروستی نەبوون، بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان هەژارو دەوڵەمەندا لە ناو ئەمریکادا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کلینتون لە پرۆسەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتنی بەدەستهێنا.. هەروەها لە جوڵانەوەو بوژانەوەی ئابوری ئەمریکا، دابەزاندنی باج لەسەر چینە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگە..

بەڵام کلینتنون نەیتوانی قەناعەت بە وڵاتانی ئەوروپا بکات لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی بەهێز سەبارەت بە بۆسنە، لەگەڵ ئەوەشدا کە سزاکانی سەر وڵاتی صربیای توندتر کردو ناوچەی دژەفڕینی بۆ دانا، هەڵوێستەکانی گەلی ئەمریکای یەکخست، بەشێوەیەك کە حکومەت هەرچی بوویێت لە بەرژەوەندی گەلەکەی ئەنجامی بدات.


هەستەکانت پاك بکەرەوە

ئەگەر سەیرێکی ئەو سرووشتە بکەین کە دەورەی داوین لە دەریاو شاخو نشێوی‌و ڕووبارەکان، لەگەڵ هۆکارە سروشتییەکانی وەك پلەی گەرمی‌و پەستان‌و باو باران، هەموو ئەو دروستکراوانەی لەلایەن خوای باڵادەستەوە بەدیهێنراون، لە ڕووەك‌و گیانلەبەرو ئەوانی تر، هەست بەو حیکمەتەی خوای تاك‌و تەنیا دەکەین لە دروستکردنی ئەم ژینگە هاوسەنگەدا، پێویستە لەسەر جوانترین دروستکراوەکانی کە ئێمەین، پارێزگاری لە توخم‌و پێکهێنە سرووشتییەکانی بکەین، هاوسەنگی ژینگەیی‌و زیندەیی بپارێزین، خوای گەورە لە ئێمەدا پێنج هەستی داناوە، یەکێکە لە نیعمەتەکانی بۆ چێژوەرگرتن لەوەی دەستمان دەکەوێت لە دنیادا، مرۆڤ دەتوانێت ئەم هەستانەی بەکاربهێنێت‌و گەشەی پێ بدات، ئاڕاستەی بکات بۆ ئەو شتانەی کە سوودی هەیە بۆی.

ئەوەی مرۆڤ پێی گەیشتووە لە ماوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، لە ئامڕازو کەرەستەو ئامێری تەکنیکی، نەبووەتە هۆی دەست بەسەراگرتنی ئەم سەرچاوە سروشتیانەی کە لەبەردەستماندایە، بەڵکو هۆیەك بووە بۆ لەناوچونی بڕێکی زۆر لەم سەرچاوانە، بەرهەمەکانیش کاریگەری خراپیان هەبووە لە گۆڕینی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، بووەتە هۆی گۆڕینی سرووشتی ڕەمەکی مرۆڤ، بێگومان هەستەکانی مرۆڤیش بەسەلامەتی دەرنەچووە، بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی جوڵەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی‌و زانیارییەکان لە بواری گەیاندندا، یان پیشەسازی‌و وەبەرهێنان، لەبەرئەوەی هەستەکانی مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، پێشدەکەوێت، یان لەناو دەچێت لەگەڵ گۆڕانی هۆکارە دەرەکییەکاندا، پیسبوونی هەستەکان پەیوەستە بە هۆکارەکانی سەردەم‌و پێشکەوتنەوە، بەتایبەتی لە ناوچە پیشەسازییەکاندا ئامێرو هۆکارە تەکنیکیە نوێیەکان بەکاردەهێنن، درك بەو زیانە گەورەیە دەکەین کە مرۆڤ لێی کەوتووە لە بەرامبەر هەوڵدان‌و پێشبڕکێ بۆ گەشەسەندن! تاك هەست بەوە ناکات گەشەسەندن‌و پێشکەوتنی بەردەوام کاریگەری هەیە لەسەری. پێشکەوتنی پیشەسازی‌و گەشەسەندنی زانست پیسبوونی ژینگە زیاتر دەکەن، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئێمە، لەسەر پیسبوونی تواناکانمان بۆ جیاکردنەوەی هەستە جیاوازەکان، هەروەها نەمانی ئارامی، توانای تەئەمول کردن یەکێکە لە هۆکارەکان بۆڕاگرتنی هاوسەنگی، جێگیری ناوەکی لای تاك وادەکات چاو چێژ لە وێنە جوانەکان نەبینێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەستی چێژو جوانی لە چاودا، ئەمەیە وامان لێدەکات بینینێکی پوختمان نەبێت، بینینێك دوور لە ئاڵۆزی‌و بەرژەوەندی‌و ماددی بوون. هەروەك هەستی بینین کاری تێکراوە، هەستەکانی تریش بێکاریگەری نین، وەك هەستی بیستن، ئەو ژاوەژاوەی لە ماڵ‌و کۆڵانەکاندا، لە دووکان‌و شوێنە گشتییەکاندا، هۆڕنی ئۆتۆمبێل، ئامێرەکان، درووستکردنی باڵەخانەو چاکردنەوەی ڕێگاکان، تەسجیل‌و ڕادیۆ، بڵندگۆ لە هەمووشوێنێك.

دەبینین هۆیەکانی خۆشگوزەرانی‌و ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیری، بوونەتە هۆی بێزارکردنی کەسوکارو دراوسێ‌و خەڵکانی تر، هەروەها بۆ گیانلەبەرانی تری وەك ئاژەڵ‌و باڵندەکان. لە کاتێکدا ئەمە لە گوندەکاندا کەمە، هەست بەجیاوازییەکی زۆردەکەیت لە تواناو لێهاتوویی خەڵکی گوندەکان، بەهۆی چێژوەرگرتن لەو ئارامییە دەرونییەی کە هەیانە لەگەڵ خاوبوونەوەی ماسولکەکان، کاریگەری هەیە لەسەر هاوسەنگی سۆزو نەفس‌و ڕێژەیەکی بەرز لە تەرکیز، ڕێژەیەکی کەمتر لە دڵە ڕاوکێ‌و دوودڵی ئەمەش لە هەڵسوکەوتیاندا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوانی تردا، زۆربەرکەوتن بەژاوەژاو کاریگەری هەیە لە درێژماوەدا، لەسەر زۆربوونی ڕێژەی ماندو بوون، نەمانی تەرکیز، هەروەها دەبێتە هۆی زۆر کێشەی وەك کەم خەوی‌و ڕاچڵەکان لە خەو.

کاتێك هەستەکان تێر دەبن بە هۆیەکانی پێشکەوتن‌و سەردەم، هەستەکان ناتوانن تامی جوانی خەندەیەکی بچووك لە ڕوودا بکەن، هەروەك زمان تامی شیرینی شەکر دەکات، دواتر تامی میوەیەکی سروشتی کاریگەری نییە، یان نەفسمان ئارام نابێتەوە بە بۆنی گوڵاوی یاسەمین، هەست بە بۆنی ئەو گوڵانە ناکەین لە چواردەورمانن، بە هۆی دووکەڵی ئۆتۆمبێل‌و تەپ‌وتۆزەوە، نابێت ئەم کاریگەرییە بەکەم بگیرێت، چونکە بەسەر تاکدا دەشکێتەوە، لەسەر نەفسیەتی‌و توانای خۆڕاگری، بەخراپی کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی، توانست‌و ئەدای کەسەکە، وای لێدەکات هەست بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، هەڵگەڕانەوەی میزاج‌و هەڵگەڕانەوەی هەستی کتوپڕ بێت، وەك هەستکردن بە خۆشی‌و بەدوایدا هەستکردنی کتوپڕ بە دلگرانی‌و خەم.




ن: عبدالزیز الخضراء
و: جەلال عەبدوڵا حاجی

پەروەردە









ژیان فێری کردم

ژیان فێری کردم

هەموو مرۆڤەکان لە ساتەوەختی لە دایکبووندا یەکسانن، بەڵام لە کاتی ماڵاوایی هەمیشەیی لە ژیان جیاوازن، ئەوەش واتە سەرەتا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ کۆتاییە!

ژیان فێری کردم

هەژارترین کەس، ئەو کەسەیە کە بەبێ هیواو ئاوات ژیان دەگوزەرێنێت.

ژیان فێری کردم

تووڕەیی کەسی نەزان لە قسەکانیدایە، بەڵام تووڕەیی مرۆڤی ژیر لە کردەوەکانیدایە.

ژیان فێری کردم

بۆئەوەی هیواو ئاواتەکانت بەدیبهێنیت، پێویستە ئازارو ناڕەحەتی وەکو بەشێك لە داواکارییەکانی ژیان، قبوڵ بکەیت.

ژیان فێری کردم

بەختەوەری لە ئاسمانەوە بەسەرماندا دانابارێت، بەڵکو دەبێت لە زەویدا بیچێنین، بۆئەوەی بتوانین بیدوورینەوە.

ژیان فێری کردم

ئەو کەسەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەمووشتێك دەزانێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە هیچ شتێك نازانێت.

ژیان فێری کردم

سەروەتو سامانو دارایی زۆر، وەکو هەژارییەکی ڕیسواکەر وایە، هەردووکیان ویژدانی خاوەنەکانیان وێران دەکەن!

ژیان فێری کردم

مرۆڤەکان دەریایەکیان دەوێت، ئاوەکەی سازگار بێت، بۆئەوەی لێی بخۆنەوە، پاشان بە خەمەکانیان سوێری بکەن.

ژیان فێری کردم

قسەو دەربڕینەکانمان بەرگو پۆشاکی بیروبۆچوونەکانمانن، پێویستە بیروبۆچوونمان بە بەرگی شڕو کۆنو دڕاو ڕووپۆش نەکەین.

ژیان فێری کردم

نە لەگەڵ کەسی زیرەكو ڕەوانبێژ، نە لەگەڵ کەسی نەزان دەمەقاڵێ مەکە، چونکە کەسی ڕەوانبێژو زیرەك بەسەرتدا سەردەکەوێت، کەسی نەزانیش ئازارت دەدات.

ژیان فێری کردم

هەموو شتێك لە ژیاندا ئەگەر زۆربوو بێ نرخ دەبێت، تەنها ئەدەبو خوڕەوشت نەبێت، هەتا زۆربێت بەنرختر دەبێت.

ژیان فێری کردم

ئێمە ناتوانین ئاڕاستەی با بگۆڕین، بەڵام دەتوانین چارۆکەی کەشتییەکە ڕێك بکەینەوە بەپێی ئاڕاستەی با..

ژیان فێری کردم

ئەگەر دەتەوێت ژیانت بەختەوەرو ئاسودە بێتو ڕۆژگارەکانی ژیان بە ئاسانی بەسەرتدا گوزەربکەن، هەوڵبدە لە هەموو کاروبارەکان چێژ وەربگریت، تەنانەت ئەگەر قورسو سەختیش بێت..

سازانی پەروەردەیی

گوڵاڵ حەمەئەمین

زۆریـــك لە دایـــکانو باوکان، یان خانەوادە بە گشـــتی باپیرەو داپیرەو مامو پور... لە دوای بوونی منداڵ کێشـــە گەلێکیان تووش دەبێـــت بە هۆی ڕای جیاواز لەســـەر پەروەردەی منداڵ کە لە نێو کوردەواریـــدا بەدوو پەروەردە ناســـراوە، دەبینیـــن ئەو منداڵانەی دوو پەروەردەبوون ناهاوســـەنگنو دەبنە هۆی کێشەو نیگەرانی بۆ خۆیانو خانەوادەیان.

دوو پەروەردەیی بریتییە لە ڕێکنەکەوتنی گەورەکان لەســـەر ئاڕاستەکردنی منداڵ، وەك ئەوەی باوك بڵێ ئەو شتەت بۆ ناکڕم، دایـــك دەڵێت خۆم بـــۆت دەکڕم، یاخـــود دایك دەڵێـــت: چکلێتو شـــیرینی زۆر مەخـــۆ داپیـــرە دەڵێت: بیخـــۆ.. منداڵیـــش توانای جیاکردنەوەی باشو خراپی نییە، دەبینی ناتوانێت لەســـەر ئاکارو ڕەوشتی شیاو گەشە ناکاتو هەمیشە لاڕێ دەگرێت بۆبەدەستهێنانی داواکەی پەنادەباتەبەر ئەو کەســـەی کە جڵەوی بۆ شـــلکردووە تا دەگاتە تەمەنێك کە کاتی پەروەردەو فێرکردنی بەســـەر دەچێتو سەرەنجام زۆر کات کەســـێکی بێبەرنامەی شکستخواردو پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێت.. دەپرســـین باشە باوك ڕقی لە منداڵی خۆی هەیە؟ یاخود دایك؟ یان هەر کەســـێکی دی؟ کاتێك ڕێ لە منداڵ دەگـــرن لە شـــتێکی دیاریکراودا، بێگومان نەخێـــر، ئایا دایك، یان بـــاوك مافی ئـــەوەی نییە منداڵەکەی ئاڕاســـتە بکات؟ با کەســـی بەرامبەر بپرســـێت ئەو ڕێگری کردنە بۆ ئەوە نییە کە منداڵێکی بەهێزتـــرو باشـــترپێبگات؟! کەوایە بۆ ڕێی پێنەدەیـــن، باوك لە خێزانـــدا تەنها دابینکردنی بژێوی ژیانی لە ئەســـتۆ نییە، بەڵکو دەبێـــت ڕۆڵی گرنگی هەبێـــت لە ئاڕاســـتەکردنی ڕۆڵەکەی، دایك تەنها ئەرکی ئازاری پێ نەبڕاوە، بەڵکو مامۆستایەتیو پەروەردەیی جگەر گۆشـــەکەی نیـــوەی کارەکەیەتی، وەلی بـــە داخەوە هەندێ کەس تەنهـــا ماندووبوون بە بەرامبەریان ڕەوادەبینن لێرەشـــەوە لایەنی بەرامبەر پەنگ دەخواتەوەو زۆرجار دەبێتە کێشەی گەورە، لە ژمارەکانی پێشـــودا باسمان لە گرنگی خۆشەویستیو ئەوینداری کـــرد لە ژیانـــی منداڵدا بەڵام خۆشەویســـتییەك کە پـــەروەردەو پێگەیاندنـــی لـــە خۆگرتبێت پتەوکـــردنو ڕاهێنانی کەســـایەتی منداڵی هەڵگرتبێت، هەرچی ویســـت بیـــکاو بیخواو بیکڕێ، چۆن فێری ژیانو ژیری دەبێت، دایکو باوك پێویستە ڕێکبکەون لەسەر شـــێوازێکی پەروەردە بۆ نموونە کاتێك باوك دەڵێ ئەمڕۆ ناتوانم بتبـــەم بـــۆ بازاڕ، یـــان بۆپارك، یـــا... دایکیش بڵێ باوکت ڕاســـت دەکات ئەمـــڕۆ ناتوانێت، لێرەوە منـــداڵ دەزانێت گەورەکان تەواو دەڵێـــن، بەڵام کاتێك ڕای جیاوازیان دەبێـــت منداڵ واتێدەگات کە دایکی باشـــەو باوکـــی خراپە، چونکە پێچەوانەی خواســـتی ئەوە، هەروەهـــا داپیرەو باپیـــرە با ئەو مافە ڕەوابببینن بە دایکو باوکی منـــداڵ تامنداڵەکانیـــان بەو شـــێوەیە پەروەردەبکـــەن کە خۆیان دەیانەوێت، کێشـــەیەکی دی کە دایکو بـــاوك لێك دووردەخاتەوە، بەکارهێنانـــی مناڵ لـــە دژی یەك، خاڵێکـــی زۆر گرنگو پڕبایەخ دایـــکو باوك پێویســـتە ڕەچاوی بکەن، یەکتـــر بێ ڕێزنەکەن لای منداڵەکانیـــان، چەند ڕق لـــە دڵتابێت لە هاوســـەرەکەت نیگەران بیت کێشە لە نێوانتاندا بێت، نابێت بە هیچ جۆرێ منداڵ بخەنە بەرەی لایەکتان، چونکە جگە لەوەی هەستی نائارامی دەروونی بۆ دروســـتدەبێت، لە هەمانکاتدا متمانەی بـــە خانەوادەکەی نامێنێ حـــەز بە دوورکەوتنـــەوە دەکات لەو خێزانـــە، هەروەها لایەنگری بـــۆ هیچ کامیان نامێنێ لە داهاتودا، ڕەشـــبین دەبێت لە داهاتودا بەرامبەر پێکهێنانی خێزان، دایکانو باوکانی ئەزیز خۆشەویســـتی ڕاســـتەقینەتان بۆ منداڵەکانتان ئەوەیە کە بەکێشـــەی خۆتانەوە ســـەرقاڵی نەکەن، دەروونی بە کێشەوە نیگەران نەکەن، دونیایەك لە جوانیو ئومێدو گەشبینی پێشکەش بکەن تاببێتە سێبەر بۆتان بەچاوی ســـۆزو خۆشەویســـتییەوە لە خێزانو خانەوادە بڕوانێت، ئـــەو گەر هاتو ڕۆژێك دایك، یان باوك هەڵەبوو، بەرامبەر منداڵ بـــا لە پێش چاوی منداڵدا بەرامبەر ئاگاداری نەکاتەوە، بەڵکو لای منداڵ بڵێت دایکت ماندووە، یان باوکت خۆ تۆی زۆر خۆشدەوێت، ئەهـــا ئەوەی بۆ کردی، باســـی چاکەکان بهێنـــەرەوە یادی، کاتێك تەنهابوون دەکرێت تێبینی بدەیت بە هاوســـەرەکەت لەسەر شتێك کە پێویســـت نەبوو بەو شـــێوەیە بێت، بە هیـــوای ئەوەی منداڵی هەمووان لە ترۆپکی چاکیو پاکیدا گەشە بکات.





دیاری ئاکۆ

بەشی دووەمو کۆتایی

هونەری ڕەخنەگرتن

هیوادارم لەکاتی ڕەخنەگرتندا ئەم ڕێگایە بگریتە بەر، واتە «لەسەر شـێوازی دروستبوونی سەندویچ»؛ چونکە یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان، کە وەکو دکتۆرێك مامەڵە لەگەڵ عەتفو سۆزی مرۆڤدا دەکاتو ناهێڵێت زویر بێت.

٢- ئەگەر خۆت کەموکورتییەکت هەبووەو بەهۆی ڕەخنەی بنیاتنەرانەی کەسێکەوە چاکت کردووە، بۆ کەسی ڕەخنە لێگیراوی باس بکە:

خۆشەویسـتم خوێنەری هێـژا، تۆ کاتێك گولاجێـك، یان حەبێك

دەخۆیت دیارە کە بە یارمەتی قومێك ئاو قوتی دەدەیت.

بۆ ئەوە خاڵی یەکەم کە (پێوستە خۆمان وەك مامۆستایەك نیشــان نەدەینو ئەویش وەك قوتابییەك) باسمان کرد ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە کە ئەم خاڵە جێبەجێ بکەیت، چونکە خاڵی یەکەم وەك حەبێك وایە کە ئازاری دڵی زویر بووی کەسی رەخنەلێگیراو سارێژ دەکات، دیارە کە ئەم حەبەش پێوستی بە چەند قومە ئاوێکە کە ئەویش خاڵی دووەمە کە دەڵێت: (ئەگەر خۆت کەموکورتییەکت هەبووەو بەهۆی رەخنەی بنیاتنەرانەی کەســێکەوە چاکت کردووە، بۆ کەســی رەخنــە لێگیراوی باس بکــە)؛ چونکە لــەم رێیەوە مرۆڤی رەخنە لێگیراو هەســت بە سەرشۆری ناکاتو وانازانێت کە تەنها ئەم بە هەڵەدا چووەو تۆ خۆت لەو بە باشتر دەزانیت.

٣- لــە کاتی رەخنە لێگرتنەکــەدا داوا بکە کە هەر کات تۆ کەموکورتییەکــەت هەبــوو، ئەو پێت بڵێتو پێشــی بڵێ کە تۆ بەوپەڕی دڵ فراوانییەوە رەخنەکەی وەردەگریت، ئەگەر وەهات پێ گــوت، ئیدی ئــەو رەخنەکەی تۆ بەوپــەڕی دڵفراوانییەوە وەردەگرێتو هەست ناکات کە تۆ خۆت لەو بە باشتر دەزانیت.

٤- ئەگەر بۆت دەکرێت قســەی مامۆســتایەك، یان زانایەك بەکاربهێنە، چونکە ئەمە وادەکات کە کەسی بەرامبەر واهەست بکات کە تۆ ناتەوێت خۆت وانیشــان بدەیت کە خۆت بە باشتر لەو لە قەڵەم دەدەیت.

٥- هونەری دەربڕین بەکاربهێنە: گرنگ نییە کە قسەکەت تا چەندە حەقەو ئەو رەخەنەیەی کە دەتەوێت بیگریت تا چەندە لە جێی خۆیەتی، گرنگ ئەوەیە کە چۆن دەریدەبڕیتو مامەڵە لەگەڵ هەســتی بەرامبەردا دەکەیت، دەگێڕنەوە پاشایاك خەون دەبینێتو پاش لەخەو هەســتانی داوا دەکات کە یەکێکی شارەزا لــە خەو شــیکردنەوە بانگ بکەن، دوای ئــەوەی بانگی دەکەنو پاشا ئەوەی رووداوە بۆی دەگێڕێتەوە، کابرای خەون شیکار پێی دەڵێت: پاشــام، مانای ئەم خەونە ئەوەیە: هەموو خانەوادەکەت لە پێش تۆدا کۆچی دوایی دەکەن، کاتێك پاشــا ئەمە دەبیستێت زۆر لەسەر دڵی گران دەبێت، فەرمان بە کوشتنی دەکات.

پاشــان داوا دەکات شارەزایەکی باشتری بۆ بانگهێشت بکەن، پاش بانگهێشــتکردنی کەسێکی تر دیسانەوە ئەوەی لە خەونیدا بینیویەتی بۆ ئەمیشی دەگێڕێتەوە، ئەمیش وەك خەون شیکاری پێشوو، هەرهەمان شیکردنەوەی بۆ دەکات، بەڵام بە دەربڕینێکی ترو دەڵێت: پاشام، مژدەت لێبێت، مانای ئەم خەونە ئەوەیە کە تۆ کۆتا کەســی خانەوادەکەت دەبیت کە کۆچی دوایی دەکەیت. پاشــاش ئەم هەڵوێســتەی پێ پەســەند دەبێتو داوا دەکات کە گەورەترین خەڵاتی بکەن.

ئایا هەردوو خەون شیکار یەك جۆر شیکردنەوەیان نەکرد؟ ئەی چی بووە هۆی ئەوەی یەکەمیان مەرگــو دووەمیان خەڵاتی پێشکەش بکرێت؟ سادە بڵێین: "تەنها هونەری دەربڕین". تۆش پێش ئەوەی رەخنە بگریت بۆ چەند ساتێك بیربکەوە کە چۆن ئەم رەخنەیە بگرم؟ خۆ ئەگەر راوێژ بە کەســێکی خوێنەوارو دنیا دیدە بکەیت، ئەگەری زۆرە ئامانجەکەت بپێکیت.

٦- لــە ئاســتی رۆشــنبیری کەســی بەرامبەردا قســەکانت دەربڕە:-

هەزار میهری ئیلاهی لەســەر ئەو دانایەی کە فەرموویەتی: بــە زانایی قســە لەگەڵ نەزانێکــدا مەکە، چونکــە بە نەزانت دەزانێت، بە نەزانی قســە لەگەڵ زانادا مەکە، دیسانەوە ئەویش بە نەزانت دەزانێت.

بۆ نموونە: کاتێك رەخنە دەگریت لە کەسێك کە مامۆستاتە، یان کەسێکە کە ئاستی رۆشنبیری لە پلەیەکی بەرزدایە، باوەك رەخنەیــەك نەبێت کە لــە نەخوێنەوارێکــی دەگریت، چونکە ئەگەر لە رۆشــنبیر رەخنە بگریت بە زمانێك کە بۆ کەســێکی نەخوێنەوار ئاســا بەکاردێــت، ئیدی ئەو پێ دەچێت وا بزانێت تــۆ لە نەزانیتەوەیە، یان دەتەوێت گاڵتەی پێ بکەیت، یان هەر هۆکارێکی تر... بۆیە ئەم رەخنەیەی لێ دەگریت.

یان ئەگەر لەگەڵ نەخوێنەوارێکی ئاساییدا، کە لە ئاستێکدا کە بۆ رۆشــنبیرێك بەکاردێت قســە بکەیــتو رەخنە بگریت، گومــان دەبەم وەك هەمیشــە ئــەم دەســتەواژەیەت بەرامبەر بەکاربێنێت: "بە فەلســەفەوە قسەمەکە. یان دوور نییە بتکاتە گاڵتەجاڕ".

کەوابــوو کاتێك رەخنەت لە هەر کەســێك گرت، بە زمانی ئاستی رۆشنبیرییەکەی بۆی بدوێ، تاوەك کابرای ئەم رووداوەتان لێ بەسەر نەیەت.. دەگێڕنەوە کابرایەك لە گوندێکدا کە تاکەکانی ئەم گوندە خوێندەوارییان نەبوو، خۆی کردبوو بە مامۆســتاو خەڵکی گەلێك بە زاناو دانایان دادەنا، قەدەروا دەبێت، کەسێکی خوێنەوار بــەو گوندەدا تێدەپەڕێتو ســەیرێکی نــاو ئاواییو قوتابخانەکــە دەکات، کــە دەبینێت ئەم کەســەی خۆی کردووە بە مامۆســتا شتێکی وەها نازانێتو بەهەڵە زانیارییەکانیان پێ دەڵێتــەوە، هــەر بۆیە بڕیار دەدات خەڵکــی ئاوایی کۆ بکاتەوە تا بیســەلمێنێت ئــەم بەناو مامۆســتایە تەنانەت نوســینیش نازانێــت، کاتێك خەڵکی کۆ دەکاتەوەو خەڵکی دەوری لێدەدەن، بــە خەڵکەکە دەڵێــت: خەڵکینە وا من دەنووســم مارو داواش لەو دەکەم بنوسێت مار، جا بزانن هی کاممان راســتە، کەســە خوێنەوارەکە دەنووسێت مار، بەناو مامۆستاکەش وێنەیەکی مار دەکێشــێت، پاشان کابرای بەناو مامۆستا روو دەکاتە خەڵکەکەو دەڵێت: خۆ بینیتان کە من راستم نوسی!

خەڵکەکــەش خوێننەوارییان نابێت، دەڵێــن: ئەرەوەڵڵا تۆ راســترت نووســیوە، خۆ ئەو کابرایەی تر خۆشی نازانێت چی نووسیوە!

لە کۆتاییدا:

- دەکرێــت بە رەخنەگرتنێــك ببیتە هۆکاری رووخان، یان بنیاتی کەسێك.

- چۆنییەتی رەخنەگرتن، رۆحی رەخنەی بنیاتنەرانەیە.

- لە کاتی رەخنەدا خۆت وەك کەســێکی باشــتر لە کەسی رەخنە لێگیراو نیشان مەدە.

- هونەری دەربڕیــن، رۆحی دڵڕاگرتنو قەناعەت پێکردنی بەرامبەرە لە کاتی رەخنەگرتندا.

- کاتێك رەخنە دەگریت، لە ئاســتی رۆشنبیری بەرامبەردا قسەکانت دەربڕە.

زۆرجار دیاردەی ترس لە تاریکی لە نێو منداڵانی بچوکو تەنانەت لە گەورەش بەدی دەکرێتو تووشی شڵەژانو خەوزڕانی دەکات. شتێکی ئاساییە لەشی منداڵ بەردەوام لە گەشەکردندایە، هەندێجار وابیردەکاتەوە کەوا لە تاریکیدا زۆر شتی شاراوە هەیە، وەکو ئاژەڵی دڕندەو شتی ترسناك، کەچی لە منداڵانی گەورەدا سەیرکردنی هەندێ فلیمی ترسناكو بەرنامەی نەشیاو لە شاشەی tvیەکاندا وایان لێدەکات هەست بەترس بکەن، بێگومان چەند ڕێگایەکی ئاسان هەیە کە بەو هۆیەوە دایکانو باوکانو خێزانەکان یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەدا.

کاتێك منداڵ هەست بە ترس دەکات وێنەیەکی ناشیرینی ڕاستەقینەی لە هزردا بۆ دروست دەبێت، هەرچەندە لای دایکەکەی ئاساییە هەر بۆیە پێویستە دایك وابکات منداڵەکەی هەست بە ئارامی دەروونی بکاتو پێی بڵێت تاریکی شەو واتا کاتی نووستنەو ڕۆژئاوابووە، گرنگە گفتوگۆو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکەیت، وابکەی بەسادەیی لێت تێبگات، کاتێك وادەی نووستنی دێت دەرگای ژووری خۆتو منداڵەکەت سەرەتا بەکراوەیی بهێڵەوە، تاوەکو هەست بەهیچ جۆرە ترسێك نەکاتو بە هێمنی خەویی لێ بکەوێت، هەروەها باشترە ڕووناکییەکی کەم لە ژوورەکەیدا هەبێت، هەندێجاریش پێدانی یەك کوپ شیر پێش نووستن وای لێدێت زووتر خەوی لێبکەوێت، گێڕانەوەی چیرۆکێکی کورتی منداڵانە بۆیو دانانی کوپێك ئاو لەسەر مێزی ژوورەکەی، بۆئەوەی هەر کاتێك هەست بە تینوێتی دەکاو هەڵدەستێ لە خەو لەو ئاوە دەخواتەوەو بێئەوەی بچێتە ژوورێکی ترو بترسێت..

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو خێزانەکان بەشێوەیەکی نەرمونیانو لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەنو کاتو پرۆگرامێکی ڕۆژانەی ڕێکوپێکیان بۆ دابنێنو کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکەن بۆ گفتوگۆی کراوە، هەموو بە یەکەوە کەوا ئەو ڕۆژەیان چۆن بەسەر بردووەو چییان کردووە، لە هەمووانیش گرنگتر دانانی کاتی نووستنی منداڵەکەت زۆر پێویستە، هەرچەند زووتر بخەوێت ئەوەندە بەسوودترە بۆی، گەورەترین هەڵەش مانەوەی منداڵە بە دیار فیلمو یاری ئەتاریو کۆمپیوتەر تا درەنگانێکی شەو، بێ ئاگاداری دایكو باوك لەم باردۆخەدا هەر خۆیان بەرپرسیاری یەکەمن.



چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت.. بۆ زاڵبوون بەسەرترس لە تاریکیدا؟

رەزوان عەبدولقادر



گوفتارو ڕەفتارت یەکخە!

رۆشنا صالح

زۆررێك لە ئێمە ئەم وتەیە ویردی سەرزاریەتی: (ناخ گرنگترە لە ڕووخسار)، خۆزگە هەر وتە نەبووایە پێشینان دەڵێن: (قسە ناچێتە گیرفانەوە)، واتە: هیچی تێناچێتو ماندوبوونی ناوێت، هەموو کەس دەتوانێت قسە بکات، بەڵام ئەوانە مەردن کە قسەکانیان دەکەن بەرڕەفتار، یان بە ڕەفتارییان پێش گوفتارییان بۆ دەوروبەریان دەبن بە پێشەنگ، تا پێناسەی کەسایەتی خۆمان بە کرداری بکردایە بۆ دەوروبەر، بۆ نموونە لەگەڵ بەساڵاچواندا، ئەو کات خەڵوەتگەو خانەی بەساڵاچووان گەر چۆڵ نەبوونایە بە دڵنیاییەوە کەمترین کەس ژیانی لەوێ بەسەر دەبرد، کاتێك مرۆڤ دەچێت بەساڵدا هەم عەقڵو فامی هەم جەستەو هێزی وەك منداڵی لێدێت، گەر ئەمانە ڕەچاوبکرێت، دەبینین کە چ دونیایەکی جوان بۆ بەساڵاچوان فەراهەم دەبوو، چوون جیاوازی بەساڵاچووانو بە تەمەنەکان تەنها ڕووخسارە، وەك منالان بیانو دەگرن گەر شتێکیان بەدڵ نەبوو، خۆیان پرێس دەکەن، گەر خواردنێکیشیان بەدڵ نەبوو، نایخۆن، هەر شتێکیان حەزلێبێت دەبێت بۆ یان دابین بکرێت، بە زۆر دەبرێن بۆ خۆشۆرین، هەرکات ئارەزوو بکەن دەخەون، یان بەپێچەوانەوە، واتە: هیچ باکی لە ماندووبونو شەونخونی بەرامبەری نییە، ئەم خووانەو چەندانی تر لە منالو بەساڵاچوواندا هاوبەشەو هەیە، تەنها ئەوەی جیایان دەکاتەوە تەمەنو ڕووخسارییانە، منالان ڕووخسارێکی جوانیان هەیە، بۆیە گرنگیان پێ دەدرێتو فەرامۆش ناکرێن، بەساڵاچوانیش خەتی تەمەنو غەمو پەژارەو ژانی ڕۆژگاری تاڵییان لە سیمای پڕلە میهرو خۆنەویستیاندا دەرکەوتووە، ئێمەش بێ ڕەحمانە لێیان بێزارین، ئەگینا هەمان ئەو ناخە جوانو پڕ لە بەرائەتەی منالی ئێمەیان هەیە، ئەو کات ئەوان دارەدارەی گەورەبوونی ئێمە ئاواتیان بوو، بەڵام ئێمە ئێستا مەرگی ئەوان، ئەوان گروگاڵی ئێمە سەرحاڵی دەکردن لە خەندەی خۆشنودی، ئێمە قسەیان دڵتەنگو خەمبارمان دەکات، ئەوان ئاواتیان بوو خواستەکانمان بۆ بهێننە دی، ئێمە بەو ئاواتەوەین خواستیان نەبێت، ئەوان کاتی بێتاقەتی ئێمە دەیانبردینە پارکو گەشتوگوزار، ئێمەش تەنها جێیان دێڵین، یان دەیانبەینە خانەی بەساڵاچووان، ئەوان خولەكو چرکەیان ئەژمارد، بۆ هاتنە دونیای ئێمە، وەلی ئێمە بۆ مردنیان خولەكو چرکە دەژمێرین.



ئا: ئالانی

ڕۆژی خۆشەویستی!

کچێکی قەشەنگو تازە پێگەیشتوو بوو، گەلێك ئومێدو ئاواتی بە ژیان هەبوو، بەڵام بەداخەوە فیلمە ڕۆمانسییەکان بە تەواوی کاریگەرییان لەسەر دانابوو، پێی وابوو جیهانی خۆشەویستی ئەو جیهانەیە کە خەونی پێوە دەبینێتو لە خەیاڵیدا وێنای کێشاوە، لە ناخیدا هەستی بە بۆشاییەکی سۆزداری دەکردو بەردەوام بە دوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا دەگەڕا، بۆ ئەم مەبەستە لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی گەنجێکی باڵابەرزو قەشەنگو لەشولار ڕێکو شیکپۆشی کێشا بوو، بڕیاری دا بگەڕێت تا ئەو ساتەی ئەو کەسەی بە خەیاڵ وێنەی کێشاوە بدۆزێتەوەو پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ دابمەزرێنێت، تا ئەو بۆشاییەی لە ناخیدایە پڕی بکاتەوەو هەست بە ئاسوودەییو بەختەوەری بکات..

ڕۆژێك بە نێو بازاڕدا دەگەڕا، بینی گەنجێکی قەشەنگو لەشولار ڕێکو شیکپۆش بە دیقەتەوە سەیری دەکاتو بۆ هەرکوێ دەچێت بەدوایەوەیەتی، لەبەرخۆیەوە وتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە بەدوایدا دەگەڕێمو خەونی پێوە دەبینم، کەواتە نابێت بهێڵم لە دەستم بچێت، وا هەستیکرد ئەو کەسەی دۆزیوەتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێت، کچە بۆ هەر دووکانێك دەڕۆیشت کوڕە بە دوایەوە بوو، دوای گەڕانێکی زۆرو نزیکبوونەوە لە یەکترو دامەزراندنی سەرەتای قسەکردن، لە کۆتاییدا ژمارە تەلەفۆنەکەی پێداو بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە..

بۆ ڕۆژی دواتر زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا، کاتێك وەڵامی دایەوە دەنگی ئەو کوڕە بوو کە ڕۆژی پێشتر پێی ئاشنا بووە، لەسەرەتادا هەواڵپرسینو کەمێك قسەی خۆش، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیانو نامەگۆڕینەوە زیادی دەکرد، تا وای لێهات پەیوەندییان زۆر توندو تۆڵ بوو، بە ئەندازەیەك لە ڕۆژێکدا چەند جار پەیوەندییان بە یەکەوە دەکردو نامەی ڕۆمانسیو پڕ لە سۆزدارییان دەگۆڕییەوە..

ڕۆژەکان تێپەڕین، کچە زۆر دڵخۆشبوو بە پەیوەندییەکەی، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بە پەیوەندییەکەیان نەزانێت..

ئەو ڕۆژەی کە ناونراوە ڕۆژی خۆشەویستی، هاتە پێش، کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ خاتوون کردو پێی گوت: کە دەمەوێت لە فلانە پارك بە دیدارت شادبم، تا بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە جوانترین چەپکە گوڵی خۆشەویستیت پێشکەش بکەم، کاتو شوێنیان دیاریکردو بۆ جێ ژووان کەوتنە ڕێ، کاتێك کچەکە گەیشت، لە مێژبوو کوڕە بە چەپکێك گوڵی سورەوە بۆ پێشوازی ڕاوەستابوو، بەڵام چ چەپکە گوڵێك؟

چەپکە گوڵێك کە بە ماددەی هۆشبەر ڕووپۆش کرابوو، تەنها یەك بۆنکردنو هەڵمژینی هەناسەیەکی بەس بوو، بۆئەوەی سەرخۆش ببێتو بکەوێتە کەشێکی ڕۆمانسییەوە!

هەر بەو شێوەی پیلانەکەی دارشتبوو، دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی بۆنی چەپکە گوڵەکەی کرد، ئیدی بێ ئاگا بوو لە چواردەوری، ڕاوچی فێڵبازیش بۆ بەجێهێنانی مەرامەکەی، سواری ئۆتۆمبێلەکەی کردو بردی بۆ شوێنە تایبەتییەکەی خۆی، ئەوەی نەدەبا ڕوویدا ڕووی دا، دواتریش وەکو دیاری بردی بۆ سەرۆك باندی فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان، بۆئەوەی ڕۆژانە ماددەی هۆشبەری بە خۆڕایی پێ بدات..

خۆرئاوابوو، کچە نەگەڕایەوە ماڵ، کەسو کاری ترسیان لێنیشتو خەمو پەژارە تەواوی ماڵەکەی داگرت، شینو گریان بووە هاودەمی دایکو باوکی، براکانی دەستیان کرد بە گەڕان،

شوێن نەما سەری پێدا نەکەن، بەڵام بەداخەوە بێ ئاکام بوو، لە هیچ شوێنێك سۆراغیان نەکرد..

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەڕانەکانیان زیاتر چڕ دەکردەوە، بەڵام تادەهات زیاتر بێ هیوا دەبوون لە دۆزینەوەی کچەکەیان..

دوای ساڵێك لە دیار نەمانی کیژەکەیان، ڕۆژێکیان بینیان وا لە نزیك ماڵی خۆیانو لەسەر چەقی ڕێگەکە، خوێن لە لووتو گوێیەوە دێتە دەرەوە، ڕووخسارە قەشەنگو جوانەکەی گۆڕابوو بە ڕووخسارێکی زەردی ڕەنگ هەڵپەڕیو، کورد وتەنی: وەکو پەیکەری لێهاتبوو، تەنها ئێسقانەکانی مابووەوە، بەپەلە هەڵیانگرتەوەو بردیان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندن کە چەند کاتژمێرێکە گیانی لەدەستداوە بە هۆی خواردنی لە ڕادەبەدەری ماددەی هۆشبەرەوە..

خوێنەری ئازیز: بەتایبەت خوشکانی بە قەدرو بە حورمەت، ئەوە ئاکامی دروستکردنی پەیوەندییە بەشێوەیەکی هەڵەو بێئەوەی بزانیت بەرامبەر کێیەو بیروبۆچوونو ئیشوکاری چییە، تەنها بە بینینی ڕووخساری ببیتە عاشقو سەوداسەریو کەمەند کێشت بکات، بێگومان ئاکامەکەی لەوە باشتر نابێت..

خوشکی ئەزیزم، پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ تەمەنی هەرزەکاریتدا بکەیتو بە قسەی باقو بریقەدارو درۆی شاخدارو وشە ڕۆمانسییەکان نەخەڵەتێی.. بزانە لە سەر ڕێگاو شەقامەکان، لە نێو بازارو پارکەکان ڕاوچییانێکی بێ بەزەیی هەن، چاوەڕوانی نێچیرێکی هەژارن..

ئەوان هیچ بەزەییان بە ئایندەی تۆدا نایەتەوە، هەوڵو کۆششیان تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیانە، نەك بۆ دروستکردنی هاوسەرگیرییەکی پتەوو کۆبوونەوە لە ژێر ساباتی ماڵێکی خنجیلانەدا..

ئەو پەیوەندییەی کە لەسەر شەقامەکانو نێو پارکەکان دروست دەبێت، دڵنیابە هەر لەوێش کۆتایی دێت.. ئەوە ئەگەر ئاکامەکەی بەشێوەی ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە نەبێت.. ڕاوچییەکان بە جارێكو دووان، بە ڕۆژێكو دەیان ڕۆژ ماندوو نابن، ئەوان بەردەوام دەبن لە هەوڵەکانیان، تا بە مەرامە گڵاوەکانیان شاد ببن، وریابە فێری هونەری نەبیستنو نەبینین ببە، کاتێك دەڕۆیت بۆ بازاڕ، یان بۆ قوتابخانە، یان بۆ هەر جێگەیەکی دیکە، وەڵامی ڕاوچی سەر شەقامەکان نە بە چاكو نە بە خراپ مەدەرەوە، وابزانە ئەو قسانە نابیستیت، وا هەست بکە ئەو کەسانە نابینیت، سەرەنجام کە زانی هیچ لە هەوڵەکانی لەگەڵ تۆدا سەوز نابێت، ئەو کات وازت لێدەهێنێو کاتی خۆیت لەگەڵدا بە فیڕۆ نادات، دەڕوات بە دوای نێچیرێکی دیکەدا دەگەڕێت..

کەواتە چاوەڕێ بکە تا کەسێکی بە ڕەوشتو ئاکار بەرز لە دەرگای ماڵتانەوە دەست پێدەکاتو ڕاوێژ لەگەڵ کەسو کارت دەکاتو داواکارییەکانت جێبەجێ دەکاتو دەیەوێت پێکەوە لە ژێر ساباتی ماڵێکی خنجیلانەدا کۆببنەوە..



جرا عەلی

کورتە نامە

* لەگەڵ ئەوەی لێم دووری، بەڵام هەرکات دەست لەسەر دڵم دادەنێم، دەبینم لە جێگای خۆیەتی.

* لێی پرسیم: منت زیاتر خۆشدەوێت، یان ژیانت؟ وتم: ژیانم، ڕەنجاو ڕۆیشت، بەڵام هیچ کات نەیزانی هەموو ژیانم بوو.

* لەگەڵ ژنێکدا هاوسەرگیری بکە، کە ئەگەر پیاو بووایە باشترین هاوڕێت بووایە.

* ئەگەر تەواوی ئازارەکانی جیهان بکەیتە قادرمە، دەستت بە سەقفی دڵتەنگی من ناگات.

* گرنگ نییە قوفڵەکانی ژیانمان لە دەستی کێدایە، گرنگ ئەوەیە کلیلەکەی لە دەستی خودای گەورەدایە.

* لەگەڵ دوژمنی دانادا ڕاوێژ بکە، لە دۆستی نەزان دووربکەوەرەوە.

* خۆشبەختی بۆ کەسانێکە ماوەی بیرکردنەوەیان لە بەدبەختی نییە.

* ژیان ئەوەندە هەمیشەیی نییە تا باشتر بوونمان، بۆ سبەینێ دابنێین.

* لە پیرەمێردێکیان پرسی هاوڕێت کێیە؟ وتی: هەرئەوەی کە خۆشەویستییەکەی منی پیر کرد!

* ئێمە هاتووین تا لەگەڵ ئەوەی دەژین نرخێك پەیدا بکەین، نەك بە هەر نرخێك بێت بژین.



تاسەی دڵ

گەرمیانی

garmeyani@yahoo.com

دڵ وڕکی دەری یاری لە من گرتووە هاوار
گەر بیبەم ئیتر نایەتەوە، نەیبەمە سووتێ! -کوردۆ-

لە تاریکترین شەوانی دەیجورا دێمە دەرێو لە دووت دەگەڕێم، دەگەڕێـم بۆ بۆنی نانو بۆنی بـوونو بۆنی نمەی باران، دەگەڕێم بۆ ڕووخسـاری نورینت، دونیای خـۆم جێدێڵمو بەرەو دونیای تۆ ڕادەکەم!

هەموو شەوێ خەو بە دزییەوە دەمرڤێنێ، چونکە دەزانێ من بێ تۆ ناتوانم بنووم!

تا ئەو کاتەی ئەو زەفەرم پێ دەبات، لەگەڵ ناسری حیسامیدا دەڵێم:

شنەی یادت لە بێشەمدایە ئەمشەو
بە نەرمی هەڵدەکا ئەو بایە ئەمشەو
لە دیدەم، ئەشکی ڕوون ڕێگا دەپرسێ
سەفەر گوایە بەرەو دەریایە ئەمشەو
دەڵێی فەرهاد چووەتە خەونی شیرین
لە کێوی بێستون دەنگ نایە ئەمشەو
بە شادیت، هەر گڕی مۆم بوو سەمای بوو
لە ژووری بێ چرا، سەرمایە ئەمشەو
کە تۆ بووی، مانگ لە نێو گۆمدا مەلەی کرد
لە پشت هەورە، لە ڕووی هەڵنایە ئەمشەو
وەرە، وە زمانی بێنەو بیدوێنە
کە پەنجەی تۆی دەوێ ئەو نایە، ئەمشەو
لە ناخیدا هەزار گۆرانی مەییوە
لە بێ تۆیی، پشووی دەرنایە ئەمشەو
بە خاکو خۆڵ دەخافڵێ تفڵی بێواز
دڵم سەرپاك لە خۆڵتدایە ئەمشەو
پەرو باڵی وەریوەو عار نانێ
مەلی تۆفان، چ بێ پەروایە ئەمشەو

هەنگاونانی دڵ بۆ دەفەری ڕۆح، سەفەرێکی شکۆدارە بەرەو گەنجینەی هەموو هیواو ئاواتو خەونەکانی دڵ، گەیشتنە بە ژووانی ئەو ئەوینەی کە سەرچاوەی هەموو خۆشیو لەزەتەکانی ڕۆحە، دووریو درێژی ڕێگا گرنگ نییە، وەرینی گوڵزاری تەمەن مەسەلەیەك نییە! گرنگ نییە تا دەگەمە تۆ چەندم تەمەن دەمێنێ، ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە کە ئەو تەمەنەی ماومە لەگەڵ تۆی بەسەر بەرم!!

چونکە من لەو ڕۆژەوە پێت ئاشنا بووم لە نێوان دوڕیانێکدا خۆم یەك لایی کردۆتەوە، یا تۆ دەبێت هەموو خۆزگەو ئاواتەکانی من بی! یان هیچێ!

ئیتر لەو ڕۆژەوەی ڕا، دڵ وەکو دێوانەیەك سالیکی ڕێگای ئەوینی تۆ بوو!

بێ نووری ڕووخساری تۆ کونجی دڵم تروسکەیەك بەدی ناکا!
هەموو سینەم بە عیشقی تۆ وەکو کوانوو بڵێسەی بوو
کە تینی پێ نەما ئیدی، هەموو هەر خۆڵی بەربایە. -حیسامی-

ئەو دڵەی کە بۆتە لانەی ئەوینی ئەبەدی، بۆ دیداری ڕووخسارت هەمیشە کاری سوتانو هەڵقرچانە، بێ یادی ئەو ژیان ماڵاوایی لێ دەکاتو ئاوەدانی تێیدا وجودی نامێنێت!

بە شوعلەی شەمعی ڕووخساری دەسوتێ دڵ وەکو فەقنەس
وتم پەروانەیە، یا ڕەب، نیە وا بانگو هاواری -تاهیر بەگ-

چونکە دووری تۆ تەنها دووری لاشەیە، وەلێ تابلۆی سیمات لە نێو دیدەمدا نەخشێنراوەو بە دیواری دڵمدا هەڵواسراوە، هەرچەندە بە جەستە نەمتوانیوە غولامی دەوری شەمعی ڕووخسارت بم، وەلێ ڕۆحم پەروانە ئاسا دەستەو دامێنی سوچی ژێر پێتە!

هەرچەندە بە جیسمانی کە دوورم لە حوزورت
ڕوحیانەتت سەبتە لە نێو دیدەی تەڕما -حەریق-

شەوانە سەیلی سروشكو ئەوجی مەوجی حەسرەت، دەگاتە حەرەمی موحتەرەمت، ئاو پرژێنی سەرای حوسنی تۆ دەکاو نامەی سکاڵات بۆ دێنێو دەکەوێتە پابۆست!

لە باوەشما دەدا مەوج ئەشکی حەسرەت
کەمەرتی گرتە باوەش تا کەمەرچین! -مەحوی-

شەوانە هەناسەی سەردو هەنیسکی بە کوڵو قرچەی لێوو سوتانی دڵ شیوەنو ماتەمی عومرێك لەدووریو تەنیایی سازدەکەن! ئەو شەوانەی هێندە دەگریم، خەریکە گلێنەی چاوم بەسەر ڕوومەتی زەردما دێتە خوارێو بینایم لێڵەبێ، هیچ ڕۆڵەمردوویەك ئەو شینەی من ناکات، هیچ جەرگ سوتاوێك ئەو هاوارە گەروی ناتاسێنێ!

ئاخر من تا تۆم دۆزییەوە خەڵوزی پرچم بوونە بەفر، دەیان ساڵە بۆ حەکیمێك دەگەڕام وانەی ئەوینم بۆ ئەدا کا، جگە لە تۆ مامۆستایەکی دیم بەدی نەکرد! لەو ڕۆژەوە ئەو کەسەم دۆزییەوە کە لە بێدەنگیم دەگات زێتر لە قسەکردنم، خۆشی دەوێم بێبەرامبەر، ئاواتی قوربانیدانو بەخشینە نەك وەرگرتن، لە پێناوی مندا دەژی نەك بیەوێت لە پێناویدا بژیم!! ئیتر من بێ ئەو حیکمەتێك بۆ وجودم نەما، ئیدی ئاوابوونی خۆری چاوەکانی تۆم وەکو ڕۆژی قیامەت دەهاتە پێش چاو!

ئەو کاتەی کە تۆش بوویتە هاودەمی ڕۆحی منو چاوەکانت وەکو چاوانی من لە خەمدا ئەسرینیان دەڕشتو گوڵزاری ئەوینیان ئاودەدا، ئیتر من دنیام لێ ئاخر دەبوو!

چاوت کە چرای جوانییە هێند پڕ خەمە سوتێ
پێم وابێ کە ژین ئاخرە گشت عالەمە سووتێ -کوردۆ-

ئیتر ناتوانم واز لە چاوەڕوانی بێنم،
ئیتر ناتوانم نکوڵی لە مێژووی بوونم بکەم!

من ئامادەم هەموو عومرم بە چاوەڕوانی بەسەربەرم، بەڵام دڵنیام ڕۆژێك هەر دەبێت وادەی هاتنت ببەیتە سەر، ئیتر نەهاتیو نەهامەتی دووریت دەبڕێتەوەو چیدی ناڵێم:

لە پاش چەند وەعدە قەت جارێ نەهاتی
ئەمیش بۆ من نەهاتی بوو، نەهاتی!
کە تۆ صەیادی، من صەیدی بریندار
حەقی من بوو هەڵێم، تۆ بۆ هەڵاتی؟ -کوردی-

تۆ دەلیلی منی، وەرەو دەستەکانم بگرە، بەرەو کەناری دڵنیایی، دە وەرەو بەزەییت بە حاڵی مندا بێتەوە، وەرەو شەوێ سەرێ بدە لە کوڵبەی ئەحزانی منو ببینە چۆن تاسەی تۆ دەمکوژێت؟!

وەرە با تێر لە باوەشتدا بگریم، سنگم خەریکە شەق دەباو، گەردم خەریکە دەتاسێ، دە وەرەو چیدی دڵم مەشکێنەو بە گەورەیی خۆت سەرێك لە کونجی تاریکی دەروێشەکەی خۆت بدەو بە ئیلتفاتێکی لەتیفی خۆت دڵی سوتاوی بەندە خۆشکەو شەوەزەنگ بگۆڕە بە ڕۆژی ڕووناك، خەندە بگێڕەوە بۆ لێوی وشکم.......

دڵم مەشکێنە گەنجینەی خەیاڵی خۆشەویستیتە
بە عەشقی ئەو هەموو عەشقە لەگەڵ دڵدا موداراکە
لە تاریکی شەوا وەکو ئەستێرە خۆ دەرخە
بە زۆری ڕۆژی نوری ڕووت، سەرا غەرقی سورەییاکە -فانی-

مەولانای ڕۆمی دەڵێت: خۆشەویستی، تاڵی دەگۆڕێ وە شیرینی، خۆڵ بە زێڕو دەرد بە دەرمانو نەخۆشی بە نیعمەتو غەزەب بە ڕەحمەت!

ئەوین ئاسن نەرم دەکات، بەرد دەتاوێنێتەوە، ئەو ئەوینەی ئاوێتەی خوێنی ئەویندار بووە، تێکەڵ بە شادەماری دڵبووە، خۆری هەرگیز ئاوا نابێتو گوڵزاری هەرگیز زەرد نابێت!

ئەو کاتەی ئەویندار خودی خۆی لە یاد دەکاتو وجودی خۆی فەرامۆش دەکاتو لە ڕوحی ئەودا دەتوێتەوە، ئیدی بێ ئەو ژیان زۆر سەختە بێت، ئیتر ناتوانێت بێ یادی ئەو بژی، بێ وێنەی خەیاڵی ئەو پێڵوی چاوەکانی بکاتەوە...

زمانم شەق دەبا یەك دەم ئەگەر بێتو نەبا ناوت
بە کوێری دادەنیشم گەر لەبەرچاوم نەبێ چاوت -حەمدی-

ئیدی من جگە لە ئەوینی تۆ ئەنیسێکی دیم نییە، هەرگیز دەست لەو ئەوینە بەرنادەم، داوای دڵی خۆم ناکەمەوە تا ئەو کاتەی ڕۆحم دەسپێرم، ئیدی کونجی میحنەتو خەڵوەتگەی ئەوین چۆڵ ناکەم، گریانو هەڵقرچانو سوتان، لەززەتی ڕۆحو سەعادەتی گیانە!

تەواوی فەخرو گەورەییە بۆ من بتوانم ببمە سوتووی ئاگردانی ئەو ئەوینە موبارەکەو لە ڕیزی غولامانتدا دەستەو نەزەر چاوەڕوانی وادەی تەسلیمی ڕۆح بم!

وتم: عیشق ئاگری گرتە وجودم
وتی: هەر بابەتی سوتانە خاشاك -مەحوی-

بەڵام بەدەم ئەو سوتانەوە ڕۆحم دێتە سەما، بەدەم ئەو گریانەوە سۆمای چاوم فیردەوسێك بەدی دەکات کە چرکەیەکی بە هەموو موڵکی دنیا نادەم، لەو ڕۆژەوە عەبیری هەناسەت ناخی مەست کردوم ئیدی بارانی فرمێسكو ئازاری ئینتیزار ئەداکردنی کەمترین ئادابی مەحەببەتە!

ئەی سروەی ڕۆحو سەرچاوەی بوونو سرودو درووودی وجودو بەستەی دڵم، ئەی چرای دیدەو مەرهەمی برینو هەتوانی سینەی بریندارم، لە چاوەڕانیت ماندوو نابم..

پەیمان بوو کە بێیتو بە تەمابم شەوو ڕۆژێ
وا عومری تەمابوون، بە فەناچوون، چووە ساڵێ -کوردۆ-

تاسەی من بۆ تۆ، تاسەیە بۆ نیشتمانی ڕۆحو دەریای گوڵاوو گوڵزاری عومرو شەکرستانی هەموو خۆشیو لەزەتەکانی ڕۆح، سەرمایەی موڵکی سەرمەدیو گەنجینەی نەبڕاوەو سەفەری ئەوینە، فڕینە بەرەو وڵاتی هەورو دەفەری شەونمو ساباتی میهرو باوەشی حەوانەوەو دەریای پەپولەو هاودەمی ئەستێرەکان...

مامۆستا گیان؛ شەوانە تا تێر نەگریەمو سینەم بە پروشەی فرمێسکی دیدەم گوڵاوپرژێن نەکەم خەو ناچێتە چاوم، تا هەموو شەوێ سکاڵای دڵم بۆ لای عەرشی خودا بەرزنەکەمەوە، ئۆخژنی دڵم نایەت! ئۆقرە ناگرم گەر شەوێك بوخچەی ڕازو نیازی خۆم بۆ خوداوەند والا نەکەم، هەرچەندە دەزانم هەموو شتەکان لای ئەو کردگارە مەزنە والایە! بەڵام من کێم هەیە جگە لە ئەو تا سکاڵاو شەکوای دڵی خۆمی لا بکەم!؟

من شەرمەندەم بەرامبەر خوداوەندی خۆم..... پشتم لە ژێر کۆڵی گرانی تاوان چەمیوە، دەڵێم بەڵکو خودا بە فرمێسکەکانم لاپەڕە ڕەشەکانی تاوانم بۆ بسڕێتەوەو لێم ببورێ....!!

ئازیزم خۆزگەم بە خۆت.. هیوادارم چاوەکانت لەو چاوانەبن کە هەرگیز وەبەر گڕی دۆزەخ ناکەون، پێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموێت: «عينان لا تمسهما النار، عين بكت من خشية الله، وعين باتت تحرس في سبيل الله». واتە: دووچاو ئاگریان ناگاتێ، چاوێك لە ترسی خودا گریا بێت، چاوێکیش لە پێناوی خودادا پاسەوانی کردبێت! الترمذي باسناد صحيح.

لەو موژدەیەش خۆشتر، یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەی کە لە ڕۆژی دواییدا لە ژێر سێبەری عەرشی خودادان، ئەو کەسەیە کە پێغەمبەر دەفەرموێت: «ورجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه» البخاري ومسلم.

واتە: کەسێك لە تەنیاییدا یادی خودای کردوو لە تاسەو شەوقی دیداری ئیلاهیو هەیبەتو جەلالی خوداییدا ئەسرین بە چاوانیدا هاتنە خوارێ، چونکە ساتەکانی یادی خودایی‌و خەڵوەت لەگەڵ خوداو موناجاتی ئیلاهی تەزوو بە ڕۆحدا دێنن‌و ناخی مرۆڤ دەهەژێنن!!

ئەو دڵۆپە فرمێسکانە ئەزیزم لای خوداوەند زۆر بەنرخن، دەزانی خودای گەورە چەندی خۆشدەوێن؟! فرمێسکو ئەسرین پەیامی ئەوینی ڕۆحە! ڕەجاو پاڕانەوەی دڵە! ئای کە هەڵبەستێکی سەیرە بێ هیچ پیتێك هەموو هەستەکان کەمەند کێشەکات!!

دەزانی پەیامبەر چی دەفەرموێت؟!

دەفەرموێت: «هیچ شتێك لای خودا لە دوو دڵۆپ خۆشەویستر نین! دڵۆپێك فرمێسك لە ترسی خودا، دڵۆپێك خوێنی ڕژاویش لە پێناوی خودادا!

عەبدوڵای کوڕی عومەر دەفەرموێت: «فرمێسکێك بڕێژم لە ترسی خودا، پێم خۆشترە لە بەخشینی هەزار دیناری ئاڵتون لە پێناوی خودادا.

کەعبی ئەحبار دەفەرموێت: «گریانم لە پێناوی خوداو فرمێسك ڕشتنم پێخۆشترە، لەوەی کە بە کێشی خۆم ئاڵتون بکەم بە خێر!»

گریان ئازیزم، هێمن بوونەوەی ڕۆحە، ئارامگرتنی دڵە، ئاسودەیی بێ سنورە، گریانە بۆ دیداری ئیلاهی «من أحب لقاء الله، أحب الله لقاءه».

ئەوەی شەیدای دیداری خودایی بێت خوداش شەیدای دیداری ئەوە!

ئەو گریانە هەڵقرچانە لە دووری مەحبوب، کڕوزانەوەیە لەبەر دەروازەی میهری خودایی...

لە خانمی یەکەم، خاتوو عائیشەی خۆشەویستی پێغەمبەریان پرسی: سەیرترین شتێك کە لە پێغەمبەرت بینیبێت چی بوو؟!

دوای ساتێك بێدەنگی‌و گەڕانەوە بۆ گوڵاڵەی یادگارییە جوانەکان لەگەڵ ئازیزدا، گوتی: شەوێك لە شەوان فەرمووی:

عائیشە لێم گەڕێ با ئەمشەو خەریکی خودا پەرستی بم، منیش گوتم: بەخودا من حەزم لە نزیکی تۆیە! وێڕای ئەوە حەزم لەو شتەشە کە تۆ پێی دڵخۆشی!

پاشان هەڵسا دەستنوێژی هەلگرتو ڕاوەستاو نوێژی دابەست!

لەدوای وی دەستی بە گریانێ کرد تا کۆشی تەڕبوون!

پاشان دانیشتو هەر دەگریا، تا ڕیشی تەڕبوو!

پاشان گریا تا فرمێسکەکانی ڕژانە سەر زەوی!

لە دواییدا بیلال هاتو کاتی بانگی بەیانی پێ ڕاگەیاند، بەڵام کاتێك بینی دەگری!! گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، ئەوە دەگریت، لە کاتێکدا خودا لە گوناهی لەوە پێشو لەوە دوات خۆشبووە؟

پەیامبەریش فەرمووی: ئەی نابێت من بەندەیەکی سوپاسگوزاربم؟!

ئەمشەو ئایەتێکم بە سرووشی خودایی بۆ هاتووە، هاوار بۆ کەسێك بیخوێنێتەوە، بەڵام بیری لێ نەکاتەوە!

﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ آل عمران.

خۆزگەم بەو بەندەیەی هاودەمو هۆگری قورئانی پیرۆزە



نامە نوریەکان

لەگەڵ خوێندنەوەی پەیامی خوداوەندا هۆن هۆن فرمێسك وەكو دەنكە مرواری بەسەر گۆنایدا دێنە خواری!!

ئازیزم وشەکانی قورئان، وتەی ئەویندارى گەورەن، فەرمودەی حەبیبی دڵن، گوڵاوی وشەگەلێكن كە هەرگیز لەوان خۆشتر نەبیستراوە! چی چرپەیەك خۆشترە لە چرپەی ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر.

ئەنەس دەفەرموێت: پەیامبەر «درودی خوای لێبێت» وتاری دەدا، وتارێك كە هەرگیز گوێبیستی وەها وتارێك نەبووبووم دەیفەرموو: ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بە گەورەیی خوداو سزای بۆ تاوانبارانو سەختی ساتەکانی مەرگو نێو گۆڕ، ئێوە بتانزانیبا ئەوە کەم پێدەکەنینو زۆر دەگریان!!

ئەنەس دەفەرموێت: هاوەڵانیش ڕووخساری خۆیان داپۆشیو دایان لە پڕمەی گریانێكی بەكوڵ. البخاري.

یەكێك لە پیاوچاكان ڕۆژو شەو فرمێسكی چاوی ڕانەدەوەستا!

لێیان پرسی: بۆچی وا دەگری؟!

لە وەڵامدا گوتی: دەترسم خودا منی لەسەر گوناهێك بینیبێتو پێی گوتبێتم: بڕۆ من لێت توڕەم!

یەزیدی ڕەققاشی هێندە دەگریا پێیان گوت: ئەگەر ئاگر تەنها بۆ تۆ دروستكرابا، لەوە زێتر نەدەگریای، بۆ وا دەكەی؟

ئەویش گوتی: ئەی ئاگر هەر بۆمنو هاوشێوەکانی من لە مرۆڤو پەری دروست نەكراوە!؟

فوزالەی سەیفی زۆر دەگریا، لە خێزانەكەیان پرسی: ئەوە بۆ وا دەگریی؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: سەفەرێكی دوورو درێژی لەبەرەو توێشووی بۆ ئامادە نەكردووە!

سفري بعيد وزادي لن يبلغني
وقوتي ضعفت والموت يطلبني
زين العابدين

خالیدی سەدوسی دەڵێت: باوكم كە هاوڕێیەكی نزیكی سوفیانی سەوری بوو، بۆی گێڕامەوە دەمەو نیوەڕۆیەك بۆ سەردانی سوفیان داوای مۆڵەتم كرد منیش چوومە ژووریو بینیم وا دەڵێت:

﴿أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ ...... ﴿٨٠﴾﴾ الزخرف.

واتە: تاوانباران وادەزانن ئێمە چرپەو ڕازو نهێنییەكانیان نابیستین؟ ئەویش دەیگوت: بەڵێ پەروەردگار، بەڵێ پەروەدگار!

پاشان هەنیسكی دەداو دەگریاو تەماشای سەقفی ژوورەكەی دەكردو فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتنە خواری!! تا ماوەیەكی زۆر دانیشتم، پاشان ڕووی كردە منو گوتی: لە كەیەوە لێرەی؟ هەستم بە هاتنت نەكردبوو!!

ئازیزم.. ناچارم كۆتایی بە نامەكەم بێنمو جێت بهێڵم، ئێستا لای ئێمە دەمەو ئێوارەیە، هەور بەری ئاسمانی گرتووە، لەو كەشوهەوا خەمگینەیە كە تۆ حەزی پێناكەی، هیوادارم ئێوارەی ژینی هیچ كاممان وەها كپو بێدەنگو بێ چرا نەبێت، هیچ پەڵە هەورێك تیشكی نورمان لێ نەشارێتەوە!!

لەگەڵ دوا وشەی ئەم چەند دێڕە شیعرەدا ماڵاوایت لێ دەكەمو هیوادارم لە دوعاو نزای سەحەرو فرمێسكی شەو بێ بەشمان نەكەنو لە پەراوێزدا بۆ بەندەی زێدە گوناهبار لە پەروەردگار لەگەڵ جەمعی ئەهلی ئیمانا داوای لێخۆشبوونو عەفووی ئیلاهی بكەن...

ئێوارەی ژین بەسەردا هات ناچاری بازاڕ هەڵگری
بەرەو ماڵی گۆڕی تارت بە تەنها ملی ڕێ بگری
گوناهت كرد تامی ڕۆیی سزاكەی وا چاوەڕێتە
دە فرمێسكی پەشیمانی هەڵوەرێنە هەتا دەمری.

ع.ش.شێركۆ

نامەی بیستو پێنج



لەگەڵ هەردی شاعیردا

زۆر کەرەت هانم ئەدا، داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆ تی هەڵڕێژم، سکاڵای ناسکی گەرمو گوڕم
داخەکەم، کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ، هیچ دەربڕم..!
بوکی ڕازاوەی خەیاڵم! گیانەکەم ست فاتمە!
گوێیە بۆ ئەم ڕازە شل کەی، ئەوپەڕی ئاواتمە..

«هەردی» ناوی ئەحمەدە کوڕی حەسەن بەگی کوڕی عەزیز بەگە، ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی لە دایکبووەو ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە هەردی خاوەنی یەك دیوانی شیعرە بە ناوی ڕازی تەنیاییو لە (١٧) قەسیدە پێکدێت، بەڵام وەکو مامۆستا گۆرانی شاعیر دەڵێت: «هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتیە لە شیعری کوردیداو شوێن دەستی لە هەڵبەستەکانیدا دیارە».

شیعرەکانی هەردی لە ڕووی ناسکیو مانای بەرزو سۆزی شاعیرانەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو ئەدەبدۆستان هەست بە چێژێکی تایبەت دەکەن لە خوێندنەوەیدا.

من ئەوینم هینی عومرەو هی خەوی شەوگار نییە
وەك خەوی خاوەن تەلارو خاوەنی دینار نییە
هەبووەو هەرگیز ئەمێنێ، هینی جاروبار نییە
ئاوی لێڵی کوێرە شیوێ، چەشنی هی ڕووبار نییە
جا ئیتر من وا قسەی خۆم پێگەیانی بێ درۆ
حەز ئەکەی هەروەك پەپولە، ڕوو لە ئاگرکەو بڕۆ!

کەم کەسیش هەیە ئەم هەڵبەستەی نەبیستبێ....
لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!
نییە دەستێ، دەرمبێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ، سەری کاسم، بێنمە سەردڵی نەرمی!
کە هیلاکی لەشم دەرکا، خەوی سەرباوەشی گەرمی
ئەگێرم چاوی بێ تینم، بە تاریکی شەوا، سەرسام
نییە پرشنگی دوو چاوێ، کە ڕووناکی بکا ڕێگام!